کـــوردۆعـه‌لی

ســـۆنـیـه‌ت

و

بزووتنـه‌وه‌ی نـیـشـتـمـانی ی کـــورد

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

هه‌لسه‌نگاندن و پێداچوونه‌وه‌یه‌کی ڕه‌خنه‌گرانه

به‌ کارنـــامـــه‌ی دوکـــتـۆراکه‌ی

کاك (فازڵ مه‌لا مه‌حمود) دا

١٩٨٦

گـــرلا لـه يـــه ك

بـــۆ تـــۆ ترکـــيـك نۆر شـــتـا يـه وه

ده ســـتی ماچ کـــــــرد

که لێ بـــۆ وه و هه ســـــــتـا يـه وه

ره نـگی ســـــــــوری

رژا بـــووه ژێـر پـێ ی تـــوتـرك و

هـه تـــــا مـــــــــردن

بـه ئا هی ره نـگی زه ردە وه

تـــــــــــلا يـه وه

پێشەکی

((میللەتانی زۆرلێ کراوو بێ دەرەتان ، پەلاماری هەردە ستێك دەدەن که بە نیازی دۆستایەتی بۆیان دڕێژکرێت . ئێمە ئەوردە ستە تەنها ناگوشین ، بەڵکە ماچیشی دەکەین)) .

پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) لە کاتی سەردانەکەی (باکۆ) ی لە پایزی د١٩٤٦ دا ، ئاوها راستگۆیانە و بێ پەردە و تامەزرۆ لە بەرامبەر (باقرۆف) دا دێتە وەرام . ئەو گوتانەی کە تك تك ئاوات و ئازاری لێ دەچۆڕێت ، پێم وایە تەعبیر لە هۆش و هەست و ویژدانی گشت کوردێکی بە شەرەفی بە تەنگەوەهاتووی مەسەلەی میللەتە بێ دەرەتانەکەی دەکات .

میللەتانی ماف خوراو و بێ شێل کراو ، بە تایبەت میللەتێکی گەلە کۆمە لێ کراوی وەك کورد ، لە گشت لایەك زێتر چاو لە دوو هیوا خوازی دۆستی راستەقینەن . بە تایبەت گەر ئەو دۆستە بە پێی بانگاشەو گوتەی ئاڵ و والای نێوکتێبە ئەستووره دەق نە شکاوەکان بێت ، هێزێکی پێشکەوتووخواز و پشتگیری کەری گەلانی چەوساوە وژێر دەستە بێت ، هاوسێیەکی بە دەستەلات و بە توانای کورد بێت . ئاشکرا شە ئەرکی راگرتنی دۆستایەتی ، کەمتر بە گەلانی بێ هێز و لارەملی ئەو دۆستایەتی یە هەڵدەستێت ، گەلەك جار دەبێتە لۆقە کردن بە دووی سەبوون وسەراب دا .

بریا و صەد خۆزیا سۆقیەت دۆستی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی میللەتەکەمان بایە ، دۆستێکی راستەقینە و تا سەریش بایە . ئاخۆ لە مێژ نەبوو میللەتەکەمان لە خەم رەخسی بوو ؟ بەڵام کورد جوانی فەرموو ه

(داری بـــــــریـــــا یێ بـــــــــه ره) .

به بروای ئێمه ، لەمپەری دوژمنایەتی گرتن له شـــووره‌وی‌ی ، چەنـــــــده هەڵەیەکی کوشـــندەیە ، زێدەڕەوی و ســـنگ کوتانی خۆڕاپـــی و دووی تراویلکە کەوتنی ئەو دۆســـتایەتی یەش ســـەکتەیەکی هێندە زیان بە خشـــە له بزووتنەوەکە دەدرێت . بۆیە پێویســـتە گشـــت رووداوێك و هەڵوێســـتێك و پێشـــهاتێك بە پێوانەی واقیع کێشـــانە بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .

ئەوانەی پێیان وایە زل هێزێکی وەك ســـۆڤیەت ، بە بەیاننامەیەك یا گوتارێکی ســـادە و ســـاکار ، دەست بەرداری گشـــت بەرژەوەندی‌یەکانی دەبـــــــت و له پیلی کورد دەنەوێت و بە پەرێژی ئازادی‌یدا دەکات ، هێندە له سیاسەت دا سافیلکە و نابینا و ناکاملن ، کە ئومێدی چاوکردنەوەیان لێ ناکرێت .

ئێمە قەت و قەت نالێین ســـۆڤیەت دوژمنی کوردە ، بەڵام پێمان وایـــــــــە دۆســـتی یەکەمی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیەتی . کە گەلەك جار هەڵپـــــــــەی ســـوگەر کردنی ئەو بەرژەوەندی‌یانە ، هەڵوێســـتی وای پێ وەبەر دەگرێـــــــت کە له دۆســـتایەتی دا بشـــۆردرێت و ســـەر بە خانەی دوژمنایەتی یـــــــدا شـــۆڕکاتەوە . خۆدەبێت ســـنووڕێك له نێوان دۆســـتایەتی و دوژمنایەتی یدا هەبێت . ئایا چۆن جوداوازی له نێوان (دۆستایەتی) ئەوکۆمەك و یارمەتی و پشـــتگیری‌یانە دا بکەین کە ســـۆڤیەت و وڵاتانی پەیمانی وارشـــۆ له ١٩٧٢ەوە بە رژێمی بەعســـی رەگەز پەرســـتی عێراقیان دەکرد ، لەگەڵ (دوژمنایەتـــی) ئەو کۆمەك و پشـــتگیری‌یانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و وڵاتانی پەیمانی نـــــاتـــۆ بە رژێمە رەگەز پەرستەکانی ئێران و تورکیایان دەکرد ؟ ئەی خودا نەکـــــرد ە گەر عێراق پشـــتی تێ نەکردنایەو تا ئێســـتا ئەو رووە دۆســـتانە ساختەیەی

هەر نیشـــان دانا هـــــــه ؟

هەندەك ســـافیلكه و بێ ویژدان كه زۆریان بوو دەهێنیت ، زۆر سووك و ئاسان دەلێن (ئاخر دەبێت بەرژەوەندی ووڵاتێكی وەكی سۆڤیەتیش بخوێنیتەوە) . ئێمه بابی پێویســت له بەرژەوەندی ووڵاتان تێ دەگەین . بەڵام كه هەڵچنینی ئەو بەرژەوەندیانه له ســەر حســێبی میللەتانی دیكه تەواو بوو ، كه له پێناوی‌یدا گشــت داب و نەریت و یاســایەك ژێر پێ خرا ، ئیدی ســنوور له نێــــوان دۆســتایەتی و دوژمنایەتی ، چاكه و خراپه دا نامێنێت . كه بەرژەوەنــــــدی‌ی پەرســـتن تا ئەو رادەیه رەوا بێت ، ئیدی مافی گلەیی و گازندەمان له ووڵاتانی ئیمپریالیزمیش نامێنێت . ئەوانیش له پێناوی بەرژەوەندی‌یه گڵاوەكانی خۆیــان دا گشــت رێگەیەكی ئەخلاقیانه وەبەردەگرن .

كەواته دۆســتایەتی ووشــەی ســیاسەڵه و بێ گیانی ســەر پەرەكـــــــون و زەردهەڵگەڕاوەكان نی یه ، خۆهەڵدانەوەی پڕ باق و بریقی نێوكتێبه ســـــووره دەق نه شــكاوەكان نی یه ، مەمكەمژەی دەمی شــیرمخۆرەكانی ســیاسەت نی یــه . دۆســتایەتی مامەڵەیه ، هەســته ، هەڵوێســته ، رەفتاره ، كردارە .

ئەم نامیلكەیەی لەبەر دەســتت دایه ، پێش چاوخســتنی بە شـــێكـــه لەو لێكۆڵینەوە زانســتانەیەی كاك (فازڵ مەلا مەحمود) دەربارەی ئەو لایەنــه زۆر گرنگەی بزووتنەوەی كوردایەتی نووســیویه ، كه به بڕوای من شــاكارێكـــــی كەم وێنەیه و نووســەرەكەی دەســت پێشــكەرێكی كارامه و جەربەزەی ئەو مەیدانەیه . ســەركەوتنی كارنامەكەی كاك فازڵ تەنها له بۆچوون و هەڵشــێلانه زانستانەكەیەوە تێ ی ناروانرێت ، بەڵكه لەو ئازایەتی یه ئەدەبی یه شــەوه كه نووســـــــەرەكـــەی لەم بارە شــێواو و گێژاوەی ســیاسەتی كورد دا ، زیرانه خۆی له قەرەی باســێكی

ئاوها داوه و لێ هاتووانه گشت جه مسەرێکی مه سەلەکەی تۆێژیوەتەوه و هەڵیتەکاند ووه و هەڵیسەنگاند ووه .

هەر ئەو بایەخ وگرنگی یەی مه سەلەکه و ئەو سەرکەوتووبی یەی کارنامەکەی کاك فازڵ منی هان دا بەم نامیلکەیه پێیدا بچمەوه و شەن و کەوێکی بۆ خوێنەری کورد بکەم . ئەز لەم ئەرکەم دا سێ مەبەستم پێش چاو گرتووه :

١ــ ناساندنی ئەم شاکاره به خوێنەری کورد و پێشکەش کردنی چەند باقەیەك تا خوێنەر به بەرهەمەکه ئاشنا بێت .

٢ــ بەرچاو خستنی هەندێ باری سەرنجی جود اواز له بڕیك مه سەلەدا که کاك فازڵ شیکرد ووەوه و تۆێژیونی یەوه .

٣ــ راست کردنەوەی چەند هەڵەیەك که له خوێندنەوەی ئەم شاکارەدا بەرچاوم کەوتوون و هەستم پێ کرد وون ، که به بڕوای من به هیچ جۆرێك له نرخ و بایەخی ئەو ئەرکه مەزنه سەرکەوتوانەیەی کاك فازڵ کەم ناکەنەوه .

سەرەتا که کارنامەکەم خوێندەوه ، هەندە تێبینی یەکم تۆمار کرد ، بەو نیازەی پاشان پێدا بچمەوه و پاکنووسی بکەم و گوتارێکی بۆ گۆڤارێك لێ پوخته بکەم . به نامەیەك ، دەستخۆشانه و پیرۆزباییم له کاکی نوو سەر کرد و لەو بارەیەوه ئاگادارم کرد و ئامادەیی خۆشم بۆ گشت کۆمەکێك دەربڕی گەر له پاشەڕۆژدا کارنامەکەی بکاته کوردی . چونکه پێم وایه کردنه کوردی ئەو شاکارە پێویستی یەکی هێجگار پێویست و پیرۆزه .

کاك فازڵ شادی خۆیی دەربڕی که به چاوی رەخنەوه کارەکەیم خوێندەوته و داوای لێ کردم که پاشان وێنەیەکی ئەو گوتارەی بۆ بنێرم .

کاتێك دەستم پەرژا و به تێبینی یەکانمدا چوومەوه و جارێکی دی بەوردی کارەکەم

خۆینده‌وه ، دیتم هه‌ڵسه‌نگاندنی شاکاریکی ئاوها ، له‌ویزه‌ی گوتاریك‌دا نیه و ئه‌وئه‌رکه‌ی پێ هه‌ڵناسێت . بۆیه بریارم دا هێنده‌ی له توانام دا بیێت و مه‌ودا هه‌بێت به دووی دا بچم و دڕێژی بکه‌مه‌وه و به شێوه‌ی ناسیلکه‌یه‌ك پێشکه‌ش به خۆینه‌رانی کوردی بکه‌م .

ده‌بێت ئه‌وه ئاشکرا بکه‌م ، که گه‌لێك جار له راگوێزانی باقه وشا چه‌پکه‌سینه‌کانی کاك فازل دا ، ته‌واو ته‌واو خۆم به ده‌قه ئاله‌مانی یه‌که‌وه نه‌به‌ستوته‌وه . به‌ڵکه هه‌وڵم داوه واتاکه‌ی وه‌ربگرم و به پێی چێژی کوردی دای بڕێژمه‌وه و جوانکاری‌یه‌ك له نووسینه‌که دا بکه‌م . بۆیه ره‌نگه دارشتن و ده‌ربڕینی وای تێدا هه‌بێت که کاك فازل ده‌قاو ده‌ق ئه‌وه‌ی نه‌گوتبێت ، به‌ڵکه من به سه‌لیقه‌ی خۆم دام ڕشتوته‌وه . ئومێد ده‌کەم کاك فازل و خوینه‌رانی به‌ڕێز له‌و ڕووه‌وه بم به خشن .

ماوه‌ته‌وه ئه‌وه‌ی بڵێم ، کارنامه‌که‌ی کاك فازل له هاوینی ١٩٨٥ دا له زانستگه‌ی ڤیه‌ننا پێشکه‌ش کراوه . تێکڕا ٤٠٧ لاپه‌ڕه‌ی قه‌واره گه‌وره‌ی گرتوته‌وه . به سه‌ر ١٠ به‌ند دا به ش کراوه ، که‌من له‌به‌ره‌وه به خه‌تی درشت سه‌ردێڕی هه‌ر به‌ندێکم به کوردی نووسیوه .

بۆ ئه‌م کارنامه‌یه سوودی له صه‌دان سه‌رچاوه وه‌رگرتووه و له پاشکۆدا لیسته‌ی سه‌رچاوه‌کانی تۆمار کردووه . پاشانیش شه‌ش به‌ڵگه نامه‌ی میژوویی و نه خشه‌یه‌کی کورد ستانی وەك پاشکۆیەك خستوته سه‌ر کارنامه‌که‌ی .

جارێکی دی له دڵه‌وه پیرۆزبایی له کاك فازل ده‌کەم و ئومێد ده‌کەم ئه‌مه دوابه‌رهه‌می نه‌بێت و به ده‌یان شاکاری دیکه چاومان ڕۆشن کاته‌وه .

سه‌رکه‌وتنی گشت لایه‌ك و سه‌رفرازی‌ی کورد به ئاوات ده‌خوازم

کـــوردو

سالزبورگ . ئێبته‌مبه‌ری ١٩٨٦

سەرەتایەك بۆ باسەكە

(هەڵبژاردنی ئەم باسە بۆ كارنامەی دوكتۆراكەم ، بریارێكی دژوار بوو . چونكە بابەتێكە زەحمەتە تا ئێستا بەم شێوازە لێی كۆڵرابێتەوە ، جگە لەوەی بارە سیاسی یەكمن لێكۆڵینەوەی بابەتەكە گرانتر دەكات . كە كەم خۆ لەقەرەی ئەم باسە دراوە ، وەنەبێت لە بەر بێ بایەخی بێت . گرنگی یەكەی لەوە دایە كە بە شێك لە مێژووی سیاسی نوێی كورد شی دەكاتەوە و وەكو هۆكارێكی گرنگ لە كێشە مەڵبەندی یەكان و پێوەندی یەكانی نێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا ، هەڵی دەسەنگێنێت) .

كاكە فازڵ یەكەم دێرەكانی سەرەتای كارنامەكەی بەم كۆپلە پڕ لە راستی یە دڵ تەزینە دەست پێ دەكات . لایەنێكی ئاوها گرنگی مێژووی سیاسی نوێی كورد بە فەرامۆشی سپێردراوە و هیچ بایەخێكی ئەوتۆی پێ نەدراوە . ئەوەی دەربارەی نووسراوە ، ئەو بەیاننامە و گوتارە هەرزە و ساكارانەن كە لە سەر رووبەری رۆژنامە و گۆڤارەكانی حیزب و رێكخراوە كوردستانی یەكان و كۆمۆنیستەكانی نێوچەكە بەرچاومان دەكەون . سەرپاكی هەرە زۆریان ، نووسینی پڕوپاگەندەیی بێ بەها و بێ نرخن . هەڵسەنگاندنێكی گێلانەی یەك لانەی بێ پەروا و دوور لە راستین . شاباش و پێداهەڵدانی پڕ دڕوو سەریێ یین تا پاسپۆرتی پێشكەوتنخوازی یەكی ساختەیان بێ بدرێت . زۆربەی هەرە زۆریان نرخی ئەو كاغەزەیان نیە كە تێیدا بە خەسار دراون .

پاشان نووسەر دێتە سەر ژمێری كورد و دەنووسێت : گەلی كورد كە نێزیكەی پازدە ملیۆنێك دەبێت ، گەورەترین میللەتی بێ دەوڵەتی جیهانە پێك دەهێنێت . هەرچەندە پەیمانە نێودەوڵەتی یەكانی پاش یەكەم جەنگی جیهانی

هیوای دەولەتیکیان بە کورد بە خشی ، بەلام کێشەکە هەر بێ چارە سەر مایەوە .

بە بۆچوونی من ، پازدە ملیۆن بۆ ساڵی ١٩٨٥ ، لە چاو سەرژمێرەکانی بەر لە خۆی دا ، ژمارەیەکی کەمە . هەر بۆ نموونە نووسەر خۆی لە رووبکرد نەوەی ئەو سەر ژمێرەدا ، بە پەراوێزی ژمارە (١) ، کە لە لاپەرە ١٣ دا رووبی دەکاتەوە چەند سەرژمێریکی پێش خۆی دەست نیشان کردووە ، کە وا بێ دەچێت نێوکۆیی ئەو ژمارانەی بە دەستەوە گرتبێت . دێرینترینیان سەرژمێرەکەی (لازاریف) ە کە ١٩٦٣ ژمارەی کوردی بە ٢٠ ملیۆن خەملاندووە . نوێترینیان سەرژمێری ئینیستوتیکی ئینگلیزییە کە لە ١٩٨٠ دا ژمارەی کوردی بە ١٧,٢٠٠ ملیۆن قسراندووە . کەمترینیان سەرژمێرەکەی قاسملوێیە کە لە ١٩٦٨ دا کوردی بە ١٢ ملیۆن قەبلاندووە .

لێرە دا بە پێویستی دەزانم بە شێك لەو رایەی خۆم لە تەرجەمەی کوردی (کوردستان و شۆرشەکەی) هەوە بۆ خوێنەر راگوێزم کە لە مەڕ ئەم مەسەلەیە لە پەراوێزی ل ١ دا دەرم بڕیوە : (بە پێی یاسایەکی دیموگرافی ، نەتەوەکان هەر بە بیست ساڵ ، ژمارەیان دەبێتە دووقاتی خۆی . بەو پێی یە گەر کەمترین ژمارەی کورد لە بیستەکان دا وەر بگرین ، لە پێنج ملیۆن ناشێت کەمتر بووبێت. دەنا بەو حسێبە بێت (٢٠ــ٣٠) ساڵێك پێش بیستەکان ، ژمارەی کورد لە ژێر سفرەوە بووە . پارتی (خۆیبوون) لە کۆتایی ١٩٢٠ دا نامیلکەیەك بڵاو دەکاتەوە ، لەو نامیلکەیە دا سەرجەمی ژمارەی کورد بە (٤,٥) ملیۆن دانراوە ، کە ژمارەیەکە عەقڵ قەبوڵی دەکات . کەواتە بە پێی ئەو یاسایەی باسمان کرد ، بەلای کەمەوە ژمارەی کورد لە حەفتاکان دا لە ٢٠ ملیۆن تێپەڕ دەکات). (*)

(*) جەمال نەبەز : "کوردستان و شۆرشەکەی " ، تەرجەمەی کوردی ، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد (سۆکسە) ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ، ١٩٨٥ ، پەراوێزی ل ١ــ٢ .

ئەوجا نووسەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو راستی یەی کە ئەم باسە هێشتا بەم فراوانی یە لێ ی نەکۆڵراوەتەوە . هەندە لایەنێکی تۆێژینەوەی بە خۆیەوە دیتووە ، بەڵام سەرجەم شتی نەکراوەتەوە .

لە ل ٨ و ٩ دا هەندێك لەو سەرچاوە ئینگلیزی و روسی و کوردی وعارەبی یانە دەستنیشان دەکات کە بۆ کارەکەی سوودی لێ وەرگرتوون . دواتریش لە ل ٣٨٩ بە دواوە لیستەی سەرجەمی سەرچاوەکانی ڕێك خستووە . لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوانە دا پەنجە بۆ نامەی دوکتۆراکەی (ویلسن ناثالی هاول) ڕاناکێشێت کە ١٩٦٥ لە زانستگەی فێرجینیا دەربارەی ئەم مەسەلەیە نووسیویە . بڕواشم نی یە نووسەر لێ ی بێ ئاگا بێت و سوودی لێ وەرنەگرتبێت . (*)

هەروەها دەربارەی ئەو گوتارانەی لە سەر لایەنێك لە بابەتەکانی ئەم باسە نووسراون پەنجە بۆ ئەو گوتارەی (ن ــ بێ کەس) ڕاناکێشێت کە لە ژمارە ٢ــ١ ی گۆڤاری (دراسات کردیة) ی ئینیستوتی کوردی پاریس دا لە کانونی دووەمی ١٩٨٥ دا لە ژێر سەردێری (خیارات للسیاسة السوفیتیة تجاه المسالة الکردیة) دا نووسراوە ، کە دوو ئیحتیمال هەیە :

١ــ یا نووسینی خودی نووسەر خۆیەتی بەو نێوەوە .خواستراوەوە .

٢ــ یا نووسینی کاك (سیامەند زەید عوسمان) ە کە نووسەر لە ل ١٣ دا پەنجەی بۆ گوتارێکی بە فەرەنسی نووسراوی لەو بابەتەی ئەو برایە ڕاکێشاوە .

بە هەرحاڵ لێك چوونی تەواو تەواو لە نێوان هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەدا هەیە ، کە هەردووڵا شەن وکەویان کردووە .

لە ل ٩ ــ ١ ، لە دەست نیشان کردنی ئەو سەرچاوانەدا کە نووسەر بۆکارەکەی سوودی لێ وەرگرتوون ، دەنووسێت (نامەو دۆکومێنتە تایبەتی یەکانی ئەرشیفی خۆم کە لە ماوەی

(*) Wilson N. Hawell: The Soviet Union and the Kurds. University of Virginia, 1965.

بیست ساڵ تەجرەبەو چالاکیم لە بزووتنەوەی کورد ایەتی یدا ، کۆم کرد ووندەوە) .

کاتێك دەروانینە ل ٤٠٧ ، دەبینین نووسەر ژیننامەی خۆی نووسیوە و دەڵێت : (لە ٩ ی دیسەمبەری ١٩٥١ دا لە دایك بووە) . کارنامەکەی لە ژونی ١٩٨٥ دا تەواو بووە ، بیست ساڵی ئەو تەجرەبەو چالاکی یەی سیاسی یانەی لێ دەرکەین ، دەمێنێتەوە ١٣-١٤ ساڵ تەمەن . بۆ هیچ ئەوروپایی یەك ، هەتا بۆ هیچ کوردێکیش جێگەی بروا نی یە کە مێر مندالیکی سیازدە چواردە ساڵانەی وڵاتێکی پاشکەوتووی وەکو عێراقی شێستەکان بە بە شەدواکەوتووترەکەی کوردستانیشەوە ، سەرگەرمی چالاکی سیاسی بووبێت و ئەرشیفی تایبەتی کۆ کردبێتەوە . حگە لەوەی کەم مال وخانەوادەی کورد هەن ، لەو مێژووە کورتەی شۆڕشی ئەیلوول دا یەك دووجار کتێبخانەی تایبەتی و هەتا ئەلبومی وێنە و پەرە شریان بە خۆراکی تووتی حەمام نەکرابێت . من پێم وایە ئەو دوو مەعادەلەیە لایەکیان هەڵە بێت . بۆیە دەبێت لە هەندە خۆ رووڵکردنەوەیەك دا هوشیار بین و گوتەکانمان بە تەرازووی ژیر بیژی پێوانە کەین .

لە هەمان لاپەرە دا ، نووسەر ئەوە ئاشکرا دەکات کە چاوپێکەوتنی لە گەڵ هەندەك کەسی ناسراو و باوەڕپێکراو و سازداوە و پرسیاری لێ کردوون . یەکێك لەوانە ، کاك (کەمال فوئاد)ە . نووسەر لە پاڵیدا نووسیویە : (ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی ی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ، پاشانیش ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی ی یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان و لێ پرسراوی پێوەندی یەکانی دەرەوە) .

من خۆم ئەمە یەکەم جارە ببیستم کە کاك (کەمال فوئاد) ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی ی پارت بووبێت ، کە باوەڕ ناکەم . چونکە کاك فازڵ وەکو دڵنیا نەبێت

له‌ گوته‌که‌ی خوی ، یا هه‌ر به‌ راستی نه‌بیت ، له‌ نیو ئه‌و سه‌روو
پرسیی کراوانه‌دا ، ته‌نها دڕیژایی ساڵه‌کانی ئه‌ندامێتی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌ی
پارتی دێموکراتی بۆ کاك که‌مال تۆمار نه‌کردووه . ده‌نا ئه‌وانی دی ، ساڵانی
لێ پرسراوێتی‌یان دیاری کراوه . وه‌نه‌بێت کاك که‌مال بۆ کاکی نووسه‌ر
هێنده‌ دووره‌ ده‌ست بێت که‌ نه‌توانێت پرسیاری لێ بکات ، چ کات
ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌ی پارت بووه ! به‌ڵام بۆ نه‌یکردووه ؟
یا بۆ نه‌ینووسیوه ؟ به‌ رای من دوو ئیحتیمالی هه‌یه :

١ــ یا هه‌ر راست‌نی‌یه ، گه‌ر وابێت کارێکی نابه‌جێ‌یه .

٢ــ یا مه‌ به‌ستی نووسه‌ر ، ئه‌ندامێتی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌ی تاقمی جه‌لالی‌یه .
بۆیه‌ له‌ رووی هه‌ڵنه‌هاتووه‌ ساڵانی دوابراوی ١٩٦٦ ــ ١٩٧٠ ی بۆ تۆمارکات،
ده‌نا خۆبه‌ر به‌رۆکی بێ ده‌گرێت و ده‌پرسێت : ئایا ئه‌وان پارتی دێموکراتی
کوردستان بوون ؟ گه‌ر ئه‌وان پارت بووبن ، ئه‌ی تاقمه‌که‌ی بارزانی چ بوون؟
ئه‌ی ئه‌وڕۆکه‌ حمره‌که‌ی مه‌لا ماتۆر و حیزبه‌ڵه‌ بوود ه‌ڵه‌که‌ی شێخ ستار بخه‌ینه‌
چ خانه‌یه‌که‌وه ؟؟؟ گه‌ر که‌سێکی دیکه‌ پاش ده‌ ساڵ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی له‌ سه‌ر
بزووتنه‌وه‌ی نیشتمانی و نه‌ته‌وایه‌تی کورد نووسی ده‌بێت لێ‌ی قه‌بوڵ کرێت
گه‌ر مه‌لا ماتۆر و شێخ ستار و ته‌های حاجی محێدین له‌ ریزی پێشه‌وه‌ی
که‌ڵه‌ پیاوانی خه‌باتگێڕی کورد دا ریزکات ؟ که‌ ره‌وای هه‌ق نی‌یه .
جگه‌ له‌وه ، ده‌بێت ئه‌وه‌مش بڵێم که‌ هه‌ندێك له‌ راو بۆچوونی ئه‌وکه‌سانه‌ی
کاك فازڵ رای وه‌رگرتوون ، جێگه‌ی متمانه‌ و بروا نین . چونکه‌ هه‌رچه‌نده‌
ئێمه‌ هه‌میشه‌ دژ‌ه‌راو بووین ، به‌ڵام تا ئێستا نه‌مبیستووه‌ سیاسه‌تچی
کورد هه‌ڵه‌ی کردبێت ! هه‌ووی هه‌ڵه‌ی خه‌ڵکی دیکه‌ بووه . که‌ دێته‌ سه‌رباسی
خۆ ، هه‌موو بلیمه‌تێکن لینین و مارکس به‌ شاگرد راناگرن . که‌ دێته‌ سه‌ر

راکردن له هەڵە ، هەر هەموو دەبنە گەلحوێەك ئەنگوستە له زاریان نێیەت نازانن بیگەزن . هەموو دەبنە فریشتە و پەری ، دەبنە مەری پێغەمبەر . کەس خەتای نەبووە ، هەڵەی نەبووە . گشتی هەڵەی خەڵکی دیکە بووە و ئەو بە ستەزمانانە تێی کەوتوون .

با وەك نموونەیەك ئەو گوتار و نامیلکانە هەڵدەینەوە کە له سەر گەورەترین ترازیدیای مێژووی نوێی کورد ، له سەر شۆرشی چواردە سالەی میللەتەکەمان ، هەر بە دەستی پاڵەوانانی ئەو ترازیدیایە نووسراون . له بەرگەوە بۆ بەرگ شۆرشەکەیان بۆ داشۆرێوین و هەڵەیان بۆ ریز کردووین . هەریەکە دەستی چڵکنی خۆی بە داوێنی یەکێکی دیکە یا تاقمێکی دیکە سڕیوە . کەسێك نێی نەگوتووین پشکی ئەو لەو تاوانانە دا چ بووە ؟ بۆ ماوەی چواردە پازدە سال بە دەنگ نەهاتن ، بۆ له ئاستی یدا کەر و کوێر و کاس بوون ؟ بۆ ئەوکاتەی میللەتەکەیان بە هۆنر نە دەهێنایەوە ؟ بۆ هەوڵی چارەسەرێکیان نە دەدا ؟

ئەی ئەو گاڵتە جارییەی ئەوڕۆی کوردستان تاوانی کێیە ؟ تاکەی ئاوها بە کێشی دەکەن ؟ کەی دەست له بەڕوکی ئەو میللەتە سەر سەختە بە دبەختە بەردەدەن ؟

بەڵام کورد جوانی فەرمووە (ئاو له سەرچاوەوە لیلە) و (ماسی له سەرەوە گەنی دەکات) . پاشان دێمە سەر شیکردنەوە و هەڵتەکاندنی هەندێك لەو رایانە .

کـورد و بزووتنـه وه ی نهـتـه وایـه تی ی کـورد

ئه‌و راستی یه‌ی که هێشتا مێژووی گەلی کورد ، له بەر زۆر هـۆ ، نه توێژراوه‌ته‌وه ، بووه هۆی ئه‌وه‌ی پوخته‌یه‌کی لێره دا ببێته ڕاڕه‌وێك بۆ گه یشتن به باسه سەره‌کی یه‌که‌ی ئێمه .

له‌و لێکۆڵینه‌وه کەم و به‌رخانه‌ی که له کۆن و ئێستا دا هه‌وڵیان داوه له مێژووی کورد بکۆڵنه‌وه ، لێکۆڵینه‌وه‌ی ڕۆژهه‌لاتناسه ئه‌وروپی و روو سه‌کان بوون .

لێکۆڵینه‌وه‌ی روس و ئه‌وروپی یه‌کان له‌و بواره دا ، له کۆتایی سه‌ده‌ی پێشوو سه‌ره‌تای ئه‌م سه‌ده‌یه دا ، گه یشته چله پۆپه‌ی . چونکه ئه‌و کاتانه روسیا و هێزه ئه‌وروپی یه‌کان چاوی ته‌ماعیان بڕیبووه که‌لاکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و گیانی میلله‌تانی ڕۆژهه‌لاتی نێوه ڕاست .

پاش یه‌که‌م جه‌نگی جیهانی و به‌ش‌کردنی نێوچه‌که به چه‌ند هێزێکی سیاسی و قوتکردنه‌وه‌ی ئه‌م ده‌وڵه‌ته تازه ڕسکاوانه ، ئیدی ڕۆژهه‌لاتناسی ی ئه‌وروپایی مه‌یل و ئاره‌زووی کۆنی له ده ست دا .

به پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌وه ، لێکۆڵینه‌وه‌ی ڕۆژهه‌لاتناسی ی ده‌رباره‌ی کورد ، له سۆڤیەت هه‌ر له بره‌و دایه . به‌ڵام به پێی ی خواست و پێویستی ی سیاسه‌تی ڕه‌سمی ی ووڵاته‌که‌ ، چاك چاك بیراز ده‌کرێت .

نه‌ته‌وه‌ی کورد خۆی ، که هیچ کات ده ستگایه‌کی ده‌وڵه‌تی ی خۆ ڕاگرتووی نه‌بووه ، تا ئامراز و کەره سه‌یه‌کی ئابووری ی و زانستی دابه‌زرێنێت ، بۆیه به ئاستەم هه‌ل و ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی بۆ ڕه خساوه که مێژووی خۆی بنوێژێته‌وه و بینوو سێته‌وه . ئه‌و به‌رهه‌مه که‌مانه‌ی ده‌رباره‌ی مێژووی کورد ، که له‌لایه‌ن نوو سه‌رانی کورد یا بێگانه‌ی ڕۆژهه‌لاتی یه‌وه نوو سراونه‌وه ، به پێی ی هه‌وا و

هەوە سی سیاسیانەی سەردەمەکە داڕێژراون . گەلەك جار مێژووی کورد لەلایەن مێژوونووسانی خزمەتکار و شۆربا خۆری دەربارەوە لنگەو قووچ کراوەتەوە . یاخود لەلایەن کوردە ناسیۆنالیستەکانەوە گێژ و گوڵنکەی پێدا دوراوە و زێدەڕەوی تێدا کراوە .

پاشان نووسەر کورتەیەکی پوخت و بە تام و چێژی مێژووی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە . هەر لە ئیمپراتۆرێتی میدیاوە تا هاتنی ئیسلام . ئەوجا دامەزراندنی دوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارسی و بە شکردنی کوردستان لە نێو ئەو دوو هێزە زەبەلاحەی سەردەمەکە دا و پەرت پەرت بوونی لە نێو خۆیدا بە سەر چەند میرنشین و دەسەلاتی کزوڵەی مەلبەندییەدا . پاشان هۆکانی ئەو بەش بەش بوونی دەوڵەتێکی کوردییمان لە چوار هۆ دا بۆ پوختە دەکات :

١ــ لە بەر چوونی ئابووری ، ئەویش بە تالان کردنی کوردستان لەلایەن دوو هێزە مەرکەزییەکەوە . بەو هۆیەوە گەشەکردنی ئابووری کوردستان ڕێی پێ گیراوە .

٢ــ شەڕە کوتەك و کێشە نێوخۆیی یەکانی میرنشین و دەسەلاتدارییە کوردییەکان ، کە لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆرێتەکەوە زێتر دنە دراون ، تا کو بەو لەت و پەتی یە بمێننەوە .

٣ــ هەستی نەتەوایەتی کورد هێشتا چلووڕە بە ستوو و سەقام گیر نە بوو بوو . بەڕادەیەك کە هەستی ئاینی و مەزهەبی گەلەك بەتین و تاوتر بوو . هەردوو ئیمپراتۆرێتەکە نوێنەر و ڕێبەری هەردوو ئاینزای شیعە و سوننی بوون . کورد چەکێکی ئیدیۆلۆژیی بە هێزی لەو بابەتەی بە دەستەوە

نەبوو . بەڵکە بە حوکمی باوەڕی مەزهەبی یان دەبایە دووکەوتووی لایەکیان بانایە .

٤ــ لە سەر وەختی دە ستەڵاتداریتی ی ئیسلامی ی پێش مەغوڵەکانــــــدا پێوەندی ی دەوڵەتی مەرکەزی ی و هێزەکانی بن دە ستی کەنارکەوتووی ٥ هێندە تووند و تۆڵ نەبوو . . راستە کورد وابە ستە بــوو ، بەڵام خە سڵەتی نیمچە سەربە خۆیی خۆی لە دە ست نە دابوو . دوو ئیمپراتۆرە نوێکە تا ڕادەیەك کە شە نە کرد وو بوون و لە هەڵپەی چەق بە ستنی دە ستەڵات دا بەســـوون . بە و هۆیەوە تاڵان کاری یەکی خە ستی ئابووری ی کورد ستانیان دە کــرد و کوردستانیان لە بواری گە شەکردنی ئابووری یدا لە پەل وپۆ خست .

ئەوجا نووسەر دێتە سەر شیکردنەوەی سەرهەڵدانی هە ستی نەتەوایەتی ی کورد و بەرپا بوونی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد . چوار هۆ بۆ بە هۆشــدا هاتنەوەی هە ستی نەتەوایەتی دەکاتە بەڵگە و یەکە یەکە بە پوختی شــی یان دەکاتەوە :

١ــ ڕاپەڕینی میرنشینە کوردەکان دژ بە بە ستنەوەی کورد ســـــــتان بە دە ستەڵاتی مەرکەزی یەوە .

٢ــ وو ریا بوونەوە لە ڕێگەی قوتابخانە سۆفیزمەکانەوە .

٣ــ بوژاندنەوە و گە شەکردنی وێژە و ئەدەبی کوردی لەڕێگەی بەکاربردنــی زمانی کوردی یەوە .

٤ــ پەیدا بوونی تۆیژاڵیکی نوێی ڕۆشــنبیر .

نوو سەر گە شتێك بە سەراپای ڕووداوەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی یدا دەکات و دەوری کورد و پەیمان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی یەکان و کاریگەرێتی یان لە سەر مە سەلەی کورد . دە ست نیشــان دەکات .

به شـــکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریی بە ســـەر چوار دەوڵەت دا (*) کە بە چـــوار زنجیرەی ســـنوور تەواو تەواو لێك دابچڕاون و هەر بە شـــەی بە مەرکەزی یەکێك لەو دەوڵەتانەوە شـــەتەك دراوە ، کە گە شـــەکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتـــی هەریەکێك لەو ووڵاتانە جودا واز لەوی دی و بە پلە و ئاســـتێکی لێك نە چوو خۆی دەنوێنێت ، کۆمەڵگەی کوردەواری وا لێ دەکات ، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی ئابوورییەوە ، بە شـــێوەیەکی لێك دابڕاو و لێك نەچوو و ناسـاز گە شـــە بکات .

لە ل ٥٤ دا دەنووسـێت :

(هەر چەندە مە ســـەلەی کورد لەم دوایی یانە دا تا ڕادەیەك لە ســـەر ڕوویەری بلاوکراوە جیهانی یەکان زێتر جێگەی خۆی کردۆتەوە ، بەڵام مە ســـەلەکە زێتر لە گۆشـــە نیگای هەســـت و ســـۆزی مرۆڤانەوە تێ ی دەروانرێت ، نەك وەك کێشـــەیەکی ڕەوا لە نێو بێشـــەڵانی کێشـــە نێوچەیی یەکاندا . چاوخشـــاندنێك بە ســـەر دێری ئەو گوتارانە دا ئەو ڕاســـتی یەمان بۆ ئاشـــکرا دەکات . بە شـــێوەیەکی گشـــتی ی گوێ ڕاهێشـــتن و بایەخی کەمتر بەو کێشـــە و گرفت و ڕووداوانەی ڕۆژهەڵات دەدرێن ، کە نەك تەنها ســـنوور و سیســـتەمی سیاسی ٥ بەڵکە خەریکن پێك هاتنی ژیاریی نێوچەکەش هەڵتەکێنن و وەری چەرخێنن . ئاڵە و فەرامۆشـــی و پشـــت گوێ خســـتنە دا هۆی ئەوە دەدۆزینەوە کە مە ســـەلەی کورد هێشـــتا وەکو کێشـــەیەکی نێوخۆیی ئەو ووڵاتانەی کوردیان بە ســـەردا بە خشـــراوەتەوە . مامەڵە دەکرێت) .

(*) دەبایە پێنجی بنووسیبایە ، چونکە خۆی لە چەند جێگەیەکدا باسی پارچەیەکی بەر تە ســـکی شـــوورەوی یش دەکات .

ئەم مەسەلەیەی کاکە فازڵ پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە تارادەیەکی زۆر ڕاستە .
بەڵام مەخابن خۆی لە قەرەی هۆسەرەکی یەکە و هۆکارە ڕاستەقینەکە نەداوە .
ئەویش قسەرە خۆیی و قسەوەرە زاتی یەکەیە ،کە ماکی یەکەمی ئەو جوغز
تەسك بوونەوەیەی مەسەلەکە و ترنجاندنی لەو قاڵبە تەسکە و هێشتنەوەی
لەسەر ئاستی کێشەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە و نەگەیاندنی بە ئاستێکی
نێودەوڵەتی یە .
ئەو یێ هۆشی و گێلێتی یە بەپلەی یەکەم گەردنی ئەستووری سیاسەتچی و
حیزبە زۆر و زەوەند مکانی کورد دەگرێتەوە . ڕاستە بارودۆخی کەرت و پەرتکردنی
میللەتێك و خاکەکەی بەسەر پێنج وڵاتدا زۆر سەخت و ئەستەمە و
کێشەکەی زۆر دژوار و ئاڵۆز کردووە ، بەڵام هەڵوێستی ئەو حیزبانەی
کە لە نێومراستی چلەکان بەدواوە ڕۆڵێکی دیاریان لە چارەنووسی کێشەکەدا
دینووە ، هەڵوێستی حیزبە چەپی وکۆمۆنیستەکان قەت و قەت لە ئاستی
پێویست و پیرۆز دا نە بوون . چۆن ؟
جوڵاندنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بنەچەدا داواکاری (مافی چارەنووس) و
(سەربەخۆیی و ڕزگاری) بووە . بە فەند و فێڵی سیاسی و لووت تێژمنینی
ئیمپریالیزم و داگیرکەران و پشتکردنە فەلسەفە و ئیدیۆلۆژی نەتەوایەتی ،
کۆمەڵە سیاسی یەکانی پاش نێومراستی چلەکانی ئەم سەدەیەی خلیسکاندوتە
مەوقیعی خۆبەدەستەوە دان و ترس و ڕارایی و هەڵسەڵەمینەوە و هەستی
پەستی و خۆبەکەم گری و بڕوا بەخۆنەبوون و هەتا خۆدۆراندن و خۆلەبیرچوونەوەش.
داوا و داواکاری ڕەوا و سروشتی کوردیان لە شێوەی چەند ڕیفۆرم و
چارەوچکەمیەکی ئیداری و ڕۆشنبیری و پێکەوە گوزەراندن دا ، ترنجاندووە .

وەك پاشماوەی دێمە سەری و رووبی دەکەوە ، دەوری پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە ، دەبێکی زۆر ناتێگەیشتووانە و ناکاملانە بووە بەرامبەر بە مە سەلەکە . ئەم نەوێری و ترس و لەرزە وخۆ بەکەم گریەی ئەو هێزە سیاسی یانەی کورد بۆتە هۆی ئەوەی :

١ــ جەماوەری عارەب و تورك و فارس بە تەواوی لە مە سەلەی کورد نەگەن و باڕیکی دەمرووبی وایان لا بخولقێندرێت کە گوایە کورد وەکو بە شێك لەو وولاتانە زێدەمرەوی و زێدە داوایی دەکات و کێشە وگێچەڵ بۆ ئەو گەلانە دەنێتەوە و لەمپەر وکۆسپە لەڕێی پێشکەوتن و سەرکەوتنیان دا . بۆیە زۆر جاران ، لەگەڵ هەموو ناڕەوایی و دەست دڕێژی و خراپەکاریەکی حوکومەتەکان دا ، جەماوەری ئەو وولاتانە ، ئەگەر هەڵوێستێکی سلبی و دژمنانەشیان نە بوو بێت ، ئەوا هەڵوێستێکی گونجاو نەدان و کەم تەرخەمی وێ دەنگی یان نواندووە .

٢ــ ئەو گەلانە خۆیان تا ئێستا ڕاستە وخۆ یان ناڕاستە وخۆ ، بە جۆرێك لە جۆرەکان گیرۆدەی داو و تەونی پیلان و گزی ئیمپریالیزمن . هەموو جۆلانەوەیەکی کورد بە دەستی بێگانە و ئیمپریالیزم و بەرێ گر لەڕێی خەباتی خۆیان دا دەزانن . وا لە کورد دەگەن کە گوایە بە شێکی زۆر لە تین و تاو و هێزیان بە فیرۆ دەدەن و ناهێڵن بە تەواوی خۆ تەرخان بکەن بۆ پاکتاوکردنی شۆڤین پێ و بوونی ئیمپریالیزم و بکەونەوە سەرخۆ بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی و گەشەکردنی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری .

٣ــ جەماوەری کورد چەوا شەدەکات و لە مە سەلە بنەڕەتی یە مێژووبی یەکەی دووری دەخاتەوە . لە هەندێ لاباس و مە سەلۆچکەی دوور لە کێشە سەرەکی یەکانی یەوە دەگێنێت کە نە ئەو چارە سەر و داواکاریانە کۆتایی بە کێشەی کورد دە هێنن و نە ویست و خواستی جەماوەر دەهێننە دی .

٤ــ کاتێك مه سـه‌له‌ی کورد له قولینچکی مه سـه‌له‌یه‌کی نێوخۆیی و کێشه‌یه‌کـی لاوه‌کی ده‌ترنجێندرێت ، گۆڕ و تین و تاوی ئه‌و مه سـه‌له‌یه کز ده‌بێته‌وه و هه‌ق ده‌دات به ده سـته‌لاتداریتی ی داگیرکه‌رانی کورد سـتان که به نێوی ماف و به‌رژه‌وه‌ندی ی گشـتی و پاریزگاری یه‌کپارچه‌یی وڵات و سـوودی نیشـتمانه وه ، هه‌موو تاوانێك بکه‌ن و نوو زه‌مان لێ ببڕن و که سیش‌مافی ئه‌وه‌ی نه‌بێـت له سـه‌رمان وه‌ده‌نگ بێت و خۆی له کێشـه‌یه‌کی نێوخۆیی ئه‌و وڵاتانـه هه‌ڵقورتێنێت و قسـه‌ی تێدا بکات .

ئه‌گه‌ر هه‌ر له سـه‌ره‌تاوه مه سـه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تیمان وه‌کو مه‌سـه‌له‌یه‌کی خاوه‌ن هه‌ق و داد و سـه‌ربه‌خۆ پێش‌چاوخرابا و ، ئامانج و ستراتیژ و ئاسـۆی ئاواتی کورد به (لامه‌رکه‌زی) و (خودگه‌ردانی) و (حوکمی زاتی) وپاشانیش (راسـته‌قینه‌) وه نه شـارد رایه‌ته‌وه و ڕمپ و ڕاسـت کورد وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌کی دیل و ژێر ده سـته و چه‌وسـاوه‌ی خاوه‌ن (مافی دیاری کردنی چاره‌نووس) ، بەپێی هه‌ڵکه‌وت و هه‌ل و مه‌رجی نه‌ته‌وایه‌تی مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ کرابا و پێش‌چاوخرابا ، ئه‌وڕۆ هیچ نه‌بایه هۆشـی جه‌ماوه‌رمه‌که و هه‌تا دوژمنانیش به‌وه ڕازده‌هات که له سـه‌ر ئه‌و ئاسـته مامه‌ڵه و هه‌ڵس‌وکه‌وتی له‌گه‌ڵ بکه‌ن و به‌رژه‌وه‌ندی ی نێو ده‌وڵه‌تانیش سـووچێکی بۆخۆی ده‌دۆزی‌یه‌وه و له نێو ئه‌و هه‌موو گۆڕان و گۆڕانکاری‌یانه‌ی له‌ماوه‌ی ئه‌و نیوچه‌رخه دا به سـه‌ر نێوچه‌که دا هاتبوو ، ئه‌و هه‌ڵانه‌ی هاتبوونه پێـش شـتێکی لێ شـین ده‌بووه‌وه . چونکه گه‌ر هۆ زاتی یه‌کان هاوشـانی هـۆ مه‌وزوعی یه‌کان بانایه ، ئه‌وکاته هه‌لی هه‌ڵکه‌وتوو په‌کی له سـه‌ر بێ گه‌یشـتنی هۆی زاتی ی نه‌ده‌مکه‌وت و له بار نه‌ده‌چوو . (*)

(*) بڕوانه : لاکردنه‌وه‌یه‌کی کوردانه به‌لای شۆڕشی ئه‌یلول دا . گۆڤاری "روانگه‌ی ئازاد" ، ژ. ٢ ، مارتی ١٩٨١ ، ل ٢٥ ، له‌بڵاوکراوه‌کانی پاسـۆك .

ئەورۆ وا دەمە دەم وگیانەلای سەدەی بیستەمە ، لەدوو پارچەی کوردستان دا شۆرشی چەکدارانە دژی دوو داگیرکەری هێزلێ براوی پشووسوار لەکلپەدایە . دەیان پارت وکۆر وکۆمەلی سیاسی لە ساحەکەدان . سەرباکیان بانگاشەی کێشەیەکی نێوخۆیی هەلدەدەن ، نەك کێشەی میللەتێکی بیست وهێندە ملیۆنی ی بەری لە هەموو مافێکی سەرەتایی . با سەرێك بە سەر لاپەرەی رۆژنامەو بەیاننامەی ئەو حیزبانە و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیدا شۆرکەینەوە ، دەبیان بانگ و بانگاشەی سەرکردەکانی ئەو حیزبانە دەدیترێن کە صەد ویەك پاکانە دەکەن تا بیسەلمێنن (جوداخواز) نین . گەر مرۆ بەویژدانەوە مە سەلەکە هەلسەنگێنێت ، بلاوکراوە جیهانی یەکان بەرێزترەوە لە مە سەلەکە بدەروانن وەك حیزبە کوردی و ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێوچەکە . ئیدی چ مافێکمان دەکەوێت گلەیی لەوان بکەین ؟ خۆمان لە ئاستی مە سەلەکە دا نین . خۆمان لە خودگەردانی زێترمان نەخواستووە . دروشم و پڕۆگرامی سەرباکی حیزبەکان لە بانگاشەی کێشەیەکی نێوخۆیی تێناپەڕێنیت . دیارە ئامانجی دووری سەرباکیشیان دوو کۆرسی وەزارەتە ، نەك فسکە فسکی هەرزە خەلەتین .

ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانەی کەولی خۆیان لە دەباخانەی ئەو رژیمانە قوتارکرد ووەو لە ئەشکەوتەکانی کوردستانیان قایم کرد ووە ، لە کاتێکدا بە دەچاو بۆواق واقی یەك و کوێکوێیەك شیوەنیانە ، ئەگەر زۆر پێیشکەوتووخوازبن ئەوا (راستەقینە) یەکیان لە کلکی ئێمە جەراند ووە . ئیدی کە سینی نازانێت بۆن و بەرامەی ئەو دەعبا راستەقینەیە چی یە .

بۆچی گوتمان پارتە کۆمۆنیستەکان دەوریکی ناتێگەیشتووانەیان هەبووە ؟

ا ــ بیری کۆمۆنیستی ی یەکەم بیرێکە کە بە نێوی دۆستایەتی یەوە دەستی

تەسلیم بوونی بەکورد هەلبریوە و بەند وباوی عیراقیتی و ئیرانیتی و سووریایەتی کوردی داهێناوە . ئەوەی چەندین ساڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بەزۆر و گوشار خستنە سەر ، بۆیان نەچەسپی ، ئەمان بەخشکەیی بەنێوی دۆستەوە پیادەیان کرد و حیزبە بۆرژواکانی کوردیان بێ دەستەمۆ کرد . هەر لەسەرەتاوە کوردیان وەکو کەمەنەتەوەیەك پێناسە کرد ووە (*) نەك وەك نەتەوەیەکی بەشخوراوی زۆر لێ کراوی کوت کوت کراو . سیاسەتی (بانیکە و دوو هەوا) یان لەگەڵ کورد پەیرەوی کرد ووە . هەر لەبیرە ئەو بەند و باوەیان داهێناوە کە گوایە جود ابوونەوەی کورد ، هێزی پرۆلیتاریای سەرنەجوقاوی عێراق یا سوریا یا کوێ و کوێ پەرت پەرت دەکات . کە چی لەت کردنی پرۆلیتاریای گلاراوی میللەتیکی وەك ئاڵمان ، یا کۆریا ، یا ئە و کاتەی قیتنام ، هیچ زیانێکی بۆ پەزەکانی پرۆلیتاریای جیهان نەبوو .

۲ــ هەرکات هەل و دەرفەتیان بۆ رەخسابێت زێتر پشتگیری و هاریکاری‌ی هێز و حیزبە بۆرژواکانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەیان کرد ووە و هەمیشە بۆرژوای گەمژە و گێژ و وێژی کوردیان سەرگوێر و کەچەڵە کرد ووە . وەکو بۆرژوای کورد بە هیوای چەوساندنەوەی ئەو میللەتانە بێت ، نەك ئەوان خوێنی رەنج و ڕووت و بۆرژوای کوردیش بمژن .

۳ــ بەو هەلویستانەیان و هەتا گەلێك جار بە هەلوێستی دژمنکارانەیان بەرامبەر مەسەلەی کورد ، باریکی وایان نەخولقاند ووە کە جەماوەری میللەتە سەردەستەکە پراوپر لە کێشەی میللەتی کورد تێ بگات و وەکو کێشەیەکی ڕەوا تێی بروانێت .

(*) بروانە نامیلکەی (٤٥ عاما من النضال فی سبیل وطن حر وشعب سعید) ، ص ٣٤ ، من منشورات الحزب الشیوعی العراقی ، ١٩٧٩ .

٤ ــ بەردەوام دژی بیری ئازادیخوازانەی کورد وەستاونەتەوە و بە شۆڤێنیست و بەکرێگیراوی بێگانە و گومان لێکراو و رەگەزپەرست جوێن بارانیان کردوو . ئەوەتا هەتاکو ئێستاش (مافی چارەنووس) یکی سادە و ڕەوان بە کورد ڕەوا نابینن . کە گوتت (مافی چارەنووس) یانی دەبێت بریار بدەیتە دەستە میللەتەکە خۆی و ئەو چارەنووسی خۆی دیاری بکات . بەڵام ئەمان نێوی (مافی چارەنووس) ی لێ دەنێن و خۆیان پێشەکیش بریار دەدەن ئەو چارەنووسە چی یە . زۆر هاسان بە (ئۆتۆنۆمی ی راستەقینە) بۆمان پووچ دەکەنەوە . ڕەنگە وەڵامیان ئەوە بێت کە گوایە حیزبە کوردییەکان خۆیان لەوە زێتر ناخوازن ! بەڵام ئایا دەبێت (پارتی پێشڕەوی چینی کرێکار !) ڕێچکە شکێن بێت یاخود دووکەوتووی بیر و ڕەفتاری بۆرژوایان بێت ؟؟؟

با لێرە دا چەپکێك لە گوتەکانی (لینین) بکەینە بەڵگەی چەوتی ی ئەو هەڵوێستانە: (لە سەر سۆسیالیستەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکان پێویستە ،دژای مافی ئازادی جودابوونەوەی نەتەوە زۆرلێ کراوەکان بکەن ، دەنا بانگاشەی هاوسانی ی مافی میللەتان و هاریکاری ی کرێکاران ، دەبێتە هەراو هوریایەکی ساختە، دەبێتە ناپاکی یەکی پەتی) . (١)

(گەر هەر سۆسیالیستێکی نەتەوە چەوسێنەرەکە ، لەکاتی شەڕ و ئاشتی یدا پرۆپاگەندە بۆ سەربەستی ی جودابوونەوەی نەتەوە زۆرلێ کراوەکە نەکات ، ئەوا نە سۆسیالیستە و نە ئوممی ، بەڵکە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستە) . (٢)

---

(١) لینین :" حركة شعوب الشرق الوطنية التحررية " ، دار التقدم ، موسكو ، سنة الطبع ، بلا . ص ١٧٤ .

(٢) لینین : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٩ .

(هەر کەسێك ئەوجۆرە ڕاپەڕینانە بە ئازاوە نێو بەرێت . یا کۆنەپەرستێکی زۆر پیسە ، یا خاوەن بیرێکی ووشکی ئەوتۆیە ، کە توانای تێگەیشتنی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی نییە) . (١)

(ئێمە دەزانین و دەبینین و ڕۆژانە هەست دەکەین ، کە ئینکار کردنی مافی جودابوونەوە ، کڵاوبازییەکی بێ سنوورە و خزمەتی ڕاستەقینەی شۆڤێنیستەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکەیە) . (٢)

(هەر میللەتێك بە بریاری پادشایەك یا حوکومەتێك بە میللەتێکی دیکەوە پەیوەست کرا ، نەك بە ویستی ئازادانەی زۆربەی میللەتەکە خۆی ، ئەوا ئەو میللەتە زۆر لێ کراوە ، پابەند کراوە . دژ وەستاندنەوەی پابەندکردن ئەوەیە کە هەر میللەتێك مافی ئەوەی بدرێتێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆخۆی دابمەزرێنێت) . (٣)

با بگەڕێینەوە سەر نووسینەکەی کاك فازڵ :

نووسەر ژیرانە هەڵەی صەد جارەی کورد دەست نیشان دەکات و دەڵێت : هەتا کورد بۆی نەڵواوە وەکو کەمە نەتەوەیەکیش چارەسەرێك بۆ کێشەکەی پەیدا بکات . هۆی ڕاستەقینەی ئەوەش هیوا هەڵچنین و پشت بەستنی کورد بووە بە هێزە دەرەکی یەکان . ئەمەش ڕێی ئەوەی بۆ هێزە نێوچەیی و جیهانی یەکان خۆش کردووە ، کە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان بازی بە مەسەلەکە بکەن . وڵاتانی داگیرکەریش وەکو دارده ستێك و بەکرێگیراوێکی بێگانە لەکورد بروانن .

---

(١) لینین : هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩٠ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٨ .

- پێویستی بەزانم لێرەدا دوو زیانی زەقی دیکەی ئەو پشت بە بێگانە بەستنە بخەمە سەر راو بۆچوونەکانی کاك فازڵ :

١ــ ئەو پشت بە بێگانە بەستنە وای لەکورد کردووە کە باوەڕی بە توانای خۆی نەمێنێت و هێزی لەبن نەهاتووی ڕەش و ڕووتی میللەتەکە لە بیر بکات و زێتر و زێتر پشت بەکۆمەکی بێگانە ببەستێت ، کە گەلەك جار لێشاوی کۆمەکەکە ، شۆڕشگێڕانی میللەتەکەی پەلەخاندووە و لەکەلکی خستوون ، وەکو لە شۆڕشی ئەیلوول دا دیتمان .

٢ــ لە بەرامبەر ئەو کۆمەکانە دا ، گەلەك جار کورد ناچاری ئەوە بووە ، شەڕی بەرژەوەندی ئەو هێزانە بکات ، نەك چارەنووسی خۆی .

سیاسەتی ڵ هێزانەی سۆڤیەت و کێشە مەلبەندی یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، تا دێت ، نرخ و بایەخی زێتر لە پێویستدی و کێشەکێشی هێزە زەبەلاحەکان دا پەیدا دەکات . نەوت وەکی مادەمیەکی خاوی ووزەدەری گەلەك گرنگ ، هەڵکەوتی ستراتیژیانەی نێوچەکە ، هۆگرنگەکانی ئەو بایخ پەیدا کردنەن . بەو هۆیەوە نێوچەکە لە ژێر گوشاریکی توندی دەرەکی دایە، کە لە مل ملانێی زل هێزەکان‌دا خۆی بەدەرد دەخات . لە ژێر تینی ئەو گوشارەدا و بە هۆی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی لەو نێوچە تێکچڕژاوە ئاینی و ئیتنی و نەتەوەیی یە جۆرجۆرانە دا ، کە سالانێکی زۆرە لە قوڵپ دان و تاوسەندن دان ، وایێ دەچێت کە لە داهاتوویەکی نێزیك دا کێشەکان چڕتر و ئاڵۆزتر بن .

لە نێوان هەردوو جەنگە جیهانی یەکە دا ، نێوچەکە پاوانی هێزە ڕۆژئاوایی یەکان بوو . پاش دووهەم جەنگی جیهانی ی ، بوون و دە ستەڵاتی ڕۆژئاوا ڕووی لە کزی و

کەمی ی کرد . شـــوو رەوی‌یش وەکو زل هێزیکی تازە پێدا کەوتوو ، هەوڵی دا لـــە بەرامبەر ئەمریکا و هێزە ئەوروپایی یەکان دا جێ بێ و گۆڕ پەیدا کات . ئەو بـــارە نێو نەتەوەیی یە نوێیە و گەلەك هۆی دی و پەیدا بوونی هەندێ دەســـتەلاتـــــی نێوچەیی ، کێشەی گەلەك کێشـــەیان هەلایســـاند .

باری پاش‌دووهەم جەنگ‌ەوڕی هاتنە نێوەوەی ئەم نێوچەیەیان بۆ ســـــوڤیەت خۆش کرد ، تا هەوڵی بنکە و پایگا پەیدا کردن بدات . ئەم هۆیانە بـــواری ئەو هاتنە نێوەوەیان رەخســـــــــــــاند :

١ــ گرژ بوونی کێشـــەی عارەب و ئیســـرائیل ، ئیســـرائیل لە ١٩٥٦ بەدواوە ، لە لایەن هێزە رۆژئاوایی یەکانەوە پشـــتگیری تەواوی لێ دەکرێت .

٢ــ ســـەر هەلدانی بیری ناســـیۆنالیســـتی عارەبی ، کە بەهۆی گەلەك هۆکاری مێژووبی یەوە ســـەنگەری بەرامبەریان لە ووڵاتە رۆژئاوایی یەکان و ووڵاتانی هاوســەنگەریان گـــرتـــــــــــــــووە .

٣ــ ئەو کودەتایانەی لە پەنجاکان دا لە میسـر و عێراق و ســـوریا رووبان دا .

٤ــ شـــۆرشـــی رزگاریخوازانەی جەزائیر و یەمەن و پاشـــانیش بزووتنـــــــــەوەی ئازادیخوازی فە لەســـــــــــــتین .

شـــــووڕەوی‌ی لە حەفتاکان دا لەگەڵ شـــەش ووڵاتی ئەم نێوچەیە دا شەش‌پەیمانی دۆســـتانە و هاوکاری‌ی مۆر کرد ووە . لە هەندێکیان دا بنکەی ســـوڤییـــــــــی دراوەتێ . لەم ســـاڵانەی دواییدا هەمدیســـان هەندەك لەو پایگایانـــــــەی لە دەســـت دا .

مەســـەلە بەلای ســـۆڤیەتەوە تەنها بوونی لە نێوچەکە دا و پەیوەندی‌ی بە ســـتنی لەگەڵ ئەو ووڵاتانە دانی یە ، بەڵکە مســـۆگەر کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیەتی .

بە هەر حاڵ شـــووڕەوی‌ی چەند ئامانجێکی دیاری کراوی پێش‌چاو گرتووە :

١ ــ بۆ زل هەبیکی دەستەلاتخوازی وەکو شوورەوی ، رۆژهەلاتی نیوە راست چ لەرووی سوپایی و چ لەرووی ستراتیژییەوە ، زۆر گرنگ و پر بایەخە . دەست بە سەر داگرتنی ڕێگەی هاموشۆی زەریایی و بەندەرەکان و دامەزراندنی بنکە بۆ هێزە زەریاییەکانی ، شادەماری ئامانجە سوپاییەکانیتی . جگەلەوە ئەم نیوچەیە ، دەروازەی لە سەر خواروی ئەورپا و سەرووی ئەفریقا و باشووری ئاسیایە .

٢ ــ دەست گرتن بە سەر نەوت و گازی نیوچەکەدا ، جگەلەوەی چك بڕ کردنی هێزی ووزەی ئەورپای ڕۆژئاوایە ، ڕەگی ژیانی خۆی و مسۆگەر کردنی پێداویستی یەکانی وولاتانی (کۆمیکۆن) و هێشتنەوەیانە لە بازنەی دەستەلاتی خۆی دا .

٣ ــ ئاڵ وگۆڕی بازرگانی و ئاڵ و وێڵ لەگەڵ ئەو وولاتانە دا ، تا لەو ڕێگەیەوە لە جوغزی دەستەلاتی ئەورپای ڕۆژئاوایان دەربکێشێت .

٤ ــ فڕۆشتنی چەك و تەقەمەنی بەو وولاتانە ، کە لە لایەکەوە بە ڕەو ڕەوەی سۆقیەتیانەوە دەبەستێتەوە ، لە لایەکی دیکە شەوە ، گەورەترین دەستکەوتی ماددی و سوودی لێ مسۆگەر دەکات .

٥ ــ لە ڕێگەی خاڵەکانی ٣ و ٤ وکۆمەك و پەیمانە کولتوری و ئابووریەکان و چالاکی ی پارتە کۆمونیستەکان و ئامرازە پروپاگەندەیی یەکانی دیکەی سۆقیەتەوە ، بەرنامەیەکی کولتووری ی دڕێژخایەن نەخشە کێش دەکرێت ، کە کاریگەریتی و تین و تاوی لە سەر چەند ومچەیەك لەخۆیندکار و زانا و لێکۆڵەرەوەکان بەردەوام دەبێت .

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ، ئەم ئامرازانە بەکار دەهێنێت :

١ ــ قۆزتنەوەی هەلی ڕەخساوی کینە ورق لە ئەمریکا و وولاتە ڕۆژئاواییەکان ، کە بە هۆی سالانیکی دوور و دڕێژی دەستەلاتی کۆلۆنیالیستانەیانەوە

لە نێوچەکە دا و هەڵوێستی ئیسرائیلەوە ، هاتۆتە گۆڕێ . بۆیە بە ناچاری پێویستیان بە هاوکاری شووڕەوی هەیە ، هەرچەندە هەندێکیان وڵاتانی ئەنتی کۆمۆنیستیشن .

٢ــ قۆزتنەوەی کێشە نێوچەیی یەکان ، کەلەم سالانەی دوایی دا ، چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی سەربازی یەوە لە بڕە و دان و گەلەك جار ڕاکێشانی سۆڤیەت دەرە خسێنن . کێشەی عێراق ــ ئێران ، عێراق ــ سوریا ، یەمەنی سەروو ــ یەمەنی خوارووە ، جەزائیر ــ مەراکیش ، صۆمال ــ ئەثیوپیا ، لیبیا ــ تشاد ، لیبیا ــ سودان ، هەندێکن لەوانە . هەندەجارێك سۆڤیەت لەگەڵ هەردوولاکە پێوەندی دەبەستێت ، بۆ نموونە وەکو لە کێشەی سوریا و عێراق دا .

٣ــ پشتگیری کردنی پارتە کۆمۆنیستەکان و لەم دوایی یەدا زۆر ڕێکخراو و بزووتنەوەی ناکۆمۆنیستیش ، تا گوشار بخاتە سەر ئەو وڵاتانە و لە مل ملانێی زل هێزەکان دا داشی زێتر بەدەستەوە بگرێت .

ئەو پارتە کۆمۆنیستانە هەندەجارێك وەکو هێزێکی گوشار خەرە سەر و زۆر بۆ هێنەر ، هەندەجارێکیش وەك هێزێکی پشتیوانی کەر و هاوکاری کەرە لەو وڵاتانە دا ڕۆڵی خۆیان دەبینن .

٤ــ خاوکردنەوەی ڕەوتی تیژڕەوی ناسیۆنالیستانەی پارتە دەستەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانە و خستنە سەر ڕێچکەیەکی ڕادیکالانە ، وەکو ئەو هەوڵەیێ سەر ئەنجامانەی لە شێستەکان دا لە میسر و عێراق و جەزائیر بە خەرجیان دا ، پاشانیش لە حەفتەکان دا لە یەمەنی خوارووە .

٥ــ لە ڕێگەی شالاو و هەرەشەوە ، بۆ نموونە وەکو لە ئەفغانستان دا . یاخود بە گوشاری سۆڤیێتی ناراستەوخۆ کە لە ڕێگەی هاوکارەکانی

شـــوورەوی یەوە دەخرێتە ســـــەر وولاتانی دی ، وەکو لە کێشـــــــــەی ئەثیوپیا و صۆمال دا ، یاخود شـــالاوی یەمەنی خواروو بو ســـەر ســـەروو .

٦ــ بە ســتنی پەیمانی هاوکاری و دۆســتایەتی ی ، کە ســوود ی ئابووری و کولتوری ی چاك بۆ ســوڤیەت مســۆگەر دەکات و هەندە جارێك بنکەی سوپایی بۆ فەراهەم دەکات . وەکو ١٩٧٠ لەگەل میســـر دا ، ١٩٧٢ لە گـــــەل عێراق دا ، لەگەل صۆمالیا و ئەثیوپیا و ئەفغانســتان و ســوریا دا .

پاشـــان نووســـەر لە ل ٦٥ دە نووســـــێت :

لە مل ملانێ ی ســـۆڤیەتی تازە دامەزراوی پاش شـــۆرشـــی ئۆکتۆبـــــــەر و بەریتانیای مەزن و هێزە رۆژئاوایی یەکانی دیکە دا ، مە ســـەلەی کورد هەمیشـــە هۆ و ئامرازی کێشـــە و تێك گیر بوونیان بووە . ســـۆڤیەت لە خەباتـــــــــی ئازادیخوازانەی کوردی بە گومانەوە روانیوە و بە بازیەکی ئیمپریالیزمی تێ گەییوە ، تا بتوانن لە قۆلی با شـــوورەوە شـــوورەوی گەمارۆ بدەن . بەو شـــێوەیە ش هێزەکانی رۆژئاوا ، پاش دووهەم جەنگی جیهانی ی ، خەباتی ئازادیخوازانەی کوردیان بە هەولێکی شـــوورەوی ی زانیوە ، تا لەو رێگەیەوە جە ســـەری پرد یك بەرە و کەنداو دڕێژکـــــــــــــــات .

لەبەر ئەوەی ئەم بانگاشـــەیەی شـــوورەوی ی بنچینەیە ، ناچارم کەمێـــك رای خۆم لەو بارەوە روون کەمەوە . بە شـــیکردنەوەیەکی رووداوە مێژوویی یەکانی ئەو ســـەردەمە ئەگەر تەواو تەواو ئەم بانگاشـــەیە هەڵنەوەشـــێنێتەوە ، ئـــەوا دەیخاتە بەر رێژنەی گومانەوە ، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١ــ پاش شۆرشـــی ئۆکتۆبەر ، شـــوورەوی ی خۆی بەندەکانی پیلانـــــــی ســـایکس بیکۆ ی لە قاودا ، کە هێزە رۆژئاوایی یە زەبەلاحەکانی ئەوکاتـــــــە (ئینگلتەرە و فەرەنســـا) لە مێژ بوو نەخشـــەو پلانی بە شـــکردنی کەلاکی

پیاوه پهك كهونووهكهیان كێشابوو . لهو نه خشهو پیلانه دا ، نهك هیچ مافیكی كورد وهبهر چاو نهگیرابوو ، بهڵكه وولاتهكه شیان وهك میراتی ومجاخ كۆیران به سهر چهند دهوڵهتیكی تازه هەڵتوقیوی دهسندهخۆری خۆیان دا به خشیبووهوه .

٢ــ شووڕهوی یهك ، وهكو نووسهر خۆی له چهند جێگهیهك دا پهنجهی بۆ ڕا كێشاوه ، میراتێكی هێجگار دهوڵهمهندی كورد وڵوژی له تهزارهكانه وه بۆ مابێتهوه و پێوهندیی و ناسیاریی كورد و ڕووس هێنده مێژینه بێت و خۆیان باری كورد لهو بار و دۆخه دا كه سالانێكی دوور و درێژ گێنگلی تێدا داوه و له پێناوی ئازادیدا باجی خوێنی داوه ، وا له نیزیكهوه بناسن ، بایی هێنده ناكات به گومانهوه تێ ی بڕوانن ، ئهگهر بهرژهوهندیی سیاسی و ئابووریهكان بڕوا و بڕیاریان پێ وهرنهچهرخێنێت .

٣ــ ههر له سهردهمی شۆڕشی ئۆكتۆبهرهوه ههتا سهرهتای سی یهكانیش چ له كوردستانی خواروو ، چ له كوردستانی ژوور روو ، زنجیرهیهك شۆڕشی ئازادیخوازانهی كورد بهرپا بوون ، كه به كۆمهكی ڕاسته وخۆ و نا ڕاسته وخۆی ئهو هێزه ئیمپریالیزمانه سهركوت كراون . گهر ئینگلیز پێویستی بهو بازییه ههبایه كه سێكی وهكو شێخ مهحمودی دهكرده مهلیكی عێراق ، نهك فه یسهلێكی له دهرهوه خواستراو . یاخود بهڵانی كهمهوه دهیكرده مهلیكی كوردستانی خواروو ، تا بازییهكهی له گهرم بوون و بهرده وامی یدا بێت . ١٣ ــ ١٤ سالێ ڕهبهق شێخی مهزن دژی ئینگلیز و بهكێگیراوهكانی جهنگا و ئهوانیش دژی كورد . شێخ مهحمود هانای بۆ (لینین) و شۆڕشی ئۆكتۆبهر برد . له كوردستانی ڕۆژههڵات دا سهكوی قارهمان به دهستی ڕهزاخانی دهسندهخۆری ئینگلیز شههید كرا و

شۆرشەکە مۆنرکرا . ئێرانی دەسندە خۆری ئینگلیز سنووری بۆ ژەندرمەی تورك ئاوالە کرد تا پشت لە شۆرشگێرانی ئاگری‌داغ بگرن . فەرەنسی یەکان رێگەی‌ئاسنی حەلەبیان بۆ ئورد ووی تورك فەراهەم کرد ، تا بتوانن خێرا کورد ئابلوقە بدەن و سەرکوتی کەن .

٤ ــ بۆ دەبێت شووڕەوی‌ی ترس ودڵە راوکەی لە کوردستانێکی هێشتا دانەمەزراو هەبێت کە گوایە ببێتە داشەهارەی دەستی رۆژئاوا ، بەڵام هیچ ترس و باکێکی لە ئێرانێکی تازە دامەزراوی بەکرێگیراوی ئینگلیز (*) نەبێت ، کە دربژایی ٢٥٠٠کم سنووری خواروو‌ی لەگەڵیدا هاوبەشو پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ رەزاخان دا مۆرکات؟

د ــ بۆ شووڕەوی‌ی ئەو گومان و دڕدۆنگی یەی لە هەوڵی دامەزراندنی دوڵەتێکی ئەرمەنی نەبوو ، کە رۆژئاوایی یەکان وەکو شووڕەوی و زێتربێز پشتگیری‌یان لێ دەکرد وخەریك بوون کوردستانی ژوورو لە بۆتەی دا بتوێننەوە ؟

ئیدی ئاخۆ ئەم رووداو و واقیعە لە چاو چەقیوانە بە شی هێندە دەکەن کە سیاسەتمەدارانی ئەوکاتەی شووڕەوی‌ی لە سەر بەندی خەیاڵ بژین و بریاری ئاوها هەرزانە و ساکارانە بدەن ؟

بەرای من مەسەلە جۆرێکی دی‌یە و ئەو هەڵوێستانە بە ووریایی و ئاگایانە و بە پێی پێویستی ی رۆژ و پلانی سیاسی و بەرژەوەندی‌ی نێو نەتەوەیی یانەی دەوڵەتێکی تازە پێداکەوتووی کۆمۆنیستی وەبەرگیراون . ئەوکاتە سەبارەت بە مەسەلەی کوردووو موعادەلە لە بەردەم دەوڵەتی شووڕەوی‌یدا بوو :

١ ــ میللەتێکی بێ دەوڵەتی چەوساوەی لێك داپچڕاوی پارچە پارچە کرا و

(*) رەزاخان بە پرس و رای ئینگلیز کودەتاکەی بە سەر قاجارەکان دا کرد . بڕوانە :
Gerard de Villiers: Der Schah, Heyne Verlag, München, 1979, S.7.

که له پێناوی ئازادیدا دەستەویەخە لەگەڵ داگیرکەرانی دا وەستاوەتەوە و
لە جەنگێکی چارەنووس نادیار دایە . گەر بەیێ بانگاشەو دەقی نەشکاوی
کێبە سووڕەکان بێت ، دەبێت شووڕەوی پشت و پەنای گەلانی زۆر لێ کراو
تا دوا پلەی سەرکەوتن پشتیوانی ی لێ بکات ، چونکە میللەتێکە ، نەک
هەر لەبەر لووتی دایە ، بەڵکە پارچەیەکیش لە خاکەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیان
گیراوە . کە نایکات و بەرژەوەندییەکانی وا پێویست دەکات هەڵوێستێکی
پێچەوانە لە بانگاشەکانی وەبەر بگرێت ، ناچارە بەڵگە و پۆزشی دەم کوت کەر
بهێنێتەوە ، تا ویژدانی خۆی پێ سەرکات و دەمی پرسیارێشی پێ کپ کات ،
بۆیە بەند و باوی گومان و دڕدۆنگی دەکرێتە بیانوو .

۲ــ چەند دەوڵەتێك کە لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی یانە دانیان پێدا نراوە و
سنووریان چەسپاوە . پێوەندی ی دیپلۆماسی یانە لەگەڵ هەموویاندا و دۆستانە
لەگەڵ هەندێکیان دا کە پشتوتە تەرزفرێ دان و بەردان . لەوە بەدوا
لە ٢٦/٢/١٩٢١ دا پەیمانی دۆستانە لەگەڵ رەزاخان دا مۆرکرا . (١)
لە ١٦/٣/١٩٢١ یشدا لەگەڵ ئەتاتورك دا ، (٢) کە ئەوسەردەمە
پارتیکی کۆمۆنیستی ساختەی لە تورکیادا بە تۆرانی یەکی وەکو (حقی بهیج) (٣)
دامەزراندبوو ، تا کاری خۆی لای شووڕەوی بێ مەیسەر کات ، چونکە لەگەڵ
ئینگلیز دا لە کێشەکێشی بە لادا خستنی کێشەی ویلایەتی موسڵ دا بوو ،
دۆراوی پاش جەنگ و پێویستی ی بە پشتگیری کەریکی بەدەر لە سوێندخواران هەبوو .

---

(١) جەمال نەبەز : " بیری نەتەوەیی کوردی "ەبلکەی چاپەمەنی ئازاد لە سوید ،
١٩٨٤ ، لە بلاوکراوەکانی (سۆکسە) ، ل ١١٦ .
(٢) جەمال نەبەز : هەمان سەرچاوە ، ل ٩٠ .
(٣) ب . هەندرین : کامیل ژیر و هونراوەی نەتەوەیی لە هەلوێست و رەخنەدا ،
چاپخانەی ئۆفسێتی مینا ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٢ .

ئەو پشتگیری کەرەی سۆڤیەتە . دەوڵەتێکە کە پێش کۆتایی جەنگ خۆی لەریزی سوێندخواران کێشاومتەوە و پیلانەکانی لە قاودان . خۆشی صەد و یەک کێشە و گرفتی نێو خۆی هەیە و لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستەکان دا لە مل ملانێدایە . لە ژێر تین و تاوی ئەو دۆستایەتی یانە دا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی روسیای کۆمۆنیست ، ناچارن رەفتاری وا بنوێنن . قەوانە شرەی ئەتاتورکیان لێ دەدایەوە و کوردیان بە دار نەدەست و دەسندە خۆری ئینگلیز و ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەکرد . لە حاڵەتێك دا کە (ویلسن) ی سەرمك وەزیرانی ئینگلتەرەش کورد بە (خەتەری هەمیشەیی میسۆپوتامیا) نێو دەبات ، وەکو نووسەر لە شوێنێکی دیکەی ئەم باسە دا ، لە پەراوێزی ژمارە (٨٦) ی لاپەرە (١٣٩) دا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە .

پاش گەشتێکی چڕ و پڕ بە سەرجەمی سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتدا ، نووسەر پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە چۆن شووڕەوی لە سەرەتا دا یانی ساڵی ١٩٤٨ پشتگیری تەواو تەواوی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد . بەڵام ئەمە بەزیانی شکایەوە ، چونکە ئیسرائیل بووە پێگەیەکی ڕۆژئاوا و شووڕەوی یش دوژمنایەتی عارەبی بێ بڕا .

ئەوجا باسی سەرهتای هاتنە نێوەوەی سۆڤیەت بۆ نێوچەکە دەکات ، لە سەردەمی ناصر دا . یەکەم نیشانەی ئەو دیاردەیە بە پەیمانەکەی سێبتەمبەری ١٩٥٥ ی نێوان چیکۆسلۆفاکیا و میسر دیاری دەکات . کە بە بێ ی ئەو پەیمانە چیکۆسلۆفاکیا ، چەك بە میسر دەفرۆشێت . دواییش پشتگیری سۆڤیەت لە میسر ، لە شەڕی کەنالی سوێسی ١٩٥٦ دا ، کە دەروازەی سەردەمێکی نوێی بۆ شووڕەوی ئاوالە کرد .

لەگەڵ هاتنە نێوەوەی سۆڤیەت بۆ نێوچەکە لە سەردەمی ناصر دا ، بۆ فەراهەم کردنی دەرفەتێکی چێتر و جێ پێ قایم کردنی زێتر ، شووڕەوی ناچار بوو بیر و ئیدیۆلۆژی‌ی خۆی بەرامبەر بیری ناسیۆنالیزم راست کاتەوە .

سۆڤیەت لە سەر وەختی ستالین دا ، هەلوێستێکی ڕەق و ناتێگەیشتوانەی بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمی عارەبی بە تایبەتی و ناسیۆنالیزم بە گشتی ی ، هەبوو. تەنها بە بەدگومانی ئەوەوە کە گوایە لە نێو ناسیۆنالیزمە عارەبەکان دا ، موسڵمانی تیژڕەوی تێدایە ، تیۆریستەکانی سۆڤیەت ، ناسیۆنالیزمی عارەبیان بە کۆنەپەرست لە قەڵەم دەدا .

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

کێشەیەکی دیکەی ئیدیۆلۆژی‌ی ئەوەبوو ، ئاخۆ عارەب یەک میللەت پێک دەهێنن ؟ بە پێی بۆچوونەکانی ستالین ، تیۆریستەکانی سۆڤیەت دەربارەی (گەلانی) عارەب دەدوان ، بەڵام خۆیان لە قەرەی یەک نەتەوەی عارەب نەدەدا . ئەمە ڕێی لە تیۆریستەکانی سۆڤیەت دەبەستەوە کە دان بە نەتەوەیی یەکانی عارەب دا بنێن ، کە ئامانجی سەرەکی یان یەکێتی یەکی سەراپایی عارەب بوو . بەو پێی یە کۆمۆنیستە نێوچەیی یەکانیش لە سەرەتای سەرهەڵدان و گوڕیەداکردنی بیری ناسیۆنالیزمی عارەبی یدا ، ئەوبیرەیان بە کۆنە پەرست لە قەڵەم دەدا .

بە پێی بیر و بۆچوونی ستالین ، ناسیۆنالیزم (نیشانە و سەرەتای هاتنە کایەی کۆمەڵگەی بۆرژوایە ، کە تازە سەردەمی فیۆدالیزمی بەجێ هێشتووە) . تێروانینی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکانی عارەب ، لەم بیر و بۆچوونە قوتار نە بوو بوو . هەرچەندە خرۆشۆف زۆرهەوڵی دا بەڵگە و بیانوو بۆ هاوکاری‌ی لەگەڵ هێزە نا کۆمۆنیستەکان بدۆزێتەوە ، بەڵام بێ سەمەر بوو .

لە سەرەتای ١٩٥٨ دا ، کاتی پێکهاتنی یەکێتی یەکەی نێوان سوریا و میسر ، چ سۆڤیەت و چ کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە پشتگیری‌یان لێ نە دەکرد .

پاش کودەتاکەی ۱۹۵۸ ی عێراقیش ، هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان و قاسمیش بەرامبەر یەکێتی عارەب ، هەڵوێستێکی دژانە بوو . کاتی کودەتا خوێناوی یەکەمەی ناصریەکان لە عێراق دا (*) ، کۆمۆنیستەکانی عێراق و سوریا و میسر ، دەنگی ناڕەزایی یان لێ هەستا ، هەتا خرۆشۆف نامەیەکی بۆ ناصر نارد و داوای لێ کرد کە زۆر لە عێراق نەکات بۆ چوونە ئەو یەکێتی یەوە .

لە ۱۹۶۳ دا حیزبە کۆمۆنیستە ڕەدووکەوتووەکانی سۆڤیەت ، لە پراگ کۆنگرەیەکیان گرت و لەو کۆنگرەیە دا دانیان بەوە دا نا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللەتان گەر بە سەرکردایەتی ی کۆمۆنیستەکانیش نەبێت ، دەشێت دار و دەستەی سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازی تێدا بێت .

لە سەرەتای ۱۹۶٤ دا ، لە کۆنگرەیەکی ئابووری ی نێونەتەوەیی دا ، ڕوخساری تیۆری یەکی نوێ کێشرا و نێوی ڕێڕەوی ناکەپیتالیستانەی جیهانی سێیەم می لێ نرا . دانیش بە هێزە سۆسیالیستە نێوچەیی یەکان دا ، وەکو هێزێکی پێشکەوتوخوازی نێزیک بە بیری مارکسیزم ـ لینینزم داینرا . حیزبە کۆمۆنیستەکانیش ناچارکران ئەو تیۆریە قەبوڵ بکەن . ئەمە بووە هۆی دووبەرەکی ی لە ریزەکانی زۆر پارتی کۆمۆنیستی نێوچەکە دا .

پارتە کۆمۆنیستە عارەبەکان بەم " داهێنانە " نوێیە ڕازی بوون و دانیان بە سۆسیالیزمی عارەبی یدا نا و هەتا هەندێك لە ڕێکخراوەکانی خۆشیان تێکەڵی پارتە ناسیۆنالیستە عارەبەکان کرد . سۆڤیەت بەمە ئیدیۆلۆژی یەکی نوێی هێنایە کایەوە و وای دەرد ەبڕی کە لە هەندێك وڵاتدا ، دەبێت نێزیکترین هێز لە پڕۆلیتاریای گەشە نەکردووی ئەو وڵاتانەوە ، جلەوی ئەرکە مێژووییەکە وە ئەستۆ بگرن .

(*) لێرەدا دەبایە نووسەر بینووسیبا کودەتاکەی (شەواف) ، چونکە بۆ زۆر بێگانە وخوێنەری ناشارەزا روون نی یە کام کودەتایە مەبەستە .

١٩٦٤ پارتی کۆمۆنیستی میسر خۆی هەڵوه شاندەوه ، تا لە سۆسیالیزمی ناصری‌یدا بتوێتەوه . پارتی کۆمۆنیستی جەزائیریش هەمان شەقاوی هەڵنا . سۆڤیەتێك کە تا سەرەتای شێستەکان دژی پەیوه ستی ی عێراق بوو بە یەکێتی میسر و سوریاوه ، ئەوجا هەوڵی سازکردنی یەکێتی نێوان میسر و عێراقی دەدا .

کۆمۆنیستە عێراقی یەکان ، خۆماڵی کردنی هەندە دەستگایەکیان لە لایەن عارفەوه ، بە هەنگاوی زۆر پێشکەوتنخوازانە نێو دەبرد . (*)

ئەوجا سۆڤیەت ناچاری پینە و پەڕۆی بیر و بۆچوونیان بوو بەرامبەر سوپا . چونکە پێشان رایان وابوو کە سوپا ئامرازی دەستی چینی دەستەلاتدارە ، ئێستاکەش زۆری هاو پەیوەندەکانیان رژێمی میلیتاریست بوون ، کە لە رێگەی کودەتاوه جلەوی فەرمانرەوایی یان وەدەست کەوتبوو . تیۆریستە سۆڤیەتی یەکان ناچار قاڵبی تیۆری‌یەکی نوێیان دارشت . گوایە سوپاش هەموو جۆرە چین و تۆژاڵێکی تێدایە و هەندێ گروپیان دەتوانن هەنگاوی پێشکەوتنخوازانە بنێن و هەندە گۆرانکاری‌یەکی رادیکالانەی کۆمەڵایەتیش بسازێنن .

لەوه زێتر هەنگاو هەڵنرا و وا رادەگەیەنرا کە پارتە ناسیۆنالیستەکان تەنها نوێنەری چینی بۆرژوا نین ، بەڵکە نوێنەری چینی جوتکار و هەتا رادەیەك نوێنەری چینی کرێکارینن .

ئەم تیۆری و راو بۆچوونە نوێیانەی سۆڤیەت بەرامبەر ناسیۆنالیزم و هێزە میلیتاریستەکانی جیهانی سێیەهم ، دەتوانرێت بە بنج و بناغەی سیاسەتی

(*) پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە بەیاننامەیەکی نێوەڕاستی ئەیلولی ١٩٦٤ دا ، دژ اوا لە گەلی عێراق دەکات بۆ (یەکگرتنی عارەب) و (ئازادی) و (سۆسیالیستی) خەبات بکەن . یانی بۆ دروشمە سێ کوچکەکەی بەعسی رەگەز پەرست .
بروانە : جەمال نەبەز : " کوردستان و شۆرشەکەی " ، لاپەرە ٢٤٢ ی تەرجەمەی کوردی . بنکەی چاپەمەنی ئازاد لە سوید ، لە بلاوکراوەکانی (سۆکسە) . ساڵی ١٩٨٥ .

زل هیر ی سۆڤیەت لە نێوچەکە دا ، دەست نیشان بکرێت .
ئەمانە بوونە ڕێگە خۆشکەرێك بۆ هاریکاری‌ی سۆڤیەت لەگەڵ بەعسی ناسیۆنالیستی سوریا و عێراق دا و پاشانیش لکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی هەردوو وڵاتەکە بەو ڕژێمانەوە .

گەشەی ڕووسیای تەزاری

میراتی‌ی ڕوسیای تەزاری‌ی ، کاریگەرێتی یەکی زۆری لە سەر سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد و کەمەنەتەوەیی یەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەیە . ئامانجی سیاسی ڕوسیای تەزاری و ڕوسیای سۆڤیەتی ، لەگەڵ جودا وازی یە ئیدیۆلۆژی‌یەکان دا ، هەندە لێك چوونیکیشیان هەیە . دوو هۆکاری گرنگ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی تەزاری‌یەکانیان بە کێش دەکرد :

١ــ پێویستی یەکی ستراتیژی ، کە گەیشتنە زەریا گەرمەکان بوو . کوردستان پردێك بوو لە نێوان ڕوسیاو ئەو زەریایانە دا . لە مل ملانێ‌ی سەدەکانی ١٨ و ١٩ ی زل هێزەکانی ئەو سەردەمە دا ، ئەورووپایی یەکان هەوڵیان دەدا جێ پێ‌ی خۆیان لە ئیمپراتۆریتی عوسمانی یدا بکەنەوە . ڕووسیاش هەوڵی دەدا مەیلی کەمەنەتەوەیی یەکانی ئەو ئیمپراتۆریتە بەلای خۆی دا ڕاکێشێت .

٢ــ لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ دا ڕووسیا چەند جارێك دژی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران جەنگا و بە شێکی ئەو وڵاتانەی داگیر کرد . لەو ڕێیە وە بە شێکیش لە کوردستان کەوتە ژێر دەستیانەوە ، کە ماوەیەکی دوور و درێژ پێخوستی شەڕی ڕووسیا و دراوسێکانی بوو . ڕووسیاش باری نارەزایی کورد وکەمەنەتەوەیی یەکانی دیکەی ئەو نێوچانەی قۆزتەوە و هەوڵی دەدا بیانکاتە دۆستی خۆی . ئەمە هەمان سیاسەتە کە ئەورۆ سۆڤیەت لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا وەبەری دەگرێت .

ئەوجا نووسەر بە دوور و درێژی باسی پێوەندییەکانی کورد و رووسیای تەزاری ، تا جەنگی جیهانی دەکات . پاشان دەڵێت :

زیاد لە صەد ساڵ هێزە ئیمپریالیستەکان لە هەوڵی جێ پێ کردنەوە دا بوون لە ئیمپراتۆریتی عوسمانی یدا ، کە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی دوایی پێ هێنا . ئینگلتەرە و فەرەنسا بە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانیان گەیشتن . رووسیاش کە دەوڕێکی زۆری لەو تێکبەربوونەدا دیتبوو، لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەهەم دا ، دەستکەوتی زۆری بۆخۆی مسۆگەر کرد بوو ، بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆتایی پێ هات . سەرکردەکانی کورد کە هیوای زۆریان لە سەر رووسیا هەڵچنی بوو ، تووشی نائومێدی بوون . کەمێك پێش یەکەم جەنگ و لە کاتی جەنگیشدا رووسیایان بە نێزیکترین دۆست دەزانی . هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ مسۆگەر کردنی دۆستایەتی رووسیا دران . بە هەدەر چوون . لەو پەیمانە نهێنی یانەش پێ خەبەر بوون کە پاشە ڕۆژیانی براندبووەوە . بەڵام ئەو پێشهاتانە دەروازەی پێوەندیی کورد و رووسیای سۆڤیەتی یان بۆ هێجگاری سەرکڵۆم نەکرد . لەلایەکەوە دەوڵەتی نوێی رووسیا پەیمانە نهێنی یەکانی لە قاودا وخۆی لە بەرپرسیاری کێشەیەوە ، لەلایەکی دیکەوە بە کۆتایی هاتنی جەنگەکە کورد کێشەی زێتری بۆ هاتەکایەوە . بە ناچاری بە دووی دۆست و هاوپەیمانێکی دیکەی زل هێزدا وێڵ بوو .

دەستکەوتی صەد ساڵ جەنگ و کێشەکێشی نێوان رووسیای تەزاری و هاوسێکانی و زل هێزەکان ، ئەم میراتی یانە بوون کە بۆ رووسیای سۆڤیەتی بە جێ مان :

١ــ لە سەر ئەنجامی جەنگەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا ، رووسیا توانی بە شێك لە کوردستان داگیر بکات و بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە . هەرچەندە رووسیای سۆڤیەتی بە شێکی ئەو نیوچانەی بە تورکیا دایەوە ، بەلام بە شێکی هەر لە ژێر دەستی خۆی دا هێشتەوە . ئەو بە شەی کوردستانە کە ئەورۆ کوردی سۆڤیەتی لێ دەژین .

٢ــ لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی کورد لە سەدەکانی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیە دا ، هەنگاوی زۆری بۆ هەڵنرا و پێشکەوتنی چاکی بە خۆوە دیت . ئەمە بووە بنەچەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی کوردەوانی لە سۆڤیەت دا ، کە گرنگترین ئامرازی پێوەندیی نێوان کوردەکانی سۆڤیەت و کوردی وولاتانی دی پێکهێنــــــــا .

٣ــ رووسیا لەو سەردەمانە دا ، پێوەندییەکی چاکی لە گەڵ هەندەی خانەوادەیەکی خانەدان و دەستڕۆیشتووی کورد دا بەست . وەچەکانی ئەو خانەوادانە زۆر جار بۆ رووسیای سۆڤیەتی یش بە ئەمەك مانەوە .

کورد و سەردەمی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر

هەرچەندە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەرێتی یەکی زۆری لە سەر مە سەلەی کورد هەبوو ، بەڵام مەیلی سۆڤیەت لەم سەردەمەدا لە جاران کەمتر بــوو . یاخود تا رادەیەك هەڵوێستێکی نەرێتیشیان بەرامبەر خەباتی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی دا ، هەبوو .

هۆکانی ئەو هەڵوێستە نەرێتی یە ئەمانە بوون :

١ــ رژێمی بۆڵشەفیك ، هەتا ١٩٢٠ یش بەزەحمەت دەیتوانی دەستەڵاتی خۆی بە سەر روسیای سۆڤیەتی یدا بەرقەرار کات . شەڕی نێوخۆی مەنشەفیك و

دوژمنەکانی دیکەی بۆلشەفیك ، نەیان دە هێنت دە ستەلاتی سۆڤیەت بگاتە سنوورەکانی باشووری . مەسەلەی گرنگ بەلای سۆڤیەتەوە لەوکاتەدا بەرقەرارکردنی دەستەلات و پاراستنی سنوورەکانی خواروی بوو . بۆیە سۆڤیەت دەیەویست بە هەر نرخێك بێت پێوەندی ڕەسمی و ئارەسمی ی لەگەڵ هاوسێکانی خواروی دا ببەستێت .

٢ــ ڕووسیای تەزاری ، ژمارەیەکی زۆر لە میللەتان و کەمەنەتەوەیی ئیتنی و ئاینی ی لەخۆی دا کۆکردبووەوە . سۆڤیەتی نوێ ناچار بوو لەو میراتی یەی تەزاریەکان ، یەکێتی یەکی فرەنەتەوەیی بسازێنێت ، کە هەموو میللەتەکان بگرێتەخۆ ، نەك دەوڵەتێکی نیشتمانی ی یەکپارچەیی . لەو ڕێگەیەوە ،مەسەلەی میللەتان و مافی سەربەخۆیی یان ، بووە کۆکی بیر و ئامانجی سیاسی ئەو دەوڵەتە و ڕێخۆشکەری بانگاشە و پڕوپاگەندەی سۆڤیەت لە دەرەوەدا . بەتایبەت لە ئاسیا دا ، ئەو پڕوپاگەندانە کاریگەرێتی یەکی زۆری لە سەر ئەو دەوڵەتە فرەنەتەوەیی یە هاوسێیانەی سۆڤیەت هەبوو کە بە دەستەئو جۆرە تەنگ و چەڵەمانەوە دەیاننالاند . مەسەلەکە بەتایبەت بۆ ئە و کەمەنەتەوەیی یانە گرنگ بوو کە بە سەر ڕووسیاو ئەو وولاتانە دا بەشکرابوون ، وەکو ئەرمەن و ئازربایجان و تورکەمەن و هەتا بەشێکیش لەکورد .

ئالەو دەمکاتە دا سنووری نێودەوڵەتی ی ئەو وولاتانە تەواو نە چەسپیبوو . دان پێدانانی دیبلۆماسی یانەی هەردوو دەوڵەتی نوێی سۆڤیەت و تورکیا هێشتا لە بەردەم بریار دابوو . بۆیە سیاسەتی سۆڤیەت هێشتا نە چەسپیو و نە مەبیو بوو .

٣ــ خۆکشانەوەی ڕووسیای سۆڤیەتی ی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە پەیمانی سایکس بیکۆ و سەرقاڵی ی بە شەڕی نێوخۆوە ، نەك تەنها ڕێگەی ئەوەی

بۆ ئینکلیزه‌و فەرەنسا خۆشکرد که ببنه یەکه ئاغای رۆژهەلاتی نێوه‌راست و نێزیك ، بەڵکه باریکی واشی بۆ ره‌خساندن که لەم نێوچەیەوه ، به تایبەت له ئێرانەوه ، دەوڵەتی نوێی بۆڵشەفیك بخەنه بەر شاڵاوی هەمره شەوه و کۆمەك به دوژمنانی بکەن .

٤ــ هەروەکو سەردەمی کۆتایی و گیانەڵای رژێمی تەزاری ، مەسەلەی ئەرمەن بەڵای رژێمی نوێی سۆڤیەتەوه ، بایەخ و گرنگی یەکی زێتری هەبوو ، له مەسەلەی کورد . ره‌نگە مەسەله ئاینی یەکە شڵێره دا و ئەو به شە زۆر و فراوانەی ئەرمینیا له سۆڤیەت دا ، رۆڵیکی زۆری دێتبێت . لەو کێشەکێشەی خەباتی نیشتمانی ی کورد و ئەرمەن دا ، سۆڤیەت زێتر پشتگیری له مەسەلەی ئەرمەن دەکرد و هەڵوێستیکی خرایی بەرامبەر مەسەلەی کورد هەبوو .

ئەوەی لێره دا من به پێویستی دەزانم پەنجەی بۆ رابکێشم ئەوه یە که ئەو هەڵوێستەی سۆڤیەت بەرامبەر بەکورد له ١٩٤٦ یشدا تا رادەیەك رەنگی دایەوه . ئەو کاتەش سۆڤیەت زێتر و بەرچاوتر پشتگیری ی ماددی و مەعنەوی له کۆماری ئازربایجان دەکرد وەك له کۆماری کورد ستان . هەوڵی زۆریش درا که مەسەلەی کورد له قەپیلکێکی تەسك بترێنجێندرێت و وەکو بەشێك و پاشکۆیەکی مەسەلەی ئازربایجان حسێبی بۆ بکرێت و پابەندی ئەو کرێت . هەتا لەو بیرخەرەوەیە دا که شوورەوی ی به قەوام سەلتەنەی دا و پاشانیش له سەری رێکەوتن ، له خاڵی دووهەم دا تەنها باسی مەسەلەی ئازربایجان دەکرێت نەك کورد که دەڵێت : (دەربارەی مەسەلەی ئازربایجانی ئێران ، که مەسەلەیەکی نێوخۆیی یە و به خودی ئێرانەوه پێوەندی یدارە ، ئێمە پێشنیازی چارەسەر سازی ی کۆمەڵایەتی و ئابووری ی و کولتوری دەکەین) . (*)

(*) دکتر انور خامەای : " فرصت بزرگ از دست رفته " ، انتشارات هفته ، تهران ، ١٣٦٢ ، ص ٢٣٢ .

پاشان نووسەر گەشتێکی چڕوپڕ بە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر بە مەسەلەی کورد دا دەکات و دەنووسێت :

لە ٢٤ ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ دا سۆڤیەت بانگەوازێك بۆ میللەتانی موسڵمانی ڕۆژهەڵات بڵاودەکاتەوە . لەو بانگەوازە دا داوایان لێ دەکات ، لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی یاندا لە دژی ئیمپریالیزم خەبات بکەن . لەو بانگەوازەدا نێوی ١٢ میللەت هێنراوە ، بەڵام نێوی کورد لە کوولەکەی تەریشدا نییە . هەرچەندە ئەرمەن موسڵمانیش نین ، کەچی بە پەرەگرافێکی سەربەخۆ ئەوانیش بانگ وادەهێلن . هەر لەو بانگەوازە دا سۆڤیەت دژی کەرت کردنی تورکیا دەوەستێتەوە ، کەچی داوا لە ئەرمەن دەکات بۆ مافی چارەنووسی خۆیان خەبات بکەن ، کە وا دەگەیەنێت ، دەوڵەتێکی ئەرمەنی ی سەربە خۆ دابمەزرێنن . لە کۆنگرەی پاریس دا ، وەفدی کورد ، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لەژێر چاودێری یەکێك لە دەوڵەتە گەورەکان دا پێش چاوخست . سۆڤیەت نەیدەویست بار و دۆخەکەی کورد تێ بگات . وەکو دارده ستێکی ئینگلیز لە مەسەلەی کوردی دەروانی . دینامیکیتی ی خەباتی نیشتمانی ی کوردی بێ قەبوڵ نەدەکرا . نەیدەزانی لەو بار و دۆخە ئەستەم و دژوارە دا ، کورد ڕێگەی دیکەی لەبەردەم دانییە و ناچارانە پێشنیازی ئاوها پێش چاو دەخات. لە نۆڤەمبەری ١٩٢٠ دا (ئەلیاس م. پاقلۆڤیك) کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوە نێودارەکانی سۆڤیەت ، ئا بەم شێوەیە دێتە گۆ : (شۆڕشێکی سۆڤیەتی لە ئەرمینیا دا ، پیلانەکانی ئینگلیز پووچ دەکاتەوە ، کەگەرەکێتی دەوڵەتێکی کوردیی دارده ستی خۆی لە دژی ئێمە دابمەزرێنێت) .

پاش یەکەم جەنگی جیهانی ، خۆراسان و ئازربایجان و گیلان ، نێوچەی ڕاپەڕین و شۆڕشی دژ بە ڕژێمی ئێران بوون . ڕاپەڕینی گیلان ، کە بە

سەرکردایەتی (میرزا کوچك خان) بەرپاکرا و ... ونیستەلانیش پشتگیری‌ی نەواویان دەکرد و هەندەك هۆز و جوتکارانی کوردیش تێیدا بەشدار بوون .
بەکۆمەکی سۆڤیەت کۆماریکی لێ دامەزرا . کوردێك بەناوی (خالۆ قوربان) وەزیری بەرگری بوو .
سۆڤیەت پشتگیری‌ی راپەڕینی کوردەکانی خۆراسانی دەکرد کە بە سەرکردایەتی (سەردار خودا وێردی) بەرپا بوو .
بەڵام ئەم پشتگیری‌یانە هیچ نرخ و بایەخێکیان لە هەڵوێستی سۆڤیەت دا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد ، نی‌یە ، چونکە :
١ــ لە گیلان ، کوردەکان بە شێك بوون لەو کۆمارەی کومۆنیستەکانیش تێیدا بە شدار بوون .
٢ــ راپەڕینی کوردانی خۆراسان ، واتاو مەودایەکی نەتەوەیی یانەی نە بوو . چونکە ئەو کوردانەی لە سەدەی هەژدەهەمەوە بۆ ئەوێ راگوێزرابوون ، لە میژ بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد دابڕابوون و راپەڕینەکەیان راپەڕینێکی مەلبەندی بوو .
٣ــ ئەو پشتگیری‌یانەش بۆ گوشار خستنە سەر رژێم بوو . بۆ بەرێ گرتنی سیاسەتی ئینگلیز بوو لە ئێران دا .
لە یەکەم و دووهەم کۆنگرەی کومینتێرن دا بە چاك و خراپ باسی میللەتێکی بەش‌خوراو و زۆرلێ کراوی وەکو کورد ناکرێت .
بە پێچەوانەی بانگاشەی سۆڤیەت خۆیەوە ، کە گوایە پشتگیری‌کەری گەلانی ژێر دەست و زۆرلێکراوە ، رووسیا رێکەوتننامەی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا دا مۆر دەکات . لەو پەیمانانە دا یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتانەی کە چەندین نەتەوەی زۆرلێ کراویان تێدا بەلوولەی تفەنگ لە قاڵب دراوە ، پارێزراودەبن .

کۆمۆنیستە رەد ووکەوتووەکانی سۆڤیەت ، هەولیان دەدا ، ئەو هەلویستە ناماقوڵانە ، بە جود اوازی و لێك دابڕانی سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی و کۆمینتێرن عەیب پۆشکەن .

هەڵتەقاندنی ئەم پینەیە پێویستی بە سەرنج و تێڕامانێکی چکۆلە هەیە :

جارێ ئائەم بانگاشەیە پێش ئەوەی راست کردنەوەی بارێکی لار بێت و کون برکردنی دەلاقەیەك بێت ، سووکایەتی پێ کردنێکی گێلانەیە . چونکە لە یەکەم ووڵاتی چینی کرێکار دا دەوری حیزبی کرێکاران ئیلغا دەکات و جڵەوی رێبەرایەتی لێ دەستێنێتەوە ، کە زۆر لە راستی یەوە دوورە ، چونکە سکرتێری گشتی ی حیزب لەو ووڵاتەدا ، سەروو گشت دەستەڵاتێك دەکەوێتەوە . دیارە بەو پێیە حیزبەکە نە خشە کێش و بریاردەری سەرجەمی سیاسەتی نێوەوە و دەرەوەی ووڵاتەکەیە . یانی دەوڵەت ئامرازێکە بە دەست کۆمۆنیستەوە ، یا کابرا گوتەنی بە دەست (چینێکی نوێ) وە . لە هەندە حاڵەتێکی بۆروکراتیانە دا نەبێت ، دەوڵەت و حیزب لێك هەڵنابوێردرێن .

دەربارەی کۆمینتێرن یش ، زۆریان هەوڵ دەدا خەڵکی تێبگەیەنن کە دەستگایەکی سەربەخۆیەو لە ژێر رکێفی و دەستەڵاتی دەوڵەتی شوورەوی و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دا نی یە ، بەڵکە پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی یش ئەندامێکە لەو دەزگایەدا و هەمان ئەرك و مافی پارتی کۆمۆنیستی عێراق یا ئێران یا تورکیا یا هەریەکێکی دیکەی هەیە .

زۆری ویست تا خەڵکی تێگەیە شتن کە (کۆمینتێرن) قوڕە چەورەیەکی دەستی سۆڤیەتە و بە رادەیەك وابە ستەی ئەوە ، کە (ستالین) یێك لە سەر خواستی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان ، لە سەردەمی دووهەم جەنگی جیهانی یدا ، لە بەرامبەر کۆمەکیان دا بە شوورەوی ، بە یەك چاو داگرتن هەڵیومشاندەوە و دەزگایەکی جاسووسی ی لە جێگە دامەزراند بە نێوی (کۆمینفۆرم) ەوە .

تورکە کەمالی یە ناسیونالیستەکان ، دژی پلانی هێزە ئەورپایی یە

سەرکەوتووەکان وە ستانەوە ،کە دەیانویست کەلاکی دەولەتی عوسمانی لە نێوخۆیان دا بەش‌کەن . ئەو هەلوێستە رێگەی پێوەندی‌ی و هاریکاری‌ی نێوان تورکیا و رووسیای سۆڤیەتی ی خۆش‌کرد . لە سەرەتای ۱۹۲۰ دا سۆڤیەت پێشنیازی دان پێدانانی بەرامبەر و پێوەندی‌ی دیبلۆماسی یانەی پێشکەش ئەتاتورک کرد . ئەتاتورک رازی بوو . سۆڤیەت پشتگیری‌ی لە (خەباتی ئازادیخوازانەی ناسیۆنالیستی تورک دژی ئیمپریالیزم) دەکرد و هەتا بە چەک و تەقەمەنیش کۆمەکی پێ دەکردن . ئەو هاوکاری‌یە گەیشتە ئەو رادەیەی لە مارتی ۱۹۲۱ دا پەیمانێکی دۆستایەتی و هاریکاری‌ی لە نێوان تورکیا و سۆڤیەت دا مۆر بکرێت .

هەرچەندە کورد و ئەرمەن و عارەب لەوکاتانە دا داد وفریادی مافی چارەنووسیان لێ هەلستابوو ، بەڵام لە وپەیمانە دا هیچ باسێك لە مافی ئەو نەتەوانە نەکرا . بەڵکە بە ئاشکرا گوترا بوو (سنوورەکانی تورکیا کە بە پێی بریاری ئەنجومەنی نیشتمانی‌ی تورکیا ، لە ۲۸ ی ژمنیوەری ۱۹۲۰دا دیاری کراوە ، پارێزراو دەبێت) .

ئەو بریارە کوردستان و ئەرمینیای گرێ دراو بە دەولەتی عوسمانی یەوە ، بە تورکیای کەمالی یەوە . دەهێلیتەوە .

لە خالی هەشتەم دا دەلێت (هەردوك وولاتی ، بانگاشەی هەرگرووپێك بۆ دابڕینی بەشێك لە خاکی یەکێك لەو وولاتانە ، دەدەنە دواوە) .

لە ۱۹۲۱ دا ، پەیمانێکی دۆستانە لەگەڵ ئێران دا مۆرکرا ، کە خالی شەشەمی دەلێت (لە حالەتی هێرشی هێزێکی دیکە دا بۆ سەر ئێران ، گەر ئێران توانای بە دەرنانی ئەو هێزەی نەبوو ، ئەوا رووسیا ناچارە ، بۆپاراستنی ئاسایشی خۆی ، ئوردوو بنێرێتە ئێرانەوە) .

هەر بەپێی ئەم پەیمانە بوو کە رووسیا لە ١٩٤١ دا ئوردووی خۆی نارد ئێرانەوە .

پەیمانی سێڤەری ١٩٢٠ لەخالەکانی ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ دا گفتی ئەوە بەکورد دەدات ، کە رێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی پێ بدرێت . ئەمەش ئاوات و خواستی کورد بوو ، کە لە رێگەی وەفدی کوردەوە پێشکەش بە کۆنگرەیە کرا . بەڵام کە سێڤەر بەلوزان گۆڕدرا ، هەلوێستی سۆڤیەت هەمان هەلوێستی رووسیای تەزاری بوو بەرامبەر بە مەسەلەی کورد . پاشانیش لە سێپتەمبەری ١٩٢٠ دا سۆڤیەت بیرخەرەوەیەک دەداتە بەریتانیا و دەڵێت (حوکومەتی شوورەوی ، پشتگیری خەباتی میللەتی تورک دەکات . پشتگیری‌ی هەوڵدانی تورکیا دەکات ، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێڤەر ، کە سەربەخۆیی و یەکێتی خاکەکەی دەخاتە بەر مەترسی یەوە . تورکیا لەو خەباتەیدا گشت خەڵکانی رووسیای لە پشتە) .

هەلوێستی سۆڤیەت ئاشکراتر لەو بیرخەرەوەیە دا بە دەر دەکەوێت کە وەفدی رووسی و ئۆکرانی و جۆرجی لە ٣٠ ی دیسەمبەری ١٩٢٢ دا پێشکەش کۆنگرەی (لۆزان) ی دەکەن . لەو بیرخەرەوەیە دا دەڵێن (شەڕی تورکیا و ئەوروپایی یەکان ، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانی سێڤەر ، کە لەو پەیمانە دا هێزە ئەوروپایی یەکان ، خاکی تورکیایان تا رادەی $\frac{1}{5}$ قارس کردووە ، کە بەوپێیە ، چاوی چلیسی خۆیان تێر دەکەن و رۆژهەلاتی ئەنەدۆل " یانی کوردستان " لە نێو خۆیان دا بەش دەکەن) .

جگە لەوە لەگەڵ هەموو بانگاشەیەکی رووسیای پشتگیری کەری گەلان دا ، لەو کۆنگرەیە دا بە تاقە وو شەیەک باس لە مافی چارەنووسی کورد ناکەن .

نه پشـــتگیری و نه پاریزگاری لەو مافانه ناکەن ، بە پێچەوانەوە ، دژیشـــی دەوە ســـتنەوە .

کاتێکیش ئەورووپایی یەکان دیتیان تورکیا خەریکە زێتر و زێتر دەچێتە ئامێزی رووســیاوە ، ئەوکاتە ســیاســەتی خۆیان با پێدایەوە و هێمنانەتـــر و فێلبازانە تر رەفتاریان دەکرد ، تا ناچاری باریکی وای نەکەن .

ئا لەو حاڵ و بارەدا ، نە ســۆڤیەت و نە هێزە رۆژئاوایی یەکان ، ئامادە نە بوون ، لە پێناوی میللەتێکی کورد دا ، ئیحتیمالی پێوەندی یەکی چـــاك لەگەڵ تورکیا و ئێران دا بخەنە غەرغەرەوە .

کە کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٥ دا کوردســتانیان بە عێراقەوە جووت باقە کرد و مافی کورد و ویســتەی ئازادیخوازانەی میللەتەکەیان ژێر پێ خســت ، رووسیای پاریزەری مافی گەلان ، دژی ئەو ماف قووت دانەی میللەتێك نەوەســتایەوە ، بەڵکە بە پێچەوانەوە ، دژی ئەوە بە دەنگ هات و جەرگی بۆ ئەوە ژانی دەکرد ، کە گوایە غەدر لە تورکیا کراوە . (شـــێنشـــێرین) قۆمیســەری ســیاســەتی دەرەوە لە ٢١ ی دیســەمبەری ١٩٢٥ دا ئاوها بەرامبەر ئەو بریـــارە دێتە گۆ : (ویلایەتی موســڵ بایەخێکی ســتراتیژیانەی گـــەورەی بـــۆ تورکیا هەیە ، کە لەم بریارەی ئێســتا دا پشـــت گوێ خراوە . رەنگە ئـــەم بریارە لە ســەر ئاســتێکی ئینتەر ناســیۆنالانە ، باریکی زۆر ئالـــۆز بخولقێنیت) .

لە هەواڵێکی کۆمیتەی مەرکەزیی پارتی کۆمۆنیســتی ســۆڤیەت لە ١٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ دا ، (شـــێنشـــێرین) ، پیرۆزبایی ســیاســەتی مۆدێرن کردنـــی تورکیا و ئێرانی دۆســت دەکات . ئۆپۆزیســیونە مەڵبەندیی یەکان ، بە فیۆدال و کۆنە پەرســت و دوژمنی پێشـــکەوتن نێو دەبات .

لە گۆڤاری کۆمینتێرن دا ، شۆرشەکانی کوردی سالەکانی بیستیش بە فیودال و کۆنە پەرست و دوژمنی پێشکەوتن نیودەبرێن . هەرئەم لەسەنگاندنە بوو ، کە پاشان بووە پاشخانی سیاسەتی چەوت و چەوێلی کۆمونیستەکانی رۆژهەلات و زیانێکی زۆری پێ گەیاندن .

جگەلەوە ، کۆمونیستە نیوچەیی یەکان ، پشتیان بە وپێناسەیەی ستالین دەبەست ، کە ئابووریێکی هاوبەشی بە مەرجێك لە مەرجەکانی بوونی نەتەوە دادەنا . دیارە ئابووری ی هاوبەش تەنها لە چوارچێوەی یەك دەوڵەت دا دێتە کایەوە ، یانی ئەو گەلەی دەوڵەتی نەبێت نەتەوە و میللەت پێك ناهێنێت . (*)

(*) لێرە دا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم ، کە تاکو ئێستاش زۆر زرە مارکسی ی کورد ، لە تەزووی ئەو بیرە چەوتە نەخەلەسیون . ئەوەش لاسایی ئەو بانگاشە هەلەیەیە ، کە کۆمونیستەکان ، ماوەیەکی زۆر وایان رادەگەیاند کە کورد (ئومەم) نییە .
هەر لێرە دا دەبێت بەدبەختی میللەتێك و گێلێتی دەستەیەك بۆ مێژوو تۆمار بکەم . (مامۆستایەك !) کە ماوەیەك ئەندامی سەرکردایەتی حیزبۆچکەیەکی کورد بوو ، بە قاقای خەندەوە بۆی دەگێڕامەوە ، کە لە پاش هەرەس و هاتنە ئەوروپای هەندەك لە پەنابەران لە ئێرانەوە ، کۆنگرەیەکی (خوێندکارانی کورد) لە بەرلین دەگیرێت . ئەو مامۆستایانەی زۆرەی تەن و دۆلاری باخەڵیان هۆڵەکەی پر کردبوو ، تا بە ئیسپاتی بگەیەنن کە ئێستا زۆر پێشکەوتوو خوازن ، بالوێزە سافیلکەکانی کورد دەخەنە سەر فاك و فیکی ئەوەی بیخەنە دەنگەوە ئاخۆ کورد (ئومەم) یە یا (ئومەم) نی یە ؟ ئەویش چارانە لە خشتە دەبەن و بەزۆربەی دەنگ بریار دەدەن کورد (ئومەم) نی یە ! یانی قەرەج و هەرەج و مەرەج و سەرەمقەستی میللەتانە ! مامۆستای تایبەتی قاقای لێ دەداو دەیگوت (جەمال نەبەز) یەك لەوێ میوان بوو ، لێمان شێت بوو ، پر بە هۆڵەکە هاواری دەکرد و جوێنێکی سیاسیانەی خۆشی پێ دەدایە ←

١٩٢٩ ئۆمێنتێرن ، رەخنە لە چوار نوێنەری کوردی پارلەمانی عێراق دەگرێت کە داوای مافی ئۆتۆنۆمی یان بۆ کوردستان کردووە . هەرچەندە ئەو کاتە کوردستان بە عێراقەوە لکاوە و عێراقیش کۆلۆنی کراوی ئینگلیز بووە .

لە هەمان شوێن دا دەڵێت (بەریتانیا ، گەرەکێتی ، کوردستانێکی دژ بە تورکیاو سۆڤیەت ، لە وێلایەتی موسڵ دا دروست بکات) .

بۆ زێتر روون کردنەوەی ئەو راستی یە تاڵانە ، دەبینین ، لە سی بەکان بە دواوە ، کاتێك ئەو دەوڵەتانە جێ پێی خۆیان قایم کرد و بەرژەوەندی یەکانیان چەسپی و پشتیان لە سۆڤیەت هەڵکرد و چەندین پەیمانی دژ بە سۆڤیەتیان لەگەڵ بەریتانیا و هێزە ئەورپایی یەکان دا مۆر کرد ، ئەوجا سۆڤیەت سیاسەتی خۆی با پێدایەوە و رەحمی تلیسایەوە و بیری کەوتەوە کە میللەتێکی بێ دەرەتان و زۆلێ کراوی کوردیش هەیە . بۆیە وردە وردە سیاسەتی خۆی بەرامبەر گۆڕی . دیارە ئەمجارەش بە مەبەستێکی دیکە و لە پێناوی هەمان بەرژەوەندی ی خۆی دا . ئەمجارە بۆ گوشار خستنە سەر و هەڕەشە و چاو زێت کردنەوە لەو وولاتانە .

لە لاپەرە ١٧٤ دا نووسەر هەڵسەنگاندنێکی سەیر پێش چاو دەخات. دەڵێت : رەنگە وەبەر گرتنی ئەو هەڵوێستانەی پێشوو ، کەمی زانیاری یەکان بوو بێت دەربارەی کورد ناسی و مەسەلەی کورد . رەنگە هۆیەکی دیکەی ئەو بێ مەیلی و نا تێگەیشتنەی سۆڤیەت ، ئەوە بێت ، کە لە ١٩٣٤ دا پارتی کۆمۆنیستی عێراق دامەزراوە و پارتە کۆمۆنیستەکانی دیکەش هێندە

← (نەشی دەزانی جوێنەکە چی بووە !) ، گوتم رەنگە (کۆسمۆپۆلێتی) بێ گوتبن ، گوتی دەمخۆش خۆیەتی !

بچووك و بێ هێز بوون كه نەتوانن هیچ رۆڵێك له نه خشه كێشانی سیاسەتی سۆڤیەت دا ببینن . كاربەدەستانی كۆمینتێرن ، كه خەڵكی ئەو نێوچه یه نه بوون ، رەنگه هێندتا متمانەیان به مه سەله‌ی كورد لا درووست نه بوو بێت و ئەوان سیاسەتی سۆڤیەتیان بەدبین كردبێت .

نه خێر ! قەت هەڵسەنگاندنی ئاوها ناچێنه عەقڵەوه . ئەمه باد انەوه یه له راكانی پێشوو . خودی نووسەر له زۆر شوێندا پەنجەی بۆ ئەوه راكێشاوه كه میراتێكی هێجگار زۆر و زەوەندیان له تەزارەكانەوه بۆ ماوەتەوه و به شێكی كارەكەی لەو بارەوه نووسیوه . ئەو رووداو و هەڵوێستانەی پێشان نووسەر شی كردووەتەوه و پێش‌چاوی خستوون ، هێنده زەق و ڕەقن كه به صه د رەنگه و ده شێت ، كاڵ نەبنەوه و هەڵنەوه شێنەوه .

كۆمۆنیستی عێراق له ١٩٣٤ دا دامەزراوه ، خۆ كۆمۆنیستی دیكه له نێوچەكەدا هەبوون . كۆمۆنیستی ئێران و توركیا له بیستەكان دا دامەزراون و پێوەندییەكی توند و تۆڵیان لەگەڵ شووڕەوی و كۆمینتێرن دا هەبووه . كۆمۆنیستی سووریا له ١٩٢٨ دا دامەزراوه و مامۆستای كوردی هەره هەره پێشكەوتووخواز ، خالید بەگداش ، یەكێك له دامەزرێنەران و ڕێبەرانی بووه . خۆ ئەو مامۆستایه خەڵكی نێوچەكه بووه و بۆ بەد بەختی به تەسكەره كوردیشه . كه چی ئەوده مه له حەوتەمین كۆنگرەی ئومەمی شیوعی یدا وەكو نوێنەری (ئومەمی عارەبی) ی و سەرۆكی وەفدی وواڵاتانی عارەب به شداری‌ی ئەو كۆنگرەیه دەكات . له سەر بڵندگۆی كۆنگرەوه ئاوها دێته گۆ و له سەر گەلانی به شخوراو دەكاته وه :

(وواڵاته عارەبەكان كه زیاد له ٦٠ ملیۆن عارەبی لێ دەژین ، به شێوەیەكی دەستكرد و نارەوا به سەر زیاد له ١٢ دەوڵەت دا به شكراون ، كه هێزە ئیمپریالیستەكان دەستیان به سەردا گرتوون . ئەو وواڵاتانەش عێراق و

سـوریا و فەلەستین و ئەردەن و میسـر و لیبیا و تونس و مەغرب و . . . .تاد .
لەگەڵ باری ناهەمواری ئەو لەت و کوتی یەدا ، هێشـتا پێوەندی یە نەتەوەیی یەکە .
داب و نەریتی هاوبەش و یەك خاکی هاوبەش ، ئەم وولاتانەی تونـد پێکـەوە
گرێ داوە) . (*)
لە پاڵ ئەو دڵ گەرمی یەیدا بۆ میللەتێکی بە شـخوراوی وەکو عارەب ، کە کارێکی
بەجێ یە ، گەر بە راسـتی بایە ، چونکە ئێمە باوەڕ ناکەین کە سـێك دڵسی
بۆ میللەتی خۆی ژان نەکات و موچرکە بە ویژدانی لارەوە بووی دا نەیەت ، بتوانێت
میللەتانی دیکەی خۆش بوێت ! نیوەی ئا ئەو شـیوەن و گابۆرەی بۆ میللەتـە
دیل کراو و بێ چارەکەی خۆشـی بکردایە، ئەو سـا هەرچی یەکی گوتبا قابیلـی
قەبوڵ بوو . بەڵام رەنگە هاوڕێیانی ئارەزووی بیسـتنی شـتی بێ تـامی
لەو بابەتەیان نەکردبێت ! جا ئەگەر (بیری زانسـتانە) ئا ئەوە بێت کـە
هەندێك تێ ی گەیبون و مرۆ ئاوها نەزۆك بکات ، چەمان لە دە سـت دێت
لەوە زێتر کە لەگەڵ (بیکەس) ی هەرگیز زیندوو دا بڵێینـەوە :
(مەرحەبـا ئەی جەهل و وەحشـەت ، مەرحەبـا) .
جگەلەوە ، کە نووسـەر دەڵێت (کاربەدەستانی کۆمینتێرن خەڵکی ئەو نێوچەیە
نەبوون) ، گەر تا رادەیەك راسـتیش بێت کە زۆربەی هەرە زۆریان رۆژهەلاتی ی
نەبوون ، بەڵام خۆ لە مەریخەوە نەهاتوون . بە شـی زۆریان خەڵکی وولاتێکـن
کە پارچەیەکی کوردسـتانی دراوەتە دەم و دوولای سـنووریشـی بە دوو بەشی
کوردسـتانەوە بە سـتراوە . چۆن دەچێتە عەقڵەوە ئاگاداری هەموو سـرتە و
خورتەیەکی ئەمریکای خواروو و ئەفریقا و قوتبی باشـوور بن ، بەڵام گـرمەی

(*) د . ماهر الشـریف : " فلسطین و الشرق العربی فی نقاشات المؤتمر العالمی السابع للاممیة الشیوعیة " ، مجلة الثقافة الجدیدة ، ۱۲۵ ، تشـرین الاول ۱۹۸۰ ، ص ۲۳ — ٤۲ .

توپ و شـــریخه‌ی گوللەی ژمندرمه‌ی تورك نەبیســـتن و بیشـــەلانی گر و دوکەلـــی جەنگەلەکانی کوردســـتانی خۆرهەلات نەبینن و زایەلەی زمنگی هاوار و هانـــای شـــیخی مەزن لە پەردەی گویان نەدات ؟؟؟

ئەمە جگەلەوەی کاربەدەســـتانی کۆمینتیرن دەبیت کەســـانی زۆر کارامـــــە و شـــارەزا و ئاگاداری بار و دۆخی نیو دەولەتان بن ، چ جای دراوسیکانیان . کەواتە ، نەخیـــــــــــر ! مەســـەلە شـــتیکی دیکەیە . گشـــت هەلویست و پیوەندی و هەلس و کەوتیك لەپیناوی تاقە ئامانجیك دا وەبەرگیـــــــراون ، بـــــــەرژەوەنـــــــــدی ووڵاتیك کە نیوی ســـۆڤیەتە و لەســـەر میراتی تەزارمکان کرکەوتووە ، بەهەموکەوشەن و ســـــــنوورە کۆنـــــــــــە کانی یەوە .

باداهوەیەکی مەزنی سیاسەتی ســـۆڤیەت بەرامبەر مەســـەلەی کـــــــورد

کـــۆماری مەهاباد

کۆتایی هاتنی دووهەم جەنگی جیهانی ی ، گۆڕانیکی دراماتی بـــوو لەوسیاســـەتەی ســـۆڤیەت دا بەرامبەر بە کورد ، کە کەمیك پاش جەنـــگ لەدامەزراندنی کۆماری مەهاباد دا ، بەکۆمەکی ســـوپای ســـــــــووری خۆی نـــــــــوانـــــــد .

دەربارەی کۆماری کەم تەمەنی مەهاباد ، کە بەکۆمەکی شـــوورەوی ی دامەزرا و بەکشـــانەوەی رووخا ، گەلەك را و بۆچوونی دژ بەیەك هەن ، کە زۆر بـــەیان یەك لۆنە و تیشـــك خەرە ســـەر لایەنیکی مەســـەلەکەن .

هێزه رۆژئاوایی یەکان ، وای لێك دەدەنەوە ، کە ئەو رووداوە ، شەقاو نانێکی سۆڤیەت بووە بۆ خزانە ئاسیاوە . رژێمی ئێران و ناسیۆنالیستی فارس بە شالاوێکی سۆڤیەتی تێ دەگەن ، کە گوایە ویستوویە لە ڕێگەی بەکرێگیراومکانی یەوە ، پارچەیەك لە خاکی ئێران داپچڕێت .

ڕەخنە گرانی دژ بە ستالین و کوردە هیوا ڕماومکان ، بە کلاوبازی یەکی سۆڤیەتی تێ دەگەن ، کە چارەنووسی کۆمارەکەی بە یەك دووگاڵوێن نەوت ئاڵ و وێڵ کرد .

ئەم هەڵسەنگاندنانە یەك لایی و سەربێیین و تەنها لایەنێکی ڕاستی ی مەسەلەکە یەکالا دەکەنەوە . بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینەی مەسەلەکە ، دەبێت ئەو گۆڕانکاریانەی لە مل ملانێ ی هێزە زەبەلاحەکان دا بە هۆی دووهەم جەنگەوە هاتە گۆڕێ ، هەروەها ئەو هەراش بوونەی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد کە هاوکاری ی سۆڤیەتی ڕەخساند ، تەواو شی کەینەوە .

لەپاڵ کۆمەکی ڕاستەوخۆ و تاڕادەیەك گردەبڕی سۆڤیەت دا ، پێشهاتەکانی کۆماری مەهاباد زادەی گەشەکردنە ئاسایی یەکەی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد بوو .

سۆڤیەت ، کە وەکو زل هێزێکی پلەی دووهەم بە شداری ی جەنگی دووهەمی کرد ، وەکو زل هێزێکی دەرەجە یەك لێ ی خەلەسی . ئەمە وای لێ کرد بە شێوەیەکی بەرچاوتر مەسەی بەرژەوەندی یەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێومڕاست دا بکات ، وەك لە سەردەمی نێوان دووجەنگەکە دا . لە کاتی جەنگ دا ، پەیوەندی ی خۆ ی لە گەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد دا گرێ دابوو . ئەمەش بۆ جێ بێ قایم کردنی چارەنووسی نادیاری پاش جەنگ بوو .

هاریکاری‌ی سۆڤیەت لەگەڵ کورد دا، ناتوانرێت لەگەڵ بوونی سۆڤیەت لە ئەوروپادا بەراورد بکرێت . لە ئەوروپا دا پارتە کۆمۆنیستەکان و بەرەی میللی هەبوون ، کە هاریکاری‌ی سۆڤیەتیان دەکرد . بەڵام لە کوردستان دا نە پارتێکی کۆمۆنیست هەبوو نەهێزێکی سەر بە بیر و ئیدیۆلۆژی‌ی سۆڤیەت ، بەڵکە کۆمەڵێك سەرکردەی میللی ، کە تارادەیەك سۆڤیەتیان بە تاقە هیوای کورد دەزانی . جگەلەوە سۆڤیەتیش هەڵوێستی خۆی گۆڕی بوو ، هاریکاری‌ی پارتە ناکۆمۆنیستەکانیشی دەکرد .

عەودالی‌ی سۆڤیەت بە دووی هاوکارێك دا، لەو نێوچەیە دا ، تەنها ترس و دڵەڕاوکەی تین و تاوی نازی‌ی نەبوو لە ئێران و تورکیا دا ، وەکو بیانووی رەسمی‌ی هێرش کردنە ئێرانی ١٩٤١ یان رایدەگەیاند ، بەڵکە ئەو راستی‌یە بوو ، کە ئەو رژێمانە لە بیستەکان دا دۆستی سۆڤیەت یا بەلای کەمەوە بێ لایەن بوون ، بەڵام لە سی‌یەکان دا سەر بە بەرەی ڕۆژئاوا بوون و لە پەیمانەکانی دژ بە سۆڤیەت دا بە شدار بوون .

پاشان نووسەر گەشتێکی پێویست بە گشت ڕووداوەکان دا دەکات. چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ . ك) و پاشان (پارتی دێموکرات) و دەور و ڕۆڵی لە پێشخستنی مەسەلەکەدا و پێوەندی‌ی لەگەڵ دەوڵەتی شووڕەوی و هەوڵدانی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دەوری پێشەوا لەو ڕووداوانەدا شی دەکاتەوە . هەوڵدانی شووڕەوی بۆ پابەند کردنی کۆماری کوردستان بە کۆماری ئازربایجانەوە و پێشاندانی وەکو پاشکۆیەك و بە شێك لەو کێشەیە و هۆکانی دیاری دەکات .

ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین ئەوانە هەمووی بۆ خوێنەر ڕاگوێزین ، چونکە زۆر دەربارەی ئەو مەسەلانە نوسراون و گوتراون . گرنگ لای ئێمە

هەلوێستی شووڕەوی یە بەرامبەر بەو ڕووداوانە . بۆ ئەو دووکۆمارەی دامەزراند و بۆ پاشان دەستی لێ بەرهەڵدا کردن ؟ ئایا مەسەلە تەنها گوشار و زۆر بۆ هێنانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوو وەکو هەندەك وای نیشان دەدەن ؟ یاخود مەسەلە تەنها دەسخستنی نەوت بوو وەکو دژەکانی رای پێشوو پێش چاوی دەخەن ؟ یا ئەوانە هەمووی و هەندێ یاریدەدەری دیکەش ڕێگەی ئەو نەهامەتی یەی کورد و ئازربایجانیان خۆش کرد و ئەو هەلوێستە چاوەڕوان نەکراوەیان بەسوڕشیت وەبەر گرت ؟؟؟؟

ئێمە لێرەدا یەکە یەکە ئەو هۆکارانە شی دەکەینەوە و هەوڵ دەدەین هۆکارێکی دیکەی گرنگیش پێش چاو بخەین :

١ــ بە ئاگاهێنانەوەکەی ئەمریکا و گۆشاری هێزە ڕۆژئاوایی یەکان :

کاك فازڵ لە ل ٢٠٢ دا دەنووسێت : " کە سوپای سوور ، ئوردووی ئێرانی لە سەر ڕێگەی ئازربایجان ڕاگرت ، ئەمریکا و ئینگلتەرە ، نا ڕەزایی خۆیان دەربڕی . ئەمریکا ویستی لە ڕێگەی دیبلۆماسی یەوە ، سنووریك بۆ دەستەڵاتی سوپای سوور لە ئازربایجان دا ، دابنێت . بەڵام ستالین ئامادە نەبوو گوێ بۆ داوای وا شل بکات و دەمەتەقێی لە سەر بکات " .

زۆر ڕاستە . ئەوکاتە سەرمتای سەرهەڵدانی مەسەلەکە بوو . شووڕەوی تازە بازی یەکەیی دەست پێ کردبوو . بۆیە هێرشی سوپای ئێرانی بۆ سەر ئازربایجان ، لە (شەریف ئاباد) ڕاگرت و ڕێگەی دەست دڕێژی کردنە سەر کۆماری ئازربایجانی لێ گرتن . چ باکێکی لە نارەزایی ئەمریکا و ئینگلتەرە نەبوو. هەتا ئامادە نەبوو دەمەتەقێشی لە سەر بکات !

بەڵام پاشان دەبینین زەندەقی لە بە ئاگاهێنانەوەی ئەمریکا دەچێت و خێرا پشتی هەردوو کۆمارەکە بەرهەڵدا دەکات و سوپای خۆی دەکێشێتەوە !

باشه شوورەوی‌ی ئەمجارەیان چ ترسێکی لەو بەئاگاهێنانەومیەی ئەمریکا هەبوو ؟ بە ئاگاهێنانەوەکە چ بوو ؟ ئایا هەرە شەی بەرپاکردنی جەنگی دژی شوورەوی‌ی بوو ؟ یا هەرە شەی پساندنی پێوەندی‌ی دیپلۆماسی بوو ؟ یا بە فیشالی هەندێ کۆمۆنیست گوایە بە بۆمبای ئەتۆم لە شوورەوی‌ی دەدا ؟ نەخێر ! ئەوانە هیچی نەبوو . ئەمریکا شوورەوی‌ی بە ئاگاهێناپەوە ، گەر وەکو هەر سێ وولاتی (ئێران و ئینگلتەرە و شوورەوی‌ی) رێك کەوتوون ، شوورەوی‌ی هێزەکانی خۆی نەکێشێتەوە ، ئەوا ئەمریکاش هێزی خۆی دەنێرێتە باشووری ئێرانەوە . یانی بارێکی وەکو سەردەمی جەنگ دەهاتە کایەوە . بارێکی وا کە لە زۆر وولاتانی دیکەی ئەو سەردەمە دا هاتبووە گۆڕێ ، وەکو لە ئالمانیا و نەمسا دا . لە ئالمانیا دا ، ئەو بارە هەتا ئەورۆکەش بڕی کردووە و بەردەوامە .

ئەوەتا ، (جۆرج آلن) ی بالوێزی ئەمریکا لە ئێرانی ئەو سەروەختەدا ، کە بە گوتەی شا یەکێك بووە لە دۆستە راستەقینەکانی ئێران ، پشتیوانی‌ی تەواوی دەولەتی ئەمریکای بۆ ئێران دەربڕیوە ، بەڵام ئاشکرا و ڕوون بە شای گوتووە : " ئێمە ئامادە نین لە سەر ئێرانێك ، لەگەل شوورەوی‌یدا بە شەڕ بێین " . (*)

ئیدی دەبێت شوورەوی‌ی چ ترسێکی لەوە هەبێت کە خۆی ژووروووی ئێرانی لە ژێر دەست دابێت و نیوەکەی خواروووی لەژێر دەستی ئینگلیز دا ، ئەمریکا لە قوڵی باشووروەوە خۆی تێ ترنجێنێت ؟ ئایا شوورەوی‌ی هێندە دڵی بە ئێران دەسووتا کە دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندی‌یەکانی ببێت ، بەوەرجەی‌ئەمریکا میللەتی کڵوڵی ئێران ژێر دەستە نەکات ؟؟؟

لە راستی‌یدا شوورەوی‌ی بۆیە ملی داو ترسی لەو هاتنەی ئەمریکا پەیدا کرد ، چونکە پێی وابوو ، گشت بەرژەوەندی‌یەکانی لە پێگەی گوشاری حیزبی تودە و هەڵوێستی تێگەیشتوانەی (قوام السلطنة) ەوە بە هێمنانە و بێ دەردی سەر دەچەسپێت و ئیدی پێویست ناکات سەر و کەللەی ملوزمێکی بەدفە سالی وەکو ئەمریکا لە ئێرانیشدا لە بەردەمیدا قوت بێتەوە و ببێتە شەریکە بەش . ئەوکاتانە حیزبی تودە

(*) محمد رضا پهلوی : " پاسخ به تاریخ " ، انتشارات کی . وی . سی ، لندن . ص ٥٧ ، سالی چاپی لە سەرنی‌یە .

تاکه حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن جەماوەر بوو . بەڵام وەکو کاك فازڵ بەهەڵە لە ل ۱۸۹
دا دەنووسێت گوایە لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی ۱٤ هەمی پارلەماندا ۱/٥ ی دەنگیان
بە دەست هێناوە ، وانیە . حیزبی تودە تەنها هەشت نوێنەری
لە پارلەمان دا هەبوو . بۆ نموونە لە شاریکی وەکو تاران دا کە بنکەی
راستەقینەی دەستەڵاتی حیزبی تودە بوو ، لەو هەڵبژاردنەی پارلەمان دا ،
سەرپاکی دەنگەکان ٤١٣٤٦ دەنگ بووە . دوکتۆر (یزدی) کە لە هەمبوو
پاڵێوراوەکانی تودە دەنگی زێتری پێ دراوە ، تەنها ٤٧١٩ دەنگی هەبووە.(*)
کە ئەمە لە هەشت یەکیش کەمتر دەکات .
بە هەرحاڵ تودە هێزێکی حسێب بۆ کراوی هەبووە . جگە لەوە شوورەوی
لە هەڵوێستی ڕێوی بازانەی (قوام) گەلەك گەش بین بوو . پێیان وابوو ، مادام
(قوام) دژی سیاسەتی ئینگلیز دەوەستێتەوە ، ئیدی دۆستی ئەوانە .
یاخود خۆشی وای نیشان دەدا و حیزبی تودە و شوورەوی تەواو تەواو
خۆش بین کردبوو . ئەوەتا دوکتۆر (انور خامەای) ، کە یەکێکە لە ڕێبەرانی
بەرچاو و نووسەرێکی لێ هاتووی ئەوکاتەی تودە ، لە بیرەوەرییەکانی دا ، ئاوا
دەگێڕێتەوە : (قەوام بە زیرەکی و لێ هاتوویی یەکی تەواوەوە هەوڵی دەدا ،
پشتیوانی ی ڕێبەرانی حیزبی تودە بۆ خوی مسۆگەر بکات . سیاسەتی
دژ بە ئینگلیزی قەوام ، ڕێبەرانی حیزبی تەواو گەش بین کردبوو . خۆشی
سەرکردەکانی حیزبی تودەی وەکو اسکندری ، دوکتۆر یەزدی ، ڕۆستا ،
دوکتۆر رادمنش و تارادمیەك دوکتۆر کشاورزیشی فریو دابوو . گفتی ئەوەی دابوونێ
کە حوکومەت تە سلیمی ئەوان بکات . ئەو کۆمەکانەی لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی
چواردەهەم دا بە هەندەك لەوانەی کردبوو ، دەیکردە بەڵگە و دڵنیای دەکردن
کە لە دەورەی پازدەهەم دا زۆربەی مەجلیس مسۆگەرە . ئەوانیش بەردەوام

(*) دکتر انور خامەای : " فرصت بزرگ از دست رفته " ، ص ۹۳ .

کاربەدەستانی شووڕەوی‌یان لە بڕوام خۆش‌بین دەکرد . ئەو گەش‌بینی یەی ڕێبەران گەیشتە ڕادەیەك کە لەتەواوی حیزب‌دا ڕەنگ بداتەوە و لای خەڵکییش سەرمکات. بۆیە خەڵکی‌ی سەرکەوتنی (قوام) یان بە سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی حیزبی تودە و شووڕەوی‌ی حسێب دەکرد . ئا ئەو گەش‌بینی یە یێ بنچینەیە ، گەورەترین ڕێگە خۆشکەری شکستی سیاسەتی شووڕەوی و حیزبی تودە بوو) . (*)

دەما ڕەنگە ئەو بە ئاگاهێنانەوەیەی ئەمریکا ، لە سەردەمی دەستەلاتی (قوام) دا نەبایە ، بەڵکە لە سەردەمی دەستەڵاتی (حکیمی) یا (سید ضیاء) دا بایە ، شووڕەوی‌ی چ باکێکی نەبایە و چ بایەخێکیشی یێ نەدایە .

ئاشکرایە لەو دەمە دەمی بەرکوڵەی کفتوگۆی (قوام) و (ساد تشیکۆف) دا ، ئەو بە ئاگا هێنانەوەیە یێ تین و تاو نەبوو . شووڕەوی‌ی ناچارکرد پەلە لە مەسەلەکەدا بکات . چونکە ترسی ئەوەی پەیدا کرد ، کە تەڵەکەی پووچ بتەقێتەوە و گۆمی هێمنی بەرژەوەندی‌یەکانی لێ بشڵەقێنن . ئا ئەوە بوو ترسی ڕاستەقینەی شووڕەوی‌ی . نەك وەکو هەندەك ڕایدەگەیەنن ، گوایە ترسی جەنگێکی جیهانی‌ی دیکەی هەبووبێت .

٢ــ مەسەلەی ئیمتیازی نەوت ، ئایا مەسەلەیەکی گرنگ و جەوهەری بوو بە لای شووڕەوی‌یەوە ؟

یەك پرسیاری زۆر سادە و ڕەوان ، کە من تا ئێستا لە هیچ نووسینێکی بەر لەمەی خۆم دا نەمدیتووە ، سەری گلۆلەی مەسەلەکەمان لە وەڵامەکەیەوە دەکەوێتە چنگ . بە شیکردنەوەیەکی بارە سیاسی یە میژوویی یەکە مەبە ستی سەرمکیمان بۆ دەکاتە هێلکەی پاکراو و هیچ منگە منگێك یێ‌ی لێغە پۆش‌ناکرێت . پرسیارەکە ئەوەیە : ئایا بۆچی شووڕەوی‌ی لەو هەموو سالانەی جەنگ دا ، هیچ

(*) فرصت بزرگ از دست رفته . ص ٢٧٤ــ ٢٧٥ .

ڕێگەی کورد یا ئازەری نەدەدا کە بانگی ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی خۆیان هەلدەن ؟ لەگەڵ ئەوە شدا ، بە تایبەت کورد ، لە هەموو بۆنەو پێك گەیشتنێکدا لەگەڵ لێ پرسراوانی شووڕەوی ئەو داوایەیان پێش چاو دەخست . بەلام ئەوان هەر دەیانگرتن بە دەمەوە و بە جاری کاتی نەهاتووە ، ژیریان دەکردن . کە چی ئا لەو دەمە دەمی کۆتایی جەنگ دا لە پرێك ئەو هەلوێستەیان وەبەر گرت ؟؟؟ پێم وایە پرسیارێکی بە جێیە و وەرامێکی بەجێشی گەرەکە . بۆیە هەول دەدەم بەکورتی بارەکە شی بکەمەوە و بۆ خوێنەری روون بکەمەوە :

وەك ئاشکرایە سوپای شووڕەوی لە ئۆگوستی ١٩٤١ دا هێرشی کردە ئێرانەوە . هەر لە سەرەتاوە هەوڵی رایەڵ کردنی پێوەندییەکی چاکی لەگەڵ دانیشتوانی ئەو نیوچانە دا ، دا . ئەو هێرشە بەپێی ڕێکەوتنامەیەك بوو ، لەگەڵ ئینگلیز دا . بەو مەبەستەی بەر بە ئیحتیمالی شالاوێکی ئالەمانیای نازی بگرن ، کە بیەوێت لە قوڵی باشووڕەوە شووڕەوی گەمارۆ بدات . هەردوو وڵات لە سەر ئەوە ڕێك کەوتبوون ، کە دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەرنەدەن . یەکپارچەیی خاکەکەی بپارێزن . پاشجەنگ هێزەکانیان بکێشنەوە .

کاریگەرێتی ئەو پەیمانە بەجۆرێك بووە ، کە (انور خامەای) لە بیرەوەریەکانیدا دەربارەی دامەزراندنی حیزبی تودە لە ١٩٤١ دا ، ئاوهامان بۆ دەگێڕێتەوە :

(اسکندری و نوشین پێوەندیی بە باڵوێزخانەی شووڕەوییەوە دەکەن . پێشینی کۆمۆنیستانەی خۆیان روون دەکەنەوە . داوای ڕێگەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست دەکەن . بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئەوانەوە ، داواکەیان دەدەنە دواوە و ڕێگەیان پێ نادەن . ئەو دەمکاتە (رضا ڕوستا) لە دووخراوەیی دەگەڕێتەوە . کە مە سەلەکە لە اسکندری دەبیستێت ، دەڵێت من ئیجازەی دامەزراندنی وەردەگرم . دەچێتە باڵوێزخانەی شووڕەوی و ئەوانیش بەم مەرجانە ڕێگەی دەدەن :

١ــ دەبێت حیزبێکی رەسمی و قانونی بێت . یانی نەك تەنها بە گوفتار ، بەڵکە دەبێت بە کردارێش ، گوێرایەڵی یاسا بنجی یەکانی سەڵتەنەت و مە شروتی یەت بێت .

٢ــ دەبێت بە هیچ شێوەیەك نێزیکی بیری مارکسیزم و کۆمۆنیزم نەکەوێت و هیچ رەفتارێکی وا نەنوێنێت کە دەری بخات سەر بەو ڕێبازە ئیدیۆلۆژییەیە .

٣ــ لە سیاسەتی جیهانی یدا ، پشتیوانی هێزە هاوپەیمانەکان و دوژمنی سەرسەختی ئاڵەمانیا و ئیتالیا و ژاپۆن بێت . پارێزگاریی تەواو لە هەڵوێستی هاوپەیمانان ، شوورەوی و ئینگلیز و ئەمریکا دەکات . دیارە دەبێت زێتر پشتی شوورەوی بگرێت . بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕەخنە لە هاوپەیمانەکانی ناگرێت و هێرش ناکاتە سەریان .

٤ــ تا دەتوانرێت کەسانی نێو بەدەرەوە و ناسراو و بە شۆرەت کۆکرێتەوە .

٥ــ جموجۆڵی حیزب ، نابێت هیچ زیانێك بەبەرژەوەندی یە ئابووری یەکانی وڵاتانی هاوپەیمان بگەیەنێت . بە تایبەت لەو کارخانە و شیرکەتانە دا کە خزمەت بە هاوپەیمانان دەکەن ، وەکو کارخانەکانی چەك سازی و شیرکەتەکانی نەوت ، نابێت لەو شوێنانە نەقابەی کرێکاران دامەزرێنن و داواکاری کارگەران پێش چاو بخەن ، یا مان بگرن). (*)

یانی یەك حیزبی لیبرالیزم بەهێننە کایەوە و لە هەموو چین و تۆژاڵەکانی تێ بئاخنن . دیارە شوورەوی یەك ، ئابەو ترس و لەرزە و ئا بەو شێوە و شێوازە ڕێگەی دامەزراندنی پارتێکی کۆمۆنیستی وابە ستە بە خۆی بدات ، ئەوا ڕێگەی سەرمڕۆیی و زێدەمڕۆیی بە هیچ هێز و گرووپێکی نێوچەی دەستەڵاتی نادات .

بـــ

ئەو کاتانە شوورەوی لەبەر دەم هەرەشەی شالاوی سوپای ئاڵەمانیای نازی

(*) دکتر انور خامەای : " فرصت بزرگ از دست رفته " ، ص ١٧ــ١٨ .

دا بـــوو . لاره‌مل و چاوله ده ســـتی کۆمه‌کی سوپایی و ئابووری‌ی ئه‌مریکا و ئینگلیز بوو . بۆیه نه‌یده‌توانی ســـه‌ریێچی له‌و په‌یماننامه ره ســـمی یه مۆرکراوانه بکات . هاوپه‌یمانانی ، کۆمه‌کێکی به‌رچه‌سته و به‌رچاویان به شـــووره‌وی‌ی ده‌کرد . له به‌ندەر عه‌باســـه‌وه رۆژانه ژماره‌یه‌کی یێ ئه‌ندازه پاپۆری بارکێشـــی ده‌ویستان . که چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نی و توپ و زرێپۆش و شه‌مه‌نده‌فه‌ر و فارگۆن و لۆری و فرۆکـــه و کۆمه‌کی دیکه‌ی ئه‌مریکی و ئینگلیزی‌یان به رێگه‌ی شـــه‌مه‌نده‌فه‌ر دا ، به‌ره‌و سۆڤیه‌ت به‌رێ ده‌کـــــــرد . (*)

جگه له‌وه زۆربه‌ی کارخانه‌گانی چه‌ك ســـازی‌ی ئێران ، به‌رهه‌می خۆیان بـــــه‌ره‌و شـــووره‌وی‌ی ده‌نارد . به‌هۆی ئه‌و باره ئابووری‌یه خراپه‌وه که جه‌نگ له شووره‌وی‌دا خولقاند بووی ، زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری به‌رهه‌می کشـــتوکاڵی‌ی باکوری ئێران ، به‌ره و شـــووره‌وی‌ی به‌کێش ده‌کرا .

ئا له‌و حاڵ و باره دا ، ســـتالین نه‌یده‌توانی ســـه‌ریێچی له گفتی خۆی بکات و ده ســـت به خێری خۆیه‌وه بنێت . جگه له‌وه ، ئه‌وکاتانه ســـتالین پێ‌ی وابـــوو له‌رێ‌ی دڵ راگرتنی چینی ده ســـته‌ڵات داری ئێرانه‌وه ، ده‌توانێت جێ پێ‌ی خۆی له ئێران دا بکاته‌وه . (**)

له نۆڤه‌مبه‌ری ۱۹٤۳ دا ، کاتێك کۆنفرانسی تاران گیرا ، به پێچه‌وانه‌ی رۆزفلت و چه‌رچڵه‌وه که شـــا خۆی ده‌چێته لایان ، ســـتالین خۆی ده‌چێته خزمه‌ت شـــا . له حاڵ و باڕیکدا که ئه‌وسێ که‌ڵه پیاوه‌ هێنده ترسیان له پیلانێکی ئاڵه‌مانی‌ی هه‌بوو که ده ســـت بکێشـــێته گیانیانه‌وه ، له نێوان باڵوێزخانه‌کان و شـــوێنـــی حه‌وانه‌وه و کۆبوونه‌وه دا ، تونێلی ژێر زه‌وی‌یان هه‌ڵکه‌ندبوو . ستالین پێ یاساوڵ و

(*)Gerard de Villiers: Der Schah, Heyne Verlag, München, 1979, S. 149 .

(**) دکتر انور خامه‌ای : " فرصت بزرگ از دست رفته " ، ص ۱۸ .

پاسەوان خۆی دەگەیەنێتە دەربار . تەنها (ماکسیموف) و (مولوتوف) ی وەزیری دەرەوە لەگەڵ خۆی دەبات . ستالین شا تۆند لە ئامێز دەگرێت و گەلەك بە تامەزرۆیی و دڵگەرمی یەوە دەستی دەگوشێت . لەو دانیشتنە دا گفتی ژمارەیەك زریپۆشی ت ٣٤ و چەند فڕۆکەیەکی جەنگی ، بە شا دەدات .(*) بۆیە هەر لە سەرەتا وە ، کاربە دەستانی شوورەوی ی ، جەستەری پێوەندی و دۆستایەتی یان لەگەڵ هێزە نێوچەیی یەکان دا بەست.دڵیان ڕادەگرتن و گدی گدی هەستی نەتەوایەتی یان دەدان ، تا لایەنگیری یان مسۆگەر بکەن . چونکە چارەنووسی شەڕ هێشتا نادیار بوو . دیارە لە حاڵەتی پێویستی وخەتەر دا ، لایەنگیری و دۆستایەتی یان سوودی چاکی بەبەرهەم دەهێنا . بەڵام ئەوکاتانە ڕێگەی ئەوەیان نە دەدان هیچ هەنگاوێك هەڵنێن کە هاوپەیمانان دڕدۆنگ بکەن . کاتێك سەر ئەنجامی شەڕ هێواش هێواش ڕوون بووەوە و شکاندنی هێزی چەپەڵی نازی ی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان ئاشکرا بوو ، ئیدی شوورەوی ی کەوتە بار و دۆخێکی دیکەوە . ستالین وەك پاڵەوانێك و سەرکەوتوویەکی جەنگ هاتە مەیدانی تاڵان کاریەوە . شوورەوی ی ڕێی ئەوەی بۆ خۆش بوو ، وەکو دەوڵەتێکی زەبەلاح و هاوەن هێز بێتە سەر شانۆی سیاسەتی جیهان . بۆیە ستالین چیدی بەو لارەملی و زەلیلی و چاوەڕوانە دەستی یەی جاران هەڵس وکەوتی لەگەڵ هێزی زەبەلاحی بەریتانیای مەزن و هێزی تازە پێداکەوتووی ئەمریکا دا نەدەکرد . بەڵکە لەو مەنطیق و عەقڵیتەوە ، کە وڵاتێکی سەرکەوتووە و بە زیانێکی زۆرەوە لە جەنگ خەلەسیوە و لووتی هێزی ڕووبەڕوی نازی ی لە بەرد داوە و پاداشتیشی گەرەکە . لە ئەورووپا بدا ... ، لە شکری سوور ، هەتا چ سنووردێك ئوردووی نازی ی هەڵبڕی

(*) Gerard de Villiers: Der Schah, S. 160-161 .
هەروەها بروانە : محمد رضا پهلوی :"پاسخ به تاریخ" . انتشارات کی .وی . سی . لندن . ص ٢٠٧ .

بەکەوشەن و سنووری دەستەلاتی سۆڤیەت مایەوە . ئەو نەخشە کێشانەی ئەورپا ، هەتا ئەورۆکەش بەوشێوەیە بەردەوامە . نەمسای لێ دەرچێت ، کە لە ١٩٥٥ دا لە شکری سوور لەو بەشەی داگیری کردبوو ، کشایەوەو دەوڵەتێکی بێ لایەنی لێ دامەزرێنرا ، سەرباکی ئەوانی دی لە سایەی پۆستاڵ و زرپۆشی لە شکری سووردا ، لە خەتەری ئیمپریالیزم قوتار بوون و حەسانەوە .

کۆتایی ١٩٤٣ شیرکەتە ئەمریکی و ئینگلیزیەکان ، داوای ئیمتیازی نەوتی خواروو ی ئێران دەکەن . لە سیپتەمبەری ١٩٤٤ دا ، (کافتارادزە) ی جێگری وەزارەتی دەرەوەی شوورەوی و وەفدێك دەچنە تاران . داخوازی‌ی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران پێشکەش بە رژێمی ئێران دەکەن . حوکومەتی (ساعد) وەرام دەداتەوە ، کە (پێش رۆشن بوونەوەی باری ئابووری‌ی جیهان و هێور بوونەوەی باری سیاسی و کۆتایی هاتنی جەنگ ، دەوڵەتی ئێران هیچ ئیمتیازێك بە هیچ دەوڵەتیك نادات) .

ئەمە دەقی هەمان پێشنیاز بوو ، کە دوکتۆر رادمنش ی نوێنەری حیزبی تودە لە پارلەمان دا ، پێش‌ئەوەی شوورەوی‌ی داوای ئیمتیازی نەوت بکات ، لەوەرامی داواکردنی ئیمتیازی نەوتی ئینگلیز و ئەمریکا دا بەر چاوی خستبوو .

چەند رۆژێك پاشتر ، کافتارادزە ، لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامە نووسان دا لەتاران ، داواکاریەکەی دووبارە دەکاتەوە و بە دەنگێکی رەق و تووڕەیی یەوە کە بۆنی هەڕەشەی لێ دێت ، هێرش دەکاتە سەر حوکومەتی (ساعد) و بە تێك دەری پێوەندی‌ی نێوان شوورەوی و ئێران تاوانباری دەکات .

سێ رۆژ پاشتر ، حیزبی تودە بە چاودێری و هاوکاری‌ی سەربازانی شوورەوی‌ی لە تاران دا خۆپیشاندانێك رێك دەخات . دروشمی خۆپیشاندەران (روخاندنی ساعد) و (ئیمتیاز دانی نەوت بە شوورەوی ی) دەبێت .

حوکومەتی (ساعد) پاش مانگێك دەروخێت و (سهام السلطان بیات) دەبێتە سەرمك وەزیران . لە کۆبوونەوەیەکی پارلەمان دا ، دوکتۆر مصدق ، پێشنیازی ئەوە دەکات یاسایەك دا بنرێت کە هیچ سەرمك وەزیرانێك ، بێ رازی بوونی پارلەمان ، مافی ئەوەی نەکەوێت ، ئیمتیازی نەوتی ئێران بە هیچ وولاتێك بدات. ئەو پێشنیازە دەبێتە یاساو ئاوێکی پاك بە دەستی کافتارادزە دا دەکات. ئەوێك کەمانگ و نیوێکە چاوەروانە حوکومەتی ساعد بروخێت و یەکێکی دی بێتە جێگەی و ئیمتیازی نەوتیان بداتێ ، ئومێد براو دەبێت و بە هەرەشەوە و وەکو نارازی دەربرینێك دەست بەجێ تاران بە جێ دەهێلێت و دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ . (*)

مەسەلەی ئازربایجان و کوردستان ، لەو کێشەیەوە سەری هەلدا . رەنگە گەر کافتارادزە بە مەرامی خۆی گەیشتبا و بە هەر جۆرێك بایە ئیمتیازی نەوتی چنگ کەوتبا ، مەسەلەیەك بە نێوی کۆماری کوردستان و ئازربایجانەوە نە هاتبایە گۆڕێ . چونکە تا ئەوکاتە کوردیان خاو دەکردەوە ڕێگەی وەبەرگرتنی هەلوێستی لەو بارەیان نە دەدان . بەڵام کە دڵنیا بوون لەوەی دەوڵەتی ئێران مل نادات ، ئەوجا ستالین ئامبازی ئامرازی هەرەشەو زۆربۆهێنان و چاوزیت کردنەوە بوو . هەتا ئەو کاتە ، تاکە ئامرازی دەستی شوورەوەی سوپای سوور و حیزبی تودە بوو . دڵنیا بوو لەوەی هەتا سەر ناتوانێت لە ئێران دا بمێنێتەوە . درەنگ یا زوو دەبێت چۆڵی کات . حیزبی تودەش بە تەنیا هیچی پێ ناکرێت . بۆیە ناچار بوو ئامرازی گوشاری گرنگتر و زۆرتری هێنایە گۆڕێ . ئەوجا سەرەتا فیرقەی دێموکراتی دامەزراند و کۆماری ئازربایجانی پێ دروست کردن . پاشانیش ڕێگەی کوردی دا ئاواتیان بهێننەدی و کۆمارێکی

(*) فرصت بزرگ ، ص ١٣٤ – ١٤٧ .

سەرەخۆ دابەزین . گشت کۆمەکێکی بە هەردوو لاشیان کرد .
هەتا ئێرە نیوەی وەرامی پرسیارە ساکارەکەی خۆمان چنگ دەکەوێتەوە .
ئەویش ئەوەیە کە ئەو هەموو ماوەیەی جەنگ رێگە بە کورد و ئازەری نەدرا کە
هەنگاوێکی لەو بابەتە هەڵنێین . بەڵام کە بەرژەوەندییەکانی وای پێویست کرد
وەکو ئامرازێکی زۆر بۆ هێنەر و گوشارخەرە سەر رایانکێشێتە مەسەلەکەوە ،
ئەوسا رێگەی پێ دان و پشتگیریشی لێ کردن . دیارە لە بازییەکی
لەو بابەتەدا تا وەرەقەی زێتری بە دەستەوە بێت ، جێ پێی قایمتر و
دەتوانێت چێتر بیجەرێنێت .
نیوەی دووهەمی وەرامی پرسیارەکەمان لە دەور و رۆڵ و نەخشە و فرو فێڵ و
حیلە بازی (قوام السلطنة) دا دەدۆزینەوە ، کاتێک زۆر ئەهریمەنانە
توانی فاقەی شووڕەوی بە چیلکەیەک پووچ بتەقێنیتەوە .
(قوام) سیاسەت بازێکی زۆرزان و بەتەجرەبە بوو . وەک لە هەندێ بەڵگەنامەو
دۆکۆمێنت دا وەدەست کەوتوون ، وا دەردەکەوێت کە بەردەوام بالوێزخانەکانی
ئەمریکا و ئینگلتەرەی لە گشت هەنگاوێک ئاگادار کردووە و راوێژی پێ کردوون .
دیارە ئەوانیش نەخشەو پلانی پێویستیان بۆ کێشاوە و لەبەر رۆشنایی
ئەو کۆمەکانە دا هەنگاوی هەڵناوە . بۆیە وا بە سەرکەوتووانە توانی سۆڤیەت
بخاتە مەوقعێکەوە ، کە پێ هیچ دەسکەوتێک و پێ زیاندانێکی ئەوتۆ بەری بۆ
بەرهەڵدا بکات و بە ناچاری پاشەکشەبکات .
(قوام) بازییەکەی خۆی سەرەتا بە پشتگیری و کۆمەکی تودەدەست پێ کرد .
ئەوە بوو پشتگیری فراکسیۆنی تودەی لە پارلەمان دا مسۆگەر کرد . ئەوسا
هەوڵی دا شووڕەوی وا تێبگەیەنێت کە دۆستێکیانە و هێندەی لە دەستی بێت
هەوڵ دەدات ئیمتیازی نەوت بۆ ئەوان مسۆگەر بکات . وەک پێشان

رووتمان کردەوە حیزبی تودە ئەو هۆش بینی یەی لای شوورەوی یش دروست کرد . قەوام نەهات لەگەڵ کورد و ئازەری یدا گفتوگۆ دەستیێ بکات . بە تاکە تاکە رووبەکی وای نیشان دەدان ، تا لێکیان بکات و لاوازیان کات . بەڵام ئەو دەیزانی کردنەوەی گرێکە لە لایەکی دیکەیە . بۆیە یەکە و راست چووە لای ستالین و مۆلۆتۆف . دەیزانی گەر شوورەوی یێ رازی بکرێت ، کە دەستیان لێ بەرهەڵدا بکات ئیدی چ خەتەرێك لە ئارادا نامێنێت و خۆیان بە لادا دێن .

یەکەو راست پاش بوونە سەرەك وەزیران ، بە فرۆکەیەکی تایبەتی شوورەوی ، چووە مۆسکۆ . (عمید ی نوری) کە یەکێك لە ئەندامانی وەفدەکەی قەوام بووە ئاوها دەگێرێتەوە : (لەیەکەم چاوپێکەوتنی وەفدەکە و مۆلۆتۆف دا ، ئەم مەسەلانە هاتنە گۆڕێ : ١ــ مە سەلەی ئیمتیازی نەوت . کە مۆلۆتۆف پێ ی وابوو نیشانەی دۆستایەتی راستەقینەی شوورەوی و ئێرانە . ٢ــ مە سەلەی ئازربایجان . کە پێ ی وابوو مە سەلەیەکی نێوخۆی ئێرانە و دەبێت ئازەری و دەوڵەتی ئێران خۆیان لە سەری پێك بێن . ٣ــ مە سەلەی کشانەوەی سوپای سوور بوو . کە نیگەرانی باری ئێران و نێو دەوڵەتانی بە رێگری دەزانی و گفتی دا بە شێك لە هێزەکانیان تا ٢ ی مارت لە ئێران بکێشنەوە) . (*)

ئاشکرا دیارە کە مە سەلەی نەوت بەلای سۆڤیەتەوە مە سەلە جەوهەری یەکەیەو ئەوانی دیکە مە سەلەی لاوەکی و ئامرازی گوشارن . ئەوەتا شتێك بە نێوی مە سەلەی کوردەوە هەر لە ئارادا نی یە .

قەوام پاش مناوەرەو ئە مسەر و ئەوسەر و هاتن و چوونی چەند وەفد و نوێنەرێك ، پاش ئەوەی شوورەوی لە داوای ئیمتیازی نەوت دێتە خوارەوە و خواستی

(*) گذشته چراغ راه ایندەاست ، انتشارات جامی ، ص ٣٣٨ .

دامەزراندنی شیرکەتێکی نەوتی هاوبەش پێش‌چاو دەخات ، کە ٥١٪ی بۆ شوورەوی‌ی بێت و لە ٤٩٪ی بۆ ئێران . قەوام تێ دەگات ئیدی ئەوە لایەنی کەمی داخوازی‌ی شوورەوی‌یە . بۆیە لە گەڵ (ساد تشیکۆف)ی باڵوێزی شوورەوی‌یدا ئەو پەیمانە مۆر دەکات و لە سەر ئەوە ڕێك دەکەون کە بیخاتە بەردەمی پارلەمان . بەڵام وا دەورەی چواردەهەم بە سەردەچێت و دەمێت هەڵبژاردنی دەورەی پازدەهەم دەست پێ بکرێت . ئەوەش بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادانە نایەتەدی . بۆیە پێویستە سوپای سوور بکشێتەوە و ڕێگەی ئەو هەڵبژاردنە ئازادە فەراهەم بکات . شوورەوی‌ی تەنها بەوەوە نەوەستا کە خۆی بکێشێتەوە و پشتی هەردوو کۆمارەکە بەرهەڵدا کات ، بەڵکە لەوە دەترسا کە بەریەچ دانەوەیەکی دژی ڕژێمی ئێران نیشان بدەن و سەودا و ماهەڵەکە لەو تێك دەن . بۆیە بەردەوام نەسیحەتی هەردوولای دەکرد کە نەکەن هیچ زەبر و زەندێك لە بەرامبەر حوکومەتی ئێران دا بنوێنن و ئەوان لەگەڵ ڕژێمی ئێران دا ئەوەیان بڕاندۆتەوە کە مە سەلەکە بە ئاشتی چارە سەر بکەن . نەك هەر ئەوە بەڵکە ئەو چەك و تەقەمەنیانەی بە کۆماری ئازربایجانیشی دابوو ، لەکاتی پاشەکشەدا لێی سەندنەوە . ئەوەتا تەفرە شیان لەو بارەوە دەگێڕیتەوە و دەڵێت :

(ڕووسەکان ٥٦ تۆپی ٧٥ ملم ی دژی زرێپۆشیان پێ دابووین . ١٢ تۆپی ١٠٥ ملم و هەندەك گوللە توپ و ڕەشاش و تفەنگ . کاتێك کشانەوە ، هەموو چەك و کەرەسەکان و تۆپەکانیان لێ سەندینەوە و لەگەڵ خۆیان دا بردیانەوە . تەنها ئەو چوار تۆپە ٧٥ ملم‌ەیان بۆ بەجێ هێشتین کە خۆمان کاتی خۆی لە لە شکری ئێرانمان سەندبوو) . (*)

(*) ابو الحسن تفرشیان : " قیام افسران خراسان " ، تهران ، ١٩٧٩ ، ص ٧٧ .

ئا بەو جۆرە شوورەوی‌ی هەرد وو کۆمارە دە ستکرد ەکەی خۆی بێ پاڵپشت و کۆمەک ، بە دە ستی بەتاڵ ، بەرهەڵدا ای کردن و چارەنووسیانی دایە دە ست ویژدانی رەگەزپەرستانی فارس . بەداخەوە خۆشی دڵۆپێك لەو نەوتەی بێ نەبرا . چونکە پارلەمانی ئێران بە پەیماننامەکە رازی نەبوو .

ئا ئەمە هۆی راستەقینەی ئەو مەسەلەیەیە کە کاك فازڵ پەنجەی بۆ راکێشاوە و دەنووسێت :

" لە لێکۆڵینەوەی کورد ەوانی یدا لە شوورەوی‌ی ، زۆر بە دەگمەن خۆ لەقەرەی رووداوەکانی دامەزراندن و روخاندنی کۆماری مەهاباد دەدەن . گەر ناچاریش بن ، ئەوا زۆر خێراو کورت و سەرپێی بێ " . هەقیانە ! دەلاقەی وا بە هیچ لێفەیەك ناگیرێت .

بارزانی‌ی چەند راستگۆیانە لەوبارەوە لە ١١ی دیسەمبەری ١٩٤٦ دا لە بۆکان هاتبووە گۆ و گووتبووی : " ئەوەی لەبەردەم ئۆردووی ئێران دا شکا کورد نە بوو ، بەڵکە شوورەوی‌ی بوو کە لەبەرامبەر ئەمریکا و ئینگلیز دا شکستی‌ی هێنا " . (*)

بە داخەوە کاك فازڵ لەم کاپیتلەدا کەوتۆتە چەند هەڵەیەکەوە ، کە راست کردنەوەیان بە پێویست دەزانم . بۆیە لەبەرەوە یەکە یەکە دە ست نیشانیان دەکەم :

لە ل ٨٥ دا دەنووسێت : " رژێمی ئێران پارتی کۆمۆنیستی یاساغ کرد . لە ژوئنی ١٩٣١ دا پاکسازی کۆمۆنیستی دە ست دایە . لەماوەیەکی کەم دا زۆربەی سەرانسی پارتی کۆمۆنیستی دە ستگیرکرد . ئەمە کۆتایی پارتی کۆمۆنیست بوو . ئیدی ئەو کاتە پارتەکی نوێ دامەزرایەوە ، کە لەشکری سوور لە ١٩٤١ دا چووە ئێرانەوە " .

ئەم رایەی کاك فازڵ هەڵەیە . پارتی کۆمۆنیست لە ١٩٤١ دا دانەمەزرایەوە ، بەڵکە لە ١٩٣٥ دا لە لایەن دوکتۆر "تقی ارانی" یەوە دامەزرایەوە . دوکتۆر ارانی لەو ساڵەدا بە نێوی سەردانی ئینگلتەرەوە بەرێگەی مۆسکۆ دا تێدە پەڕی و

(*) کریس کوچرا : "کردستان و جمهوری مهاباد " ،ترجمه" ناهید بهمن پور ، شەهریور ماه ١٣٦٠ ، ص ٣٤–٣٥ .

پێوەندی بە بەشدارانی حەوتەمین کۆنگرەی ئوممەی شیوعی یەوە دەکات .
پاشان کۆمینتێرن (نصرالله کامران) (اصلانی) بەدزییەوە دەنێرێتەوە بۆ
ئێران تاکو پێوەندی بە دوکتۆر ارانی یەوە بکات و حیزبی کۆمۆنیست
دابمەزرێنن . کامەران بە دزییەوە دێتەوە تاران و پێوەندی بە ارانی و
دۆستە کۆنەکانی یەوە دەکات و پاش لێکۆڵینەوە و دیراسەیەکی زۆر، بڕیاردەدەن
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دروست بکەنەوە . کۆمیتەیەکی کاتی ی لە ٣ کەس
پێك دەهێنن ، تا کۆنگرەی سێیەم ئەرکی بەڕێوەبردنی حیزب لە ئەستۆبگرن .
کۆمیتەکە بریتی دەبێت لە :

١ــ دوکتۆر تقی ارانی سکرتێری گشتی ی

٢ــ عبدالصمد کامبخش لێ پرسراوی رێکخستن

٣ــ دوکتۆر محمد بهرامی لێ پرسراوی دارایی

پاشان ئەو حیزبە وردە وردە تەشەنە دەکات . ژمارەیەکی زۆر خوێندکار و
رۆشنبیر کۆ دەکەنەوە . بەڵام لە ١٩٣٧ ئاشکرا دەبن و پۆلیس ٥٣ نەفەریان
لێ دەستگیر دەکات . ئەو رووداوە لە مێژووی کۆمۆنیستەکانی ئێران دا
بە (پەنجا و سێ نەفەر) ناسراوە . هەر پەنجاو سێ نەفەرەکە دەدرێنە
دادگا و لە زیندانیان تونـد دەکەن . دوکتۆر ارانی لە زیندان دا پاش
چەند ساڵێك کۆچی دوایی دەکات . ئەوانی دی پاش هەڵهاتنی رەزا خان ە
لە بەرەوە ئازاد دەکرێن . (*)

لە لاپەرە ١٨٧ دا دەنووسێت : هەروەها لە عێراقیش دا ، کە
نێوچەیەکی داخراوی دەستەڵاتی ئینگلیز بوو ، لە مایسی ١٩٤١ دا کودەتایەکی

(*) دکتر انور خامەای : "پنجاه نفر و سه نفر" ، تهران ، چاپ چهارم ،
مهر ١٣٤٣ . ص ٨٤ــ٨٦ . هەروەها بڕوانە: دکتر هوشنگ نهاوندی : ٦٦ سال
در خدمت موسکو" ، کیهان چاپ لندن ، شماره ٩١ ، ١٤ فروردین ١٣٦٥ .

دژی بەریتانیا لە لایەن ئەفسەرە عارەبە ناسیۆنالیستە سەر بە ئالمانەکانەوە رێبەری کرا .

چێتر وابوو کاکە فازڵ لێرە دا بینوو سیا کودەتاکەی رەشید عالی گەیلانی، تا بۆ خۆینەری نەشارەزا بە مەسەلەکان تەواو روون بێت کە مە بەست کام کودەتایەیە . چونکە پێم وایە لای خۆمان تا نەڵێیت کودەتاکەی فلان ، نازانرێت کامەیە . زێتر بایخ بە نێوی کودەتاکەرەکە دەدرێت وەک لە سالەکە . لە شێوێنێکی دیکە دا هەمان سەرنجم دەربارەی کودەتاکەی شەواف نووسیوە .

نووسەر لە لاپەرە ١٩٦ دا دەنووسێت : لە مارتی ١٩٤٥ دا لە مەهاباد پێشەهاتێکی کولتوری‌ی زۆر گرنگ رووی دا . یەکەم ئۆپەرای کوردی بە نێوی " دایکی نیشتمان "ەوە پێشکەش کرا .

راستە پێشەهاتێکی کولتوری‌ی زۆر گرنگ و پڕ بایخ بوو ، بەڵام ئۆپەرا نە بوو ، بەڵکە شانۆگەری بوو . جودا وازی‌ی نێوان ئۆپەرا و شانۆگەری ئاشکرایە . لە ئۆپەرا دا رووداوەکان بە ئاوازی گۆرانی یەوە دەگێڕدرێنەوە و مۆسیقاش هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەو گۆرانیانە دا . بەڵام لە شانۆگەری‌یەدا رووداوەکان بە گوتەی ئاسایی دەگێڕدرێنەوە . زۆر جار موسیقا شی لەگەڵ دایە بەڵام هاوئاهەنگ نین و تەنها مۆسیقایەکی تەصویری‌یە .

کاک فازڵ لە لاپەرە ٢٠١ دا دەنووسێت : کۆمۆنیستەکانی ئازربایجان لە کۆماری گیلان دا چالاک بوون . یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئێران، جەعفەر پێشەوەری بوو . خەڵکی ئازربایجان و لەکۆماری گیلان دا وەزیری دەرەوە بوو . پاش روخاندنی کۆماری گیلان لەگەڵ هەزاران ئازربایجانی یەدا بۆ سۆڤیەت هەڵهات . پاش هاتنی سوپای سوور ، پێشەوەری لەگەڵ

هەزاران پەنابەر دا گەرایەوە بۆ ئازربایجان .
ئەم زانیاریەی کاك فازڵ راست نیە . بەپێی هەندێ سەرچاوەی دژ بە کۆمۆنیستی ئێران ، گوایە پێشەوەری هەر ئێرانی نیە . بەڵکە خەڵکی ئازربایجانی سۆڤیەتە . لە سەردەمی کۆماری گیلان دا نێوی جەعفەر جەوادۆف بووە . پاش هەرەسی کۆماری گیلان . وەکو کاك فازڵ نووسیویە ، بۆ شوورەوی هەڵدێت . بەڵام پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوە ئێران و دەست بە چالاکی سیاسی دەکاتەوە . تا لە ١٩٢٥ دا لەگەڵ چەند کۆمۆنیستێکی دیکە دا دەستگیر دەکرێت و لە زیندانی قەسر تووند دەکرێت . تا هاتنی سوپای سوور و بە دەرنانی رەزا خان ، ئەوکاتە ئازاد دەکرێت . نەك گوایە پاش هاتنی لە شکری سوور ، گەڕابێتەوە بە دیوی ئێران دا ، وەکو کاك فازڵ نووسیویە .
ئەوە تا دوکتۆر انور خامەای دەربارەی بیرەوەرییەکانی لە زیندانی قەسر دا ئاوها دەگێڕێتەوە : (کۆنەکان ، بەو کۆمۆنیستانەمان دەگوت ، کە لە ساڵی ١٣١٠ ەوە یا زووتر خرابوونە زیندانەوە . هەمویان ئەندامان و سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون کە لە ساڵەکانی ١٣٠٩ و ١٣١٠ دا هەڵوە شابوونەوە . گرنگترینی ئەوانە پێشەوەری و ئاردانش ئاوانسیان بوون . پێشەوەری بەنیزیکە تەنها و کەنارگیر بوو . چونکە چ لایەنگرانی یوسف و چ لایەنگرانی ئاردانش ئەویان بە ئۆپورتونیست و سازشکار نێودەبرد و هیچ ماملەیەکیان لەگەڵ نەدەکرد . (*)
دوکتۆر خامەای ، لەگەڵمك شۆینی دیکەی بیرەوەریەکانی زیندانی دا ، دەربارەی پێشەوەری و بە سەرهات و رووداوەکان ، یادگاری خۆمان بۆ دەگێڕێتەوە .

(*) دکتر انور خامەای : "پنجاه نفر و سه نفر" ، ص ١٧٣ .

کاك فازڵ له لاپەڕه ٢٠٩ دا دەنووسێت :

بە پێچەوانەی ئازربایجانەوە ، لە کۆماری کوردستان دا هیچ باسێك دەربارەی سۆسیالیزم و چارەسازیی زەوی و خۆماڵی کردن لە ئارادا نەبوو . سەرجەمی پروپاگەندە و سیاسەتی کۆمارەکە ناسیۆنالیستانە بوو .

لێرە دا بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێك روون کەمەوە :

١ــ دەبێت باری دواکەوتووبی کوردستان لەو رووەوە تێبخوێنینەوە . وەکو نووسەرخۆی لە شوێنێکی دیکە دا پەنجەی بۆ راکێشاوە ، کوردستانی ئێران ، دواکەوتووترین پارچەی کوردستان و یەکێك لە دواکەوتووترین نیوچەکانی ئێران بووە . ئەویش بەهۆی ئەو پشتگوێ خستن و فەرامۆشیی یە ئەنقەستەی رژێمەوە . بۆیە ئەو پارچەیەی کوردستان ، تا ئەو دەمە ، وەکو کۆمەڵگەیەکی فیۆدالیزمی دوور لە پیشەسازی و پێشکەوتن مابووەوە . دیارە لە حاڵ و بارێکی ئاوها دا مەسەلەی سۆسیالیزم و چارەسەرسازیی زەوی ، مەسەلەیەکی خەیاڵی دەبێت . بەتایبەت کە زۆربەی هەرە زۆری دەرەبەگ و ئاغاکان هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی کۆمارەکەیان کرد و گەلەکیان سەرکردایەتی بزووتنەوەکە شیان کەوتە دەست . جگەلەوە ماوەی ١١ مانگ تەمەن بۆ حوکومەتێکی تازە دامەزراو هێندە کورت و کەمە کە فریای شەقاو نانی واگەورە نەکەوێت .

٢ــ راستە لە ئازربایجان بە هۆی بوونی پارتێکی کۆمۆنیستی وا بە شوورەوییەوە ، زۆر دەم لە مەسەلەی سۆسیالیزم و چارەسەرسازیی زەوی و خۆماڵی کردنی سینعەتەکانەوە دەژمنرا ، بەڵام هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بۆ هەڵنەنرا . دیارە لەوێش وەکو کوردستان ماوەی دەستەڵاتداریێتی فیرقە کەم بوو . تەنها چارەسەرسازییەك کە کرابێت ، بەشکردنی زەوی و

مولکی ئەو فیودالانە بوو کە ئازربایجانیان جێ هێشتوو بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران هەلهاتن و لەپەری دوژمنایەتی یان لە کۆمارەکە گرت ، کە پێم وایە رووداوی لەو بابەتە لە کوردستان دا یا نە بووە یا زۆر کەم بووە . لە ئازربایجانیش زەوی و مولك و بەرژەوەندی ی هیچ یەکێك لەو دەرەبەگ و سەرمایەدارانەی کە پشتگیری ی کۆمارەکەیان کرد ، نەکەوتە خەتەرەوە . هەتا زۆر لەو بۆرژوا و سەرمایەدارانەی کە خەریکی ئاڵ و وێڵ بوون و پێوەندی یەکی چاکیان لە گەڵ شوورەوی یدا سازدا و ئاڵ وگۆڕی بازرگانی یان دەکرد ، حاڵ و دەستکەوتیان لە سەردەمی پێش کۆمارەکە چێتر بوو . (*)

۳ــ وەنەبێت بیری ناسیۆنالیزم لە ئازربایجان دا ووزەی لێ برا بێت و خەفە بوو بێت . بە پێچەوانەوە ، ئەوانەی حاڵ و بارەکەیان دیتووە و بیرەوەری یەکانیان بۆ تۆمار کرد ووین ، دەگێڕنەوە کە بیری ناسیۆنالیزم لە ئازربایجان دا لەوپەڕی توندی و دەمارگیری یدا بووە . بەتایبەت لای ئەو پەنابەرانەی کە ماوەیەکی درێژ لە شوورەوی ی بوون و لە سەردەمی جەنگ دا بۆ ئێران گەڕاونەتەوە و بوونەتە کاربەدەستانی راستەقینەی فیرقە . خەونی هەمیشەیی یان داپڕان لە ئێران و پەیوەستی ی بە ئازربایجانی شوورەوی یەوە بووە ، تاکو ئازربایجانێکی یەك گرتوو بێتە کایەوە . ئەم بیرە لە لایەن گەلەك لە کاربەدەستانی سوپای سووری هاوڕەگەزیانەوە دنە دراوە و پشتگیری کراوە .

هەتا باقرۆف خۆی گوتبووی : " ئیدی سنووری نێوان هەردوو ئازربایجان لە رووی کولتووری و رەسمی یەوە لە نێوان دا نەماوە . رۆژێك دێت کە تەنها یەك ئازربایجانی یەکگرتوو دەبێت ". (**)

(*) دکتر انور خامەای : " فرصت بزرگ از دست رفته " ، ص ۲۲۲ــ ۲۲٤ .

(**) کریس کوچرا : "کردستان و جمهوری مهاباد " ، ترجمەی ناهید بهمن پور ، شهریور ماه ۱۳٦۰ ، ص ۷ .

٤ــ مادامێکی بەراورد هاتە پێشەوە ، خۆزیا کاکە فازڵ پەنجەی بۆ مە سەلەیەکی گرنگ و پڕ بایەخیش راکێشا با ، ئەویش حاڵ و باری خەڵکەکە لەژێر سایەی ئەو دوو رژێمە دا . ئەوانەی هەردوو کۆمارەکەیان دیتووە ، یاخود یەکێکیانیان دیتووە ، گەواهی ئەوە دەدەن کە لەکۆماری کوردستان دا رژێمێکی میللی تەواو دێموکراسی حوکم فەرما بووە . ئازادییەکی تەواوی را دەربڕین و هاتوچۆ و سەربەستی یەکی بێ وێنە لە کۆماری کوردستان دا بەرقەرار بووە . نە پۆلیسی نهێنی و نە هیچ دەزگایەکی چاو زیت کردنەوە لە ئارا دا نەبووە . لە ماوەی ئەو پازدە مانگە دا تەنها نەفەرێك لە کۆماری کوردستان دا کوژراوە . (*) بە پێچەوانەی کۆماری ئازربایجانەوە کە بە صەدان کەس ئیعدام کراون و گەلێك لە کاربەدەستانی فیرقە بوونەتە ئامرازێکی دا پلۆسین و خەڵك تۆقاندن . سەرێك بە بیرەوەریەکانی ئەو کۆمۆنیستانە دا شۆڕ کەینەوە کە بە سەرهاتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە ، وەکو " خلیل ملکی : خاطرات سیاسی " ، " تفرشیان : قیام افسران خراسان " ، " انور خامەای : فرصت بزرك از دست رفته " . ئەوجا دەزانین چ تاوانێك لە ئازربایجان دا کراوە . لێرە دا دوو نموونە پێش چاو دەخەم :

خامەای لە زمانی دوکتۆر " عنایت الله رضا " وە ، کە یەکێك بووە لە ئەفسەرە دانا ولێ هاتووەکانی فیرقە ، دەگێڕێتەوە : " رۆژێك بە یەکێك لە گۆرمپانەکانی تەورێز دا تێدەپەریم . دیتم سەیدارەیەك دانراوە و خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە . چوومە پێشەوە تا بزانم چی رووی داوە . دیتم ژەنەرال عەلی کاویانی وەزیری جەنگ زۆر تووڕە و ئالۆز لە بەردەم سەیدارەکەدا ڕاوەستاوە . لە پڕ فیدائی یەك هات . دڕی بە خەڵکەکە دا و خۆی گەیاندە لای ژەنەرال . ژەنەرال خێرا پرسی هاچی بوو ؟ فیدائی گوتی : قوربان دەڵێن هێشتا مەحکەمەی تەواو نەبووە !

(*) کریس کوچرا : " کردستان و جمهوری مهاباد " ، ص ٣٠ .

ژەنەرال زۆر بە تووڕەیی یەوە گوتی : دەوید باب ، مەحکەمە چی یە ؟ خەڵکی چاوەڕێی مەراسیمی ئیعدامن . بڕۆ رایگەیەنە بیهێنە ".

تەفرە شیان کە خۆی یەکێك بووە لە ئەفسەرە تودەیی یەکان . دەگیڕێتەوە :

لە یادمە جارێك پێشەوەری هاتە سەردانی سەربازخانەکەمان . کاتی هاتنی ئەو ، ئەفسەری پاسەوان ، لە چێشتخانە ، سەریەرشتی بە شکردنی خواردنی سەربازەکانی دەکرد . پێشەوەری پرسی: بۆچی زۆری خۆت بە جێ هێشتووە ؟ ئەفسەری پاسەوان وەرامی دایەوە : قوربان نابێت من هەمیشە لە پشتی مێزەکەمەوە دانیشم ، بەڵکە ئەرکی من ئەوەیە سەریەرشتی ی هەموو کارێك بکەم ، هەتا بەشکردنی خواردنیش . پێشەوەری لەوەرامەکەی زۆر تووڕە بوو . فەرمانی بە سەربازەکان دا کە لە ئەفسەرەکە یان هەڵدەن . سەربازەکان ئامادە نەبوون لە ئەفسەرەکەی خۆیان بدەن . ئەوجا پێشەوەری فەرمانی بە یاساوڵەکانی خۆی کرد ، لە ئەفسەرەکە بدەن . ئەوانیش زۆر چاك کوتایان . ئەفسەرانی سەربازخانەکە ، وەك نارەزایی یەك لەو ڕەفتارەی پێشەوەری ، چەند کاژێرێك مانیان گرت . بەڵام پاشان لە ترسدا پە شیمان بوونەوە " . (قیام افسران خراسان . ص ٧٥) .

لەو بیرەوەریانە دا رووداو و بە سەرهاتی گەلەك لەوانە سەیر تر و دڵ تەزێنتر دەخوێنینەوە ، کە لە کۆماری کوردستان دا ڕوونەداو و نەدیو و نە ناسراون .

کاك فازڵ لە ل ١٩٨ دا دەنووسێت : " پێشنیازێکی دیکەی شووڕەوی ئەوە بوو کە نێوی ڕێکخراوەکەیان لە " کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد " ەوە بگۆڕن بۆ " پارتی دێموکراتی کوردستان " ، چونکە حیزبی تودە ڕێکخراوی ئازربایجانی خۆی هەڵوە شاندبووە وە و لە بریتی وی "پارتی دێموکراتی ئازربایجان "ی

دروست کردبوو " .

لێرە دا بە پێویستی دەزانم دووخاڵ روون بکەمەوە :

١ــ هەرچەندە فیرقەی دێموکرات لە سەر دار و پەردووی تودە دامەزرا و خۆی رێك خست ، بەڵام هەر بە فیرقەی دێموکرات ناسراوە ، نەك "حیزبی دێموکراتی ئازربایجان" ، وەکو کاك فازڵ لە زۆر شوێندا بە هەڵە نووسیویە .

٢ــ ئەو بانگاشەیەی لە هەندێ ئەدەبیاتی حیزبی تودە دا دەیخوێنینەوە ، کە گوایە خۆیان لقی ئازربایجانیان هەڵوەشاندۆتەوە و فیرقەی دێموکراتیان لە جێگەی دامەزراندووە لە راستی یەوە دوورە . تا چێتر ئەو کودەتایە روون بێتەوە کە لە تودە کرا ، با بڕوانینە بیرەوەریەکانی یەکێك لە تودەیی یە ئاگادارەکانی ئەو دەمە :

" هێشتا راپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان بە تەواوی خامۆش نەکرابوو . لە ڕۆژی ١٢ ی شەهریوەر دا فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان ، دامەزراندنی خۆی راگەیاند . نەخشەی دامەزراندنی ئەو فیرقەیە ، زۆر زووتر لەلایەن کاربەدەستانی شووڕەوییەوە کێشرا بوو . چێتر کە سانێك کە بۆ ئەو ئەرکە پەیدایان کردن ، پێشەوەری و میرزا عەلی شەبوستەری و سەلامووڵلا جاوید بوون . پێشەوەری لە نیوەی یەکەمی مانگی مورداد دا ، بەڕێوەبەرێتی ڕۆژنامەی (اژیر) ی تەسلیمی دۆستانی وەکو کەریم کشاوەرز و فەریدون ئیبراهیمی کرد و خۆی بۆ دامەزراندنی فیرقە چووە تەورێز . ئەو کاتانە لێ پرسراوی لقی حیزب لە تەورێز ، عەلی ئەمیرخیزی بوو . ئاردانشس ئاوانسیان یش لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزییەوە بۆ سەرپەرشتی لقەکە دانرابوو . بە هۆی ئەو گیر و گرفتە زۆرانەی لەو لقە دا هەبوو ، کە بە پلەی یەکەم پەنابەرانی گەراوەی شووڕەوی لێ یەر پرسیار بوون ، چونکە بایەخیان بە حیزب نە دەدا و یەکە و ڕاست بە دەستگاکانی سوپای سووڕەوە پەیوەند بوون ، لە کۆتایی ١٣٢٣ دا کۆمیتەی مەرکەزی ، خەلیل مەلەکی ی بە دەستەلاتی تەواوە ناردە تەورێز

تا باری یەکجار ڕاستکاتەوە . مەلەکی ی دە چێتە ئەوێ و دەست بە پاکسازی حیزب دەکات . پەنابەرانی ئازربایجانی و دوژمنەکانی ، لای دە ستەلاتدارانی شوورەوی ی بۆی تێدەچێنن . ئەوانیش دە ستبە جێ لەڕێی باقرۆفەوە ، بالوێزخانەی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە و مەلەکی ی لە ئازربایجان دوور دەخەنەوە .

(ماکسیمۆف) ی بالوێزی شوورەوی ی ، بۆیەکەم جار ، لەگەڵ گشت ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی ی کۆبوونەوە . فەرمانی دوورخستنەوەی مەلەکی ی پێ کردن .

پێشەوەری ، ئاراداشس و عەلی ئەمیرخیزی پێش دوورد مخاتەوە و صادق پادگان کە لە دوستە نێزیکەکانی خۆی بوو ، دەکاتە لێ پرسراوی لق .

نەخشەی دامەزراندنی فیرقەی دێموکرات ، لەلایەن باقرۆفەوە کێشرابوو. ئەو (قلیۆف) ی قونسوڵی شوورەوی ی لە تەورێز ئاگادار دەکات و (ئاتاکیشیۆف) ی یاریدەدەری خۆی دەنێریتە تەورێز ، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو نەخشەیە .

هەڵبژاردنی پێشەوەری بۆ ئەو کارە ، بە ڕاوێژکاری ئەوسێ یە و رازی بوونی بالوێزخانەی شوورەوی ی بوو لە تاران .

بەڵام پێشەوەری و هاوکارانی ، ئەو مە سەلەیەیان لە سەرکردەکانی حیزب دە شاردەوە . لە ڕاستی یدا ئەوە پیلانێك بوو لە حیزبی تودە کرا . لەوەش دەردناك تر ئەوەیە کە ئەو پیلانە بە دەستی کاربە دەستانی شوورەوی ی نەخشەکێش کرا . کاربە دەستانێك ، کە خۆیان حیزبی تودە یان دامەزراند .

ئەوە بوو صادق پادگان لە ١٢ ی شەهریوەر دا ، بە فەرمانی کاربە دەستانی شوورەوی ی ، خەنجەری لە پشتی حیزبی تودە دا و دە ستگای حیزبی تەسلیم بە پێشەوەری کرد . هەتا هیچ پرسێکی بە کۆمیتەی مەرکەزیەوە نەکرد .

ڕێبەرانی حیزب بەڕادەیەك لەو ڕەفتارە تووڕە و نارازی بوون ، کە دە ست بەجێ پلینۆمێکی کۆمیتەی مەرکەزی ی و کۆمیسیۆنی تەفتیش گیرا و بە تێکڕایی دەنگ

نارەزایی بەرامبەر بەو هەڵوێستەی لقی ئازربایجان دەربڕدرا . بەیاننامەیەك لەو بارەوە نووسرا . بەڵام چونکە ئەو دەمە ڕۆژنامەکانی حیزب داخرابوون و یاساغ بوون ، بۆیە بۆ چاپخانە نێردرا ، تا چاپ و بڵاوکرێتەوە .

کامبخش ، بە تەجرەبە دەیزانی کە صادق پادگان خۆیە خۆ ئەوکارە ناکات و دیارە صەد دەر صەد دەستەڵاتدارانی شووڕەوی فەرمانیان پێ کردووە . بۆیە پێ ئاگاداری کۆمیتەی مەرکەزی دە چێتە چاپخانە و ئاگاداریان دەکات کە جاری چاپی ڕاگرن . ئەوسا دە چێتە باڵوێزخانەی شووڕەوی و هەموو مەسەلەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە . ئەوانیش بە پەیوەندی یەکەری حیزب رادەگەیەنن کە ئەو بەیاننامەیە هەڵەیە و نەکەن شتی وا بڵاوکەنەوە . بۆیە کۆمیتەی مەرکەزی لە ئاستی ئەو ڕوداوە دا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست مایەوە " . (*)

جا پاشان حیزبی تودە ناچارە بڵێت کە خۆیان بەوکارە هەڵستاون . دەنا دەبێت دان بەوە دا بنێن کە باڵوێزخانەی شووڕەوی لە سەر و حیزبەوە بووە و هەرچی یان خواستبێت ، یا ڕاستەوخۆ بە حیزبیان کردووە ، یا بێ پرس و ئاگاداری ئەوان کردوویانە .

بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لەعێراق و سۆڤیەت (*)

لەگەڵ ئەوەدا کە زنجیرەیەك شۆڕشی نیشتمانی لەم پارچەیە دا هەمیشە لە کڵپە و بڵێسە دا بووە و کورد لێرە دژی هێزی چاوچنۆکی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و عێراقی وا بە ستەی جەنگاوە ، کە چی لە نێوان هەردوو جەنگە جیهانی یەکە دا ، سۆڤیەت هیچ ڕوویەکی پێشانی مەسەلەی کورد لەم پارچەیە دا نەداوە . بەڵام پاش دووهەم جەنگ ، سۆڤیەت خەریکی

(*) مەبەستی نووسەر بزووتنەوەی نیشتمانی ی کوردی سۆڤیەت نی یە ، بەڵکە مەبەستی جموجۆڵی کوردە پەنابەرە عێراقی یەکانی سۆڤیەتە .

رایەڵ کردنی داوی پێوەندی‌ی بووە لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کوردی عێراق دا . پێوەندی‌ی سۆڤیەت ، لە سەردەمی پاش دووەەم جەنگەوە ، لەگەڵ تاکەتاکەی ئەو بزووتنەوەیە دا و لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە دا ، چێترین داردەست بوو ، بۆ گوشارخستنە سەر ڕژێمانە .

سۆڤیەت هیچ کات پشتگیری‌ی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کوردی عێراقی بۆ جودابوونەوە لە عێراق نەکردووە . بەڵکە تەنها بۆ بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق دا .(*) ئا ئەو جۆرە پێوەندی‌یە بە چێترین شێوە خزمەتی پلانە ستراتیژی‌یەکانی سۆڤیەتی کردووە .

لەپاش دووەەم جەنگەوە ، بارودۆخی سیاسەتی جیهانی‌ی ، هەل و دەرفەتێکی دیکەی وەك بازی‌یەکەی مەهابادی بۆ سۆڤیەت نەخولقاندووە ، بۆیە بەردەوام هەوڵی داوە جێ پێ‌یەك لای حوکومەتە مەرکەزی‌یەکان بۆ خۆی بکاتەوە . لە عێراق باری ئەو جۆرە پێوەندی‌یە ، یانی نارەسمی و نیوەرەسمی‌یە ، لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دا رەخسا ، کە پاشان ڕێگەی ئەوەیان بۆ سۆڤیەت خۆش کرد دەستی بە حوکومەتی مەرکەزی‌یدا بگات . سالانی نێوان ١٩٥٨–١٩٧٥ چێترین هەل و دەرفەت بوو ، بۆ بەگەرخستنی ئەو پلانە ستراتیژی‌یانە . لەو سەردەمانە دا ، زۆربەی کات ، شوورەوی‌ی ، داوی پێوەندی‌یەکی چاکی لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق دا گرێ داوە . بەڵام بە هۆی ئەو کودەتا و هێزگۆڕکێ یەك لە دوای یەکانەوە ، گەلەك جار ئەو پێوەندی‌یانە ، کزی و کەنەفتی و نادڵنیایی بە خۆوە دیتووە . بۆیە شوورەوی‌ی ، پێوەندی‌ی نیوەرەسمی‌ی لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد و پارتی کۆمۆنیستی عێراق دا بەردەوام بووە . (**) تا بە پێ‌ی

(*) لە پاش دووەەم جەنگەوە تا ئێستا ، کوردی عێراق بەرەسمی‌ی داوای ئاوهایان پێش چاو نەخستووە .

(**) دیارە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت پێوەندی‌ی سۆڤیەت و بزووتنەوەی کورد لەگەڵ پێوەندی‌ی سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکان بخرێتە خانەیەکەوە و بەیەك‌پێوانە بکێشرێن .

هەڵوێستی رژێمەکە ، وەکو هێزێکی پشتگیری‌ی‌کەر ، یاخود وەکو هێزێکی زۆر بۆهێنەر ، بەرامبەر رژێمەکە هەڵیانسووڕێنێت .

بەو شێوەیە ، شووڕەوی‌ی ، زۆڵێکی گرنگی لە بوژاندنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد و دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق دا ، بە سەرکردایەتی بارزانی‌ی ، دیتووە . لە پەنجاکان دا ، بەو هۆیانەوە کە رژێمی عێراق هەڵوێستێکی دژ بە شووڕەوی‌ی و سەر بە رۆژئاوای وەبەر گرتبوو ، لە پەیمانی بەغدای ئەنتی سۆڤیەت دا هاوبەش بوو ، بارزانی‌ی لە شووڕەوی‌ی پەناربەر بوو ، سۆڤیەت رووی چاکی پێشانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد داوە . هەرچەندە زانیاری دەربارەی چۆنیەتی ئەو پێوەندی‌یانەی شووڕەوی‌ی و بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد شاردراوە و کەم زانراون .

لە پاش ١٩٥٨ ، کاتێک عێراق پێوەندی‌ی دیپلۆماسی‌یانەی لەگەڵ شووڕەوی‌یدا بەستەوە و بارزانی‌ی و هەڤالەکانی گەڕانەوە ، ئەو پێوەندی‌یە نیوەڕەسمی‌یەی نێوان پارتی دێموکرات و شووڕەوی‌ی هەر بەردەوام بوو . جارجارە وەفدی کورد داوەتی سۆڤیەت دەکران ، زەماڵە بە خوێندکارانی کورد دەدرا .

پاش ١٩٦٣ شووڕەوی‌ی پشتگیری‌ی تەواوی لە شۆڕشی کورد کرد ووە . بەڵای کەمەوە دووجارانیش کەوتۆتە نێوان شۆڕشی کورد و رژێمی عێراقەوە .

پاشان نووسەر بە شێوەیەکی پوخت و پاراو باسی دامەزراندنی پارتی دێموکرات ، هەر لە حیزبی هیوا و رزگاری و کۆمەڵەی ژێکافەوە تا شۆڕشی بارزانی ١٩٤٣ دەکات . ئەوسا باسی تەنینەوەی ئەو بیر و بۆچوونانەی سەردەمی جەنگ دەکات ، کە زۆر کورد پێی وابوو تەنها بە کۆمەکی سۆڤیەت ئازادی‌ی بە دەست دەهێنرێت . وەک بەڵگەیەک پەنجە بۆ قسە و نامەیە رادەکێشێت کە کۆمەڵەی ژ.ک لە ١٩٤٥ دا بۆ بارزانی‌یان نووسیوە .

له پەراوێزی ژمارە ٧ی ل ٢٣٧ دا ، کەلە ل ٢٦٦ دا ئەو پەراوێزە روون دەکاتەوە دەنووسێت (دەقی ئەم نامەیە بۆ یەکەم جار لەم کارنامەیە دا بڵاو دەکرێتەوە) .پاشانیش لە ل ٢٨٢ دا دەقی نامەکە وەك پاشکۆیەك بڵاو دەکاتەوە . بە داخەوە دەبێت بڵێم ئەو بانگاشەیەی کاك فازڵ راست نی یە . چونکە دەقی ئەو نامەیە شەش مانگ بەر لە تەواو بوونی کارنامەکەی ئەو ، لەلایەن خۆشکە (نەرمین ئەبو بەکر) ەوە بڵاوکراوەتەوە . (*) مەگەر مەبەستی کاك فازڵ ئەوە بێت کە بۆ یەکەم جارە بە ئاڵەمانی بڵاو دەکرێتەوە ، هەرچەندە هیچ هێمایەکی لەو بابەتەی تێدا نی یە . ئەز بڕوا ناکەم کاك فازڵ لە بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە بێ ئاگا بێت . ئەگەر ئەو پێش خۆشکە (نەرمین) پێش ئەو نامەیەی گیر کەوتبێت ، ئەوا دەیتوانی پێش ئەوەی چاپی کارنامەکەی تەوا بێت ، ئەو دێرە (بۆ یەکەم جار لەم کارنامەیە دا بڵاو دەکرێتەوە) لابەرێت و بیسڕێتەوە . چونکە چیدی یەکەم جار نەماو لە پێش کارنامەکەی ئەودا بڵاوکراوەتەوە .

لەو گەشتە مێژووییی یەی کاك فازڵ بە رووداوەکانی سەردەمی پارتی دێموکرات دا کرد وویە ، دەتوانین ئەم خاڵانە پوختە کەین :

١ ــ بەهۆی بار و دۆخی دووهەم جەنگی جیهانی یەوە و بوونی سۆڤیەت لە بە شێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا ، دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە سەر داوای کاربەدەستانی سۆڤیەتی بووە و بەروایژکاری ئەوان کراوە . هەتا هەندەك لە سەرکردەکانیشی ئەوان بە سەر حیزبەکەیان دا سەپاندووە ، وەکو شێخ لەتیف و کاکە زیادی کوێیە . سەر هەڵدانی کە سێکی وەکو هەمزە عەبدوڵڵا لە ریزەکانی

(*) نرمین ابوبکر : " وثائق من الارشیف البریطانی " ، مجلة الدراسات الکردیة ، العدد ٢ــ١ ، السنة الثانیة ، کانون الثانی ١٩٨٥ ، ص ٥٥ــ٦٠ .
هەروەها بڕوانە کەریمی حیسامی : "کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری ؟" ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ، چاپی دووهەم ، ١٩٨٦ ، ل ٤٥ــ٤٦ .
هەرچەندە ساڵی چاپی یەکەمی دەست نیشان نەکراوە ، بەڵام بەدووری نازانم کە بەر لە ١٩٨٥ نەبێت . دەبێت ئەوەش بڵێم کە مامۆستا حیسامی هەڵەیەکی چاپی لەو نامەیەدا لێ بۆتە گرێ کوێرە و دەڵێت ڕەنگە ڕەمزێکی خۆیان بێت ! ئەوە ڕەمز نی یە . ووشەی (هەیئەتێ) کە ، کە بە هەڵە (هەئلن تێ) نووسراوە .

پێشی پێشەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد دا لە سەر داوای پارتی کۆمۆنیستی سوریا و خالید بەگداش بووە .

٢ــ بەو هۆیەوە پڕۆگرامی پارت لە سەرەتاوە تەواو چەپی بووە و بەلای بەرەی ڕۆژهەلات دا دای شکاندووە . لە سێیەهەم کۆنگرەی ١٩٥٣ دا خۆی بە حیزبێکی مارکسی لینینی لەقەلەم داوە .

٣ــ داخوازی حیزبەکە لە سەر داوا و ڕاوێژکاری ی شوورەوی ی ، لە داوای ئوتۆنۆمی ی تێنەپەڕاندووە .

لەگەڵ ئەوە شدا پێوەندی ی نێوان پارتی دێموکرات و پارتی کۆمۆنیست بێ تێك گیر بوون و دژایەتی نەبووە . هەرایان لە سەر ئەم خالانە بووە :

١ــ ئایا کورد نەتەوەیە یان نا ؟ کۆمۆنیست کوردی بەنەتەوە نەزانیوە ، بەڵکە لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ستالین دا لە بارەی نەتەوەوە ، کورد بە کەمە نەتەوەیی حسێب دەکرا .

٢ــ کام لا مافی پێشڕەوایەتی جەماوەریان لە کورد ستان دا هەیە ؟

٣ــ چارەسەری کێشەی کورد چی یە ؟

لە نێوەڕاستی پەنجاکان دا ، دووڕووداوی نێوچەیی گرنگ . بزووتنەوەی نیشتمانی ی کوردیان زێتر بەرەو نێزیك بوونەوە لە شوورەوی ی بە کێش کرد :

١ــ بەستنی پەیمانی بەغدای ١٩٥٥ ی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و پاکستان ، کە لە لایەکەوە دژی شوورەوی و لە لایەکی دیکەوە دژی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد تەون کرابوو .

٢ــ لەگەڵ ئەوە دا کە ئەم نێوچەیە پاوانی هێزە ڕۆژئاوایی یەکان بوو ، شوورەوی ی توانی جێ پێ یەکی کەم لە هەندەك لەو وڵاتانە دا بۆ خۆی بکاتەوە . ناردنی چەك بۆ میسر و سوریا و پشتگیری لە میسر لە جەنگی ١٩٥٦ دا ، یەکەم هەنگاوێکی

ئەوجێ پێی خۆکردنەوەیەی شـــوورەوی بوو .
لەپاڵ ئەو دوو هۆیە دا کە کاك فازڵ دەستنیشانی کردوون ، کە ئێمـــــە دەتوانین بە هۆ دەرەکی یەکانی ئەو نێزیك بوونەوەی بزووتنەوەی نەشـــتمانیی ی کـــــوردە و ســـۆڤیەت نێویان بەرین ، چەند هۆیەکی گرنگی نێوخۆیی هەبوون ، کە دەتوانین لەم خاڵانە دا کۆیان بکەینەوە :

١ــ ئەوکاتە پارتی دێمۆکراتی کوردستان حیزبی تاقانەی کورد بوو. سەرۆکی ئەو حیزبە کە نێویکی گەلەك درەو شـــاوەی هەبوو ، وەك پاڵەوان و ســـەرکردەیەکـــی میللی ناســـرابوو ، لە ســـۆڤیەت پەنا درابوو (*) . ئەمە خۆی لە خۆی دا هۆیەکی گرنگ بوو بۆ بەرزبوونەوەی پایەی خۆشـــەویستی و ڕێزی ســـۆڤیەت لە دڵـــــی ئەندامانی حیزبەکە و جەماوەرێکی زۆری کورد دا .

٢ــ ســـەرکردایەتی ڕاســـتەقینەی حیزبەکە ، بە تایبەت باڵی هەمزە عەبدوڵـــلا . لایەنگر و دۆســـتێکی بێ چەند وچوونی شـــوورەوی بوون . هەڵوێســـــت و هەڵســـەنگاندنی ســـەرکردایەتی یەکە لەلای جەماوەری حیزبەکەش ڕەنگی دەدایەوە . نووســـەر خۆی لە ل ٢٤١ دا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە هەمزە عەبدوڵـــلا داکراوی دەســـتی خالید بەگداش و پارتی کۆمۆنیســـتی ســـوریا بووە .

٣ــ کۆمۆنیســـتەکان و ســـەرکردە مارکســـیســـتە ســـەرەکانی بە ســـۆڤیەتەکانی پارتەگـــە ، بەردەوام ، دامەزراندنی کۆماری مەهابادیان وەبیر میللەتەکە دەهێنایەوە ، کە چۆن بە کۆمەکی ســـۆڤیەت دامەزرا . چەندە ئەو کۆمەك و ڕوڵەی ســـۆڤیەتیان قەبـــە دەکرد ، هێندە لە ئاســـتی خۆکشـــاندنەوە و هۆی ڕاســـتەقینەی ڕوخاندنـــی کۆمارەکە دا خۆیان گێل دەکرد و دەوری سۆڤیەتیان کەم و بێ بایەخ نیشان دەداو تاوانەکەیان تەنها و تەنها بە ســـەری هێزە ئیمپریالیزمەکان دا دەســـوو .

(*) کاك فازڵ لە ل ٢٤٧ دا ، بەڵام لە بوارێکی دیکەی جودا لەم مەسەلەیە ، گرنگی ئەم خاڵەی دەستنیشان کردووە .

پاشـــان نووســـەر دێتە ســـەرباســـی هەڵمەتانی بارزانی ی بۆ شـــوورەوی ی .
پەنجە بۆ ئەو راســـتی یە را دەکێشـــێت کە ســـەرەتا حاڵی بارزانی یە پەنابەرەکان
لە ســـۆڤیەت خراپ بووە . دووهۆ بۆ حاڵ و بارە دەســـتنیشـــان دەکات :
١ ــ هەڵوێســـتی شـــۆڤینیســـتانەی جەعفەر باقرۆف بەرامبەر مەســـەلەی کورد .
٢ ــ بێ نەخشـــەیی و خۆنەگرتوویی سیاسەتی ستالین ئالەوســـەردەمی پاش
هەرەســـی کۆماری مەهابادە دا بەرامبەر بە مەســـەلەی کورد . ئەو هەڵوێســـتە
بە هاتنی خرۆشـــۆف گۆڕدرا و کالایەکی دیکەی پڕۆپـــی . باســـی حاڵـــی
لەوەو پاشـــی بارزانی یان دەکات . ڕێگەی پێیوەندی یان بە کوردەکانی ســـۆڤیەتـــەوە
بەری پێ گیراوە . هەتا ڕێگەی ئەومش نەدراون کە ژن لە کوردەکانی ســـۆڤیەت
بخوازن ، لەگەڵ ئەوە دا کە هانی ئەوەیان داون ژن لە میللەتانی دیکـــەی
ســـۆڤیەت بخوازن .
ئەوجا دێتە ســـەر باســـی ســـەردەمی کودەتای تەموزی ١٩٥٨ و پێوەنـــدی ی
ســـۆڤیەت بە ڕژێمی نوێ و بزووتنەوەی نیشـــتمانی ی کورد و گەرانەوەی بارزانی یان
بۆ عێـــــــــراق .
عێراق دەســـتبەجێ پێوەندی ی دیبلۆماســـی لەگەڵ شـــوورەوی و وواڵاتانی دیکەی
ڕۆژهەڵات دا (جگە لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) دەبە ســـتێتەوە . بەیمانی ئابووری ی
لەگەڵ شـــوورەوی یدا مۆر دەکات . کارناســـانی ئابووری ی و ســـوپایی ســـۆڤیـــەت
ڕوو لە عێراق دەکەن . گەلەك خوێندکارانی عێراق بۆ خوێندن دەچنـــــــە
شـــوورەوی و وواڵاتانی ســـۆســـیالیســـت .
لە هەمووی گرنگتر کۆمەکی ســـوپایی بوو بە عێراق ، کە ســـیســـتێمی چەکداری ی
عێراقی لە ئینگلیزی یەوە گۆڕی بۆ ڕووســـی .
لەپاڵ ئەو پێوەندی یانەی ســـۆڤیەت و ڕژێمی عێراق دا ، پێوەندی ی ســـۆڤیەت

لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست و بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد دا بەتین ترکرا .
پارتی کۆمۆنیست بووە یەکە هێزی سیاسی عێراق . لە نێو سوپا و حوکومەت دا هێز و گوڕی پەیدا کرد . نێو برا و بە (مقاومەی شەعبی ی) دامەزراند .
هەرچەندە پێوەندی ی پارتی دێموکرات و پارتی کۆمۆنیست چاك بوو ، بەڵام مل ملانێش لە نێوانیان دا هەر نەبرایەوە . هەردوولایان پشتگیری ی تەواویان لە رژێم دەکرد . لە سەرکوت کردنی کودەتاکەی شەواف و کارەساتی کەرکوك دا راستەوخۆ بە شدار بوون و پشتی رژێمیان گرت .
شوورەوی ی لە بواری پروپاگەندە و بڵاوکردنەوە دا پشتگیری تەواوی لە مەسەلەی کورد دەکرد ، بەڵام تا رادەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق دا . بارزانی ی و سەرانی پارتی دێموکرات بەردەوام داوەتی بالۆیزخانەی شوورەوی ی دەکران و هاشتۆ و سەردانی زۆریان دەکرد . پارتی دێموکرات لە رووی مادیشەوە باربووی زۆری پێ دەکرا و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی خەبات بەو کۆمەکەی شوورەوی رایی دەکرا . کاتێك هەندە هۆزە کوردێکی دوژمنی بارزانی ی پەلاماری هۆزی بارزانیان دا ، رۆژنامەکانی سۆڤیەت بەتوندی هێرشیان کردە سەریان و بە بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزم نێویان دەبردن .
لەگەڵ ئەو پێوەندی یە چاکانە دا ، لە ١٩٥٩ دا پێشهاتیکی ناگەهان ، پێوەندی ی نێوان پارتی کۆمۆنیست و پارتی دێموکراتی شلۆق کرد . بارزانی ، هەمزە عەبدوللا و هەڤالەکانی ، کە بە بالی چەپی نێو پارت ناسرابوون ، لە ریزی حیزبەکەی تووڕی هەڵدانە دەرەوە ، بەو بیانووەی کە ئەوانە بەرژەوەندی ی پارتی کۆمۆنیست رەنگ پێ دەدەنەوە نەك کورد . لەگەڵ ئەوە شدا پێوەندی ی نێوان بارزانی ی و پارتەکەی لەگەڵ شوورەوی یدا هەر بە چاکی مایەوە .
لێرە دا بە پێویستی دەزانم چۆنیەتی ئەو رووداوە و هۆی بەردەوامی ئەو

پێوەندی یە چاکە ی بارزانی و پارتەکەی لەگەڵ سۆڤیەت دا ، پاش ئەو پێشهاتەش لە نوو سینیکەوە بۆ خوێنەران راگوێزم ، کە بە داخەوە هیچ نیوێکی لە سەر نی یە . نوو سەرەکەی لە ژێر سەردێڕی (دەربارەی رابەری پارتی دێموکراتی کوردستان بەر لە ١٩٦٣) دەڵێت : (.... بەڵام بارزانی لە برایم ئەحمەد هەر دردۆنگ بوو . پشتی حەمزە عەبدوللای دەگرت . تا ئەو ڕۆژەی حەمزە عەبدوللا هەڵەی کوشندەی عومری کرد و ویستی ڕێکخراوەکانی پارتی لە ڕێکخراوە شیوعی یە عێراقی یەکان دا حەل بکا و پارتی بکا بە " تابع "ی حیزبی شیوعی عێراقی . دەستەی برایم ئەحمەد دژی ئەوەبوون و " راستەوخۆ لە ڕێی ئەحمەد تەوفیق ـ عەبدوللا ئیسحاقی " یەوە هەوڵیان دەدا بارزانی دەست لە دەستەی حەمزە عەبدوللا بەر بدا و ئەوان تبنی بکا . ئەم هەلەیان بە دەرفەت زانی بۆ پتر نێزیك بوونەوە لە هەستی کوردایەتی بارزانی . بارزانی لێی داوا کردن کە کۆنگرەیەك بگرن و مەسەلەکە ببڕێننەوە ، بەڵام برایم و هەڤالەکانی زۆر بە ڕوونی تێیان گەیاند کە کۆنگرە بە زیانیان دەبێت ، چونکە زۆربەی حیزب لەگەڵ حەمزە عەبدوللا دایە و هەر چۆنێك بێ دەبێ بارزانی نفوزی خۆی بەکار بێنێ . بارزانی لە شەوی ٣٠ حوزەیران / ١ ی تەموزی ١٩٥٩ دا " وێرای چەند چەکدارێك " چووە بارەگای حیزب " لە شەقامی المتنبی ـ بەغدا " و بە کۆمەڵێك جوێن و هەڕەشەوە دەستەی حەمزە عەبدوللای دەرکرد و کلیلەکانی بارەگای هێنا دایە دەستی هەڤالانی برایم ئەحمەد و ووتی : بڕۆن بەیانیان لە سەر دەرکەن ! بەو جۆرە حەمزە عەبدوللا کە نفوزی عەشیرەتی بارزان دەوری بۆ دیتبوو کە ببێت بە یەکەم سکرتێری حیزب ، هەر بەو نفوزەش دەستەی برایم ئەحمەد دەستیان بە سەر پارت دا گرت و حیزبیان لە خەتی حەمزە عەبدوللا پاك کردەوە . مەکتەبی سیاسی کەوتە ئەوپەری پرۆپاگەندە بۆ بارزانی و بە نـاو و

ناوبانگی ئەوەوە کۆمەلانی خەلکی کوردەواریان لە حیزب نزیك کردەوە . بە مە ژمارەی ئەندامان لە ژمارەیەکی کەمەوە بە ژمارەیەکی زۆر گەیشت .

بەرپرسیارانی یەکێتی سۆڤیەت بەم گۆرانە زۆر نارەحەت بوون . لە جیاتی ئەوەی حەمزە عەبدوللا بە شێوەیەکی تر ئاراستە بکەن و نەهێڵن وا بە سووك و هاسانی خۆی لە مەیدانی خەباتی کورد وە دەرخات و رێگە بۆ برایم ئەحمەد و هەڤالانی خۆش کات ، دوکتۆر " مراد رزم آور " (*) یان لە مۆسکۆوە نارد لای بارزانی ، کە پێی بڵێت سۆڤیەت ئەو گۆرانە لە پارتی یدا بە پیلانێکی ئینگلیز تێ دەگات و دەبێ پێشی پێ بگیرێ . بارزانی بە دوکتۆر مرادی ووت کە ئەو " بارزانی " ناتوانێت رێگە بدا حیزبەکەی بکرێ بە لقێکی حیزبی شیوعی عێراقی و ناقە بەدیلێکی بە دەستەوەیەتی دەستەی برایم ئەحمەدە . بارزانی دوکتۆر مرادی دڵنیا کردەوە کە هەموو شتێك هەر بە دەستی خۆی " بارزانی " دەبێ .

بۆ سەلماندنی ئەم قسانەی دوکتۆر مرادی لەگەڵ خۆی بردە کۆنگرەی داهاتوو " ٥-٨/ ٥/ ١٩٦٠ " کە حەمزە عەبدوللا و دەستەکەی بەرەسمی لە حیزب دەرکران و لە کۆنگرە دا " بارزانی " کۆمەلێك جوێنی بە هەموو پارتی یەکە دا ، تا هەموو لایەك باش تێ بگەن کە هەر خۆی شتە و کەس لە حیزب دا هیچ نی یە .

تەنانەت دوکتۆر مرادیشی کرد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزب . هەر چەندە رووسەکان هەمیشە هەر سووربوون لە سەر ئەوەی کە برایم ئەحمەد و کەسانێکی تری نزیکی ئەو پیاوی بەریتانیا بوون ، بەڵام بەهەر حاڵ دوکتۆر مراد لە توانا و دەسەڵاتی بارزانی دڵنیا بوو و بە راپۆرتی شادەوە گەڕایەوە مۆسکۆ) .

(*) دوکتۆر مراد فەرمانبەرێکی دەستگای جاسوسی شورەوی " ك.گ.ب " یە . هەمان ئەو کەسەیە کە جاسوسێکی " سیا " (عەلی قازی ـ کوری رەش) لە راپۆرتی ٥ ی مەهری ١٣٥٨ یەدا بۆ (سیا) دەربارەی دەڵێت : ←

ئامانجی سیاسەتی سۆڤیەت لەو سەروەختەدا ، بوونی پارتێکی بەهێز و توانای کورد بوو . تەنها بۆ ئەوە نەبوو کە لەو رێگەیەوە جێ پێ یەکی سیاسی لەعێراق دا بۆخۆیان بکەنەوە ، بەڵکە بەو هیوایەش بوو کە ڕێبەرەوی پێوەندیەك لە گەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا مسۆگەر بکەن .

لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ دا بارزانی ی بۆ ٢١ هەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شووڕەوی ی داوەت کرا . ئەو سەردەمە ئالۆزی ی پێوەندی یەکانی کورد و ڕژیم لەلایەك و کۆمۆنیست و ڕژێم لەلایەکی دیکەوە ، سەری هەڵدا بوو . قاسم پشتی لەچەپ دەکرد و بەنیازی چەسپاندنی مل هوڕی و دیکتاتۆریتی بوو . ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە سۆڤیەت زۆر بۆ قاسم بهێنێت .

بارزانی ی لە مۆسکۆ زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کرا و ڕێزی لێ گیرا . لەگەڵ (سۆسلۆف) و هەندەك سیاسەتمەدارانی دیکەی نێودارێ سۆڤیەت دا چەند جارێك کۆبوونەوە . بارزانی ی ڕاسپێردرا زۆر بۆ قاسم بهێنێت . ئەگەر پێویستی کرد ، تارادەیەك ، پەنا بۆ هێزیش بەرێت . نەسیحەتیش کرا

← (٠٠٠٠ ٢ــ گرنگترین کەسێك لە بواری مەسەلەی کوردی عێراق دا ، نەفەرێکە کە هێندە ناسراو نی یە . نێوی دوکتۆر مراد عەزیزە کە لە ..... دەژی و هەمیشە بە پشتیوانی ی ٢ مارسیدس کەپرن لە پاسەوانانی چەکدار بە چەکی ئۆتۆماتیك ، هات وچۆ دەکات . پلەی ئەو لە پێوەندی ی بە دەوڵەتی عێراقەوە ئاشکرا نی یە . ... لەو ڕێزەوە کە لێ ی دەگیرێت ، وا پێ دەچێت کە پلەیەکی بالای هەبێت . لە ماوەی ٤٦ــ (٠٠٠٠) ١٩ دا دوکتۆر عەزیز لە ئازربایجان بە نێوی گروهبان مراد ڕەزم ئاوەر ی ئەرتەشی ئێران ناسرا بوو ، کە بۆ کۆماری کەم تەمەنی کوردستان کاری دەکرد . پاش ڕوخاندنی کۆمارەکە بۆ .... هەڵهات و تا ئەوکاتەی لە بەغدا بە نێوی دوکتۆر عەزیزە وە خۆی نیشاندایەوە ، هیچ زانیاریەك دەربارەی ئەو لە بەر دەست دا نە بوو) .

" بروانە : اسناد لانە جاسوسی ، کردستان (٢) ، شمارە (٣٢) ، دانشجویان مسلمان پیرو خط امام ، ص ٦٦ .

که بەغدا جێ بەیلیت و بچیتەوە کوردستان . پارەیەکی زۆریشی بە نیوی خەرامانی ئەو چەکانەوە کە کاتی هەلهاتنیان بۆ شووڕەوییان بردبوو ، هەروەها بە نیوی مووچەی خانەنشینی ئەو پەنابەرانەوە کە ئەو دوازدە ساڵە لە شووڕەوی کاریان کردبوو ، پێ درا . گفتی کۆمەکی دیکە شیان دایە .

پاش گەرانەوەی ، لە مارتی ١٩٦١ دا ڕۆژنامەی خەبات داخرا و لە ئاوریل دا بارەگاکانی پارت لە بەغدا و شارەکانی کوردستان دا مۆر کران .

بە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ چەند خاڵێکی گرنگ رابکێشم:

نووسەر لە سەرەتاوە نووسیبووی گوایە پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پشتگیریی مافی چارەنووسی گەلی کوردی کردووە . بەڵام لە ل ٢٤٥ دا دەنووسێت (پارتی کۆمۆنیستی عێراق بە پێی شیکردنەوەکانی ستالین ، کوردی بە کەمە نەتەوەیەک دادەنا ، نەک بە نەتەوەیەک) .

لە ل ٢٤٦ دا دەنووسێت (پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، لەگەڵ مافی ئۆتۆنۆمی کورد دابوو لە چوارچێوەی عێراق دا . چونکە هەوڵی جودابوونەوە توانای خەباتی گەلی عێراق لاواز دەکات) .

چەند پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت :

١ــ ئاخۆ مافی چارەنووسی کەمەنەتەوەیەک و نەتەوەیەکی لەت لەت کراو وەک یەکن؟

٢ــ ئایا ئەوە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینێکی زانستانەی ڕاست بووە لە مەسەلەکە؟

٣ــ ئاخۆ پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، لە هەموو سەردەمێکی گۆڕانە سیاسییەکانی عێراق دا ، هەر بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە نیوە و ناچڵەی خۆی بەئەمەک ماوەتەوە ؟

٤ــ ئایا پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، ئێستا ، پاش نیو سەدە لە دامەزراندنی و پاش دەیان شۆڕش و ڕاپەڕینی کورد ، پاش ملیۆنەها قوربانی و دنیایەک

مالّ ویّرانی و دەریایەك خوێن و ئەسرین رشتن ، ئەو مافی چارەنووسە بەکورد رەوا دەبینێت و بریار دەداتە دەستکورد خۆی ؟
ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن و دەیان پرسیاری دیکەیان لێ دەبێتەوە و خوێنەر دەتوانێت لەخۆی بکات و وەرامی هێندێکیان زۆر ئاسان بداتەوە .
بە پێچەوانەی بۆچوونی کاك (فازل) ەوە ، پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، هەمەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دانی بە مافی چارەنووسی کورد دا نەناوە ، بەڵکە لە سەرەتاوە داوای مافێکی هاوسانیان بۆ کورد کردووە . لە خالێ دەهەمی میساقی نیشتمانی یدا ، کە پاشان یەکەم کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیست لە ١٩٤٥ دا بریاری لە سەر دا ، دەڵێت : (لە پێناوی بەدیهێنانی مافی چوون یەکی یەکی راستەقینەی کەمەنەتەوەیی کورد دا خەبات دەکەین ، لەگەڵ بەرچاوگرتنی مافی کەمەنەتەوەیی و ئاینی یە گچکەکانی وەکو تورکمان و ئەرمەنی و یەزیدی یەکان دا) . (*)
١٩٥٢ کە (بە هادین نوری) دەبێتە سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، ئەو پڕۆگرامە دەگۆڕێت و پڕۆگرامێکی نوێ بۆ حیزبەکە دادەڕێژێت . لەو پڕۆگرامە نوێیەدا ڕەخنە لە پڕۆگرامەکەی فەهد دەگرێت کە لە هیچ پەرەگرافێکیدا دان بە مافی چارەنووسی کورد دا نانێت و بە هەڵە یەزیدی یەکانیش دەکە بەشێکن لە نەتەوەی کورد و بە کەمەنەتەوەیی حسێبیان دەکات . (**)
جا کەوشەن و سنووری فراوانی نێوان مافی کەمەنەتەوەیەك و نەتەوەیەك ئاشکرایە . ئەو تێروانینەی پارتی کۆمۆنیست لە مەسەلەی کورد ، هیچ کات ناتوانرێت بە تێروانینێکی زانستانەی مارکسی لینینستانە دابنرێت . وەکو خۆیان گەلەك

(*) بروانە نامیلکەی :" ٤٥ عاما من النضال فی سبیل وطن حر وشعب سعید "، منشورات الحزب الشیوعی العراقی ، ١٩٧٩ ، ص ٣٤ .
(**) جەمال نەبەز :" کوردستان و شۆڕشەکەی " ، تەرجەمەی کوردی ، ل ١٨٣ .

جار خۆی بێ هەڵدەدەنەوە .

لە کەپیتالیکی دیکەی کارنامەکەدا ، کاک فازل ، گەشتێکی چڕوپڕ بە هەڵوێست و ڕەفتاری پارتی کۆمۆنیستی عێراق دا دەکات . کە ئێمە پاشان بۆ خوێنەری دەزگەی جاسووسی ی شووڕەوی یدا ، بەتاوانی خیانەت و جاسووسی ی لەداریش دران . (*)

لە ل ٢٥٤ دا ، باسی پیلانەکەی شەواف و سەرکوت کردنی دەکات . بەڵام بێ ئەوەی نێوی شەواف و کاتی پیلانەکە و شوێنی پیلانەکە بهێنێت ، کە بۆ خوێنەرێکی ئاڵەمانی زمانی نەشارەزا بە مەسەلەکە ، سەرگێژکەر و ئاڵۆزە . دەبایە بینووسیبا پیلانی (شەواف)ی ١٩٥٩ لە موسڵ .

لە ل ٢٦٠ دا دەنووسێت : (یەکێک لە نێودارتزین کوردە وڵوژەکانی شووڕەوی ی دەنووسێت : دێموکرات خوازەکانی میللەتی کورد چاک دەزانن کە تاکە ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد ، بە یەکخستنی خەبات لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و تورکیا و عێراق دا دێتە دی ، بەوەی بەرەیەکی هاوبەش لە پێناوی ئاشتی و دیموکراتیتی یدا بهێننە کایەوە) .

بریا بینووسیبا ئەو کوردە وڵوژە نێودارە کێیە !

(*) بڕوانە : جەمال نەبەز : "کوردستان و شۆڕشەکەی" ، تەرجەمەی کوردی ، پەراوێزی ل ١٢٨ . هەروەها بڕوانە : کەریمی حسامی : "کۆماری دێموکراتی کوردستان یان خودموختاری" ، چاپی دووهەم ، ١٩٨٦ . ل ٩٢ .

هەلوێستی شۆڕەوی بەرامبەر شۆڕشی کوردی
١٩٦١ تا ١٩٧٥

شۆڕشی ١٩٦١ – ١٩٧٥ ی کورد ، درێژخایەن ترین شۆڕشی مێژووی نوێی کورد بووە . لەو خەباتە دا کە بە شەڕ راگرتن و گفت و گۆی چەندین جارە لەگەڵ رژێم دا و هەتا بە شداریی‌یش لە حوکم دا . بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد ، بووە یەکێك لە هێزە سەرەکی یەکانی عێراق .

هەر لەم سەر دەمە دا چەندین بزووتنەوەی دیکە لە نێو چەکە دا سەریان هەڵدا . وەکی بزووتنەوەی ئێریتێریا و فەلەستین و عومان . ئەمانەش بوونە هێزێکی نوێ لە نێوچەکە دا . وردە وردە لە ئاستی پێوەندی‌یە جیهانی یەکان دا ، بەتایبەت لە مل ملانێ ی دوو زل هێزەکەدا ، بوونە هۆ و ئامرازێکی حسێب بۆکراو .

شۆڕەوی توانی لە رێگەی ئەم هێزە تازە سەرهەڵداوانەوە ، گوشار بخاتە سەر تاکەی تاکەی رژێمەکان . بە تایبەت لە سەر وەختی حوکمرانی بریژینێف دا ، سۆفیەت سیاسەت و ستراتیژی‌یەکی درێژخایەن تری پێش چاو گرت ، وەك لە سەردەمی حوکمرانانی بەر لە خۆی .

بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد ، لەو خەباتە درێژخایەنە دا ، نەك تەنها بووە هێزێکی بەرچاو و حسێب بۆ کراو ، بەڵکە بووە هێزێك کە ماوەیەکی دوور و درێژ فەرماندا ری راستەقینەی مەڵبەندە کوردی‌یەکانی عێراق بوو ، بەرادەیەك بوو بووە دەوڵەتێك لە دەوڵەتێك دا . بزووتنەوەکە ، لەپاڵ ئامانجە نەتەوەیی یەکان دا ، هەوڵی هەڵتەکاندن و گۆراندنی باری سیاسی عێراقی دەدا و تین و تاوێکی هێجگار زۆری لە سەر هەڵوێست و پێوەندی‌یە نێو دەوڵەتی یەکانی عێراق هەبوو .

بە شێوەیەك کە لە شەستەکان دا ، شۆڕشی کورد ، یەکێك لە هۆ

سەرمکی یەکان و ڕێ خۆشکەرێکی ئەو هەموو کودەتا و ئاڵۆز و گۆڕانە بووکە لە عێراق دا ڕووی دا و وڵاتەکەیان لە باڕیکی ئاڵۆز دا گێژ دەدا . هەرچەندە بزووتنەوەی کورد بە هۆکاری ئیتنی و بەرهەڵستی جوگرافیایی ، نەیتوانی دەستەڵاتی عێراق لە دەست بگرێت ، بەڵام توانی ئەم ڕژێمە چەند جارێك بخاتە بەر بوومەلەرزەی سیاسی یەوە و تین و تاو و کاریگەری یەکی زۆری لە سەر هەبێت . لەو ڕێگەیەوە گەلەك هێزی نێوچەیی و جیهانی ناچاری پێوەندی ی بە ستن بوون لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد دا ، شۆڕەوی و ئەمریکا لەو بوارە دا گرنگترین و گەورەترین ئەو هێزانە بوون .

جگەلەوە شۆڕشی کورد چاوگەی ئازادیخوازانی نێوچەکە بوو . سایە و پەنای گشت ڕەوە ونراوێك و هەڵهاتوویەك و لێ قەوماوێك بوو . بە تایبەت و پلەی یەکەم پەنا و پایەی چەند جارەی کۆمۆنیستە عێراقی یە ڕەوە ونراوەکان بوو ، کە چەندین جار پێستی خۆیان لە دەباخانەی ڕژێمەکانی عێراق قوتار کرد و گەیشتنە کوردستان و پارێزگاری یان لێ کرا ، کە ئەمە خۆی لە خۆی دا یەکێك لە هۆکانی کۆمەك و پشتگیری ی شۆڕەوی ی بوو لە شۆڕشەکە .

پێوەندی یەکانی کورد و سۆڤیەت لەو سەردەمەدا ، دووچاری گەلەك کزی و لاوازی و هەڵبەز و دابەز بوون . تا ئەو ڕادەیەی کە بزووتنەوەی کورد ایەتی ناچاری ئەوە بێت کە پێوەندی ی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی سەر بە ئەمریکای وەکو ئیران و ئیسرائیل دا گرێ بدات . بەڵام ئەو پێوەندی یانەی نێوان سۆڤیەت و کورد کە لە ١٩٦٣ وە تا ١٩٧٤ بڕی کرد ، قەت و قەت قرتاندنی تەواو و لەبارچوونی بەخۆوە نەدی و هەمیشە لەو پەڕی ئاڵۆزی یشدا ، تاڵە باریکەیەك لە نێوان دا هەر هەبووە .

پاشان نووسەر لەژێر سەردێڕی (هەڵوێستی دووفاقەی سۆڤیەت) دا،گە شتێکی مێژووبی بە رووداوەکان دا دەکات . بە پێویستی دەزانین کە پوختەیەکی بۆ خوێنەران راگوێزین :

ئەو کاتەی کلپەی شۆڕشی کورد دژی قاسم هەڵایسا ، پێوەندیی قاسم پارتی کۆمۆنیستیش تا ڕادەیەك شێوا بوو . قاسم لە ترسی خەتەری کۆمۆنیست رووی پیشانی ڕۆژئاوا دەدا . هیچ کات سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر قاسم دوژمنانە نەبوو ، بەڵکە بەردەوام هەوڵ دەدرا لەگەڵ کورد وکۆمۆنیست دا نێوانیان خۆشکرێتەوە ، تا ڕژێمەکە لە ڕاست ڕەوی بپارێزرێت و لە روخان دن قوتار کرێت . چونکە ئاشکرا بوو ، قاسم بەدژایەتی کورد و کۆمۆنیست جێ پێی خۆی بن کەل دەکرد . لەوسەردەمەدا ، بۆشوورەوی یەدیلیکی چێتر لە قاسم لە ئارادا نەبوو .

لەکۆتایی ١٩٦١ دا ، بەهۆی گەلەك کێشەوە، قاسم لە سەر ئاستی نێوچەکە دابراو و کەنارکەوتوو بوو . جگەلە کێشە نێوخۆیی یەکان ، گرنگترینی ئەو کێشانە کێشەی شێرکەتەکانی نەوتی ئینگلیز و کێشەی "کوێت" بوو ، کە قاسم بە بەشێك لە پارێزگەی بەصرەی دادەنا و داوای خستنەوە سەر عێراقی دەکرد .

هەڵوێست بەرامبەر قاسم ، یەکە کێشەی نێوان پارتی کۆمۆنیست و پارتی دێموکراتی کوردستان بوو . کۆمۆنیست ، هەرچەندە رەخنەشیان لە ڕژێمی قاسم هەبوو ، بەڵام پێیان وابوو مادام ڕژێمێکی دژ بە ئیمپریالیزمە ، نابێت دژایەتی بکرێت . بۆیە بەردەوام سەرانی پارتیان بەکورت بین و ناسیۆنالیست تاوانبار دەکرد .

لەکۆتایی ١٩٦٢ ، لە ئاکامی بە هێز بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان شوورەوی و

رژیمی قاسم دا ، شوورەوی‌ی راسپێردێکیان بۆ لای بارزانی نارد و داوایان لێ کرد ، ئەو تونا شۆرشگێرییەی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد دژی رژیمانی تورکیا و ئێرانی سەر بەرۆژئاوا بەگەرخات چێترە لەوەی دژی رژیمی دژ بە ئیمپریالیزمی قاسم هەلیسورێنێت .

لە فێبریوەری ١٩٦٣ دا ، لە سەر ئەنجامی کودەتا خوێناوی‌یەکەی بە عسی و ناصری‌یەکان دا ، رژیمی قاسم سەرنگوم کرا . لە سایەی رژیمی نوێ دا هەزارەها کۆمۆنیست قرکران . رژیم تاکتیکی گفتوگۆی لەگەل شۆرشی کورد دا پێش‌گرت ، تا بەدەمیانەوە بگرێت و جێ پێی خۆی قایم بکات . صەدان کۆمۆنیست ناچار بۆ کوردستان هەلهاتن . بارزانی دالدەی دان . بەڵام هەندەك لەبالەکانی دیکەی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد ، دژی ئەو دالدە دانەیان بوون . (*) پێوەندی‌ی کورد و شوورەوی‌ی ، کەلە دوامانگەکانی حوکمی قاسم دا پسا بوو ، سەر لەنوێ گرێ درایەوە . سۆڤیەت مەبەستی ئەوە بوو جێ پێیەك بۆ پارتی کۆمۆنیست لە شۆرشەکە دا بکاتەوە . تا پێکرا دژی رژیمی نوێ بەگەریان بخات . چونکە رژیمی نوێ گەورەترین زەبری لە بەرژەوەندی‌یەکانی شوورەوی‌ی وەشاند . بەهێزترین پارتی کۆمۆنیستی نێوچەکەی دا پلۆسی و زۆری ئەندامانی کوشتن . نێزیکترین هاوکاری لە نێوچەکە دا سەرنگوم کرد . بۆیە شوورەوی‌ی لەم دەمەدا چێترین رووی پیشانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد دەدا . لە بڵاوکراوەکانیدا پشتگیری لە بزووتنەوەکە دەردەبڕی .

سەرەتای یونی ١٩٦٣ جەنگی نێوان کورد و رژیمی عێراق دەستی پێ کردەوە . شوورەوی‌ی لە پرۆپاگەندە و بڵاوکراوەکانی‌یدا پشتگیری تەواوی لە میللەتی کورد دەردەبڕی و دژی "لە نێو بردنی کورد لەلایەن رژیمی فاشیستی عێراقەوە "

(*) بالی برایم ـ جەلال ، گەلەك کۆمۆنیستیان زیندانی کرد و چەکیان کردن .

وێستایەوە . رژێمی عێراقی بەوە ناوانبار دەکرد کە بە کۆمەک و چەکی نەوەی ئینگلیز جەنگێکی درندانە دژی کورد وەبەر دەگرێت . (*)

سۆڤیەت کۆمەکی مادی و مرۆڤانەی زۆری بۆ کورد بەڕێ کرد . هەروەها خاچی سووری هەنگاریا و ئالەمانیای دێموکرات و چەکۆسلۆفاکیا کەوتنە خۆ و دەست و دڵیان والا بوو .

گرنگترین رووداوی ئەو سەردەمە ئەو هەنگاوە بوو کە شۆڕەوی لە سەر ناستی دیبلۆماسێتی جیهان هەڵینا . ئەوە بوو لە یولی ١٩٦٣ دا مەنگۆلیای ڕاسپارد کە دادی کورد بگەیەنێتە کۆمەونەوەی گشتی ی نەتەوەیەک گرتووەکان . رژێمی عێراق خەریکی داوی پیلانی هاریکاری سێرایی بوو لەگەڵ رژێمانی ئێران و تورکیا و سوریا دا ، بۆیە گرۆمیکۆ ئەو وولاتانەی لە وەبەرگرتنی هەنگاوێکی لەو بابەتە بە هۆش هێنایەوە .

کۆنایی سێپتەمبەر ، برایم ئەحمەد سەردانیکی مۆسکۆی کرد . بەگەرمی پێشوازی لێ کرا . لەبارێ کۆمەکێکی مادی زۆر دا ، وێزگەیەکی رادیۆی پێ درا و گفتی گەلەک کۆمەکی دیکە شیان دایە .

ئەو کۆمەک و پشتگیری یە بڕواگەندەیی یەی سۆڤیەت و وولاتانی سۆسیالیست بە کوردیان کرد ، مە سەلەی کوردی زێتر بە جیهان ناساند .

لە نۆقەمبەری ١٩٦٣ دا ، رژێمی بەعس لە لایەن عارفی ناصر ی یەوە هەلگیرد رایەوە . سۆڤیەت هیوای لە سەر رژێمی نوێ هەلچنی . هەرچەندە رژێمی عارف هیچ رووبەکی دۆستانەی پێشانی سۆڤیەت نەدا ، بەڵام پێوەندی ی ئابووری ی ئێران هەردوو وولات خۆش کرایەوە و قۆرخانەی

(*) دیارە پرچەک کردنی عێراق بە چەکی کورد قرکەر ، تەنها مافی (دۆستان !) ە ، وەکو لە سەردەمی قاسم و جوونە عارف و سالانی حوکمرانی ی بەعس دا دیتمان . ئینگلیز و ئیمپریالیزمی مەلعوون ئەو هەقیان ناکەوێت !!!

چەکی سۆڤیەتی بۆ عێراق ئاوا‌ڵە کرایەوە .
رژێمی نوێ ئارەزووی چارەسەرکردنێکی ئاشتی یانەی کێشەکەی نیشان دا .
ناصر لەپشتی ئەو هەڵوێستەی رژێمەوە بوو . شوورەوی‌ی ئافەرینی لەو
هەنگاوەی ناصر کرد . حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ناچار کرا بە ئەرێتی
لەو گۆرانکاری‌یانەی رژێم بروانێت . چونکە ئاشتی‌ی نێوان کورد و رژێم
رەنگە جێ یێك بۆ سۆڤیەت خۆش‌کات .
سەرەتای ١٩٦٤، سۆڤیەت نێوبژی‌کەری نێوان کورد و رژێم بوو ، کە لە
فێبریوەری هەمان ساڵ دا بە شەڕ راگرتن کۆتایی پێ هات .هەرچەندە ئەو
مافانەی رژێم دانی پێدا نابوو ، لەوانە کەمتر بوو کە رژیمی پێشین پێش
چاوی خستبوو ، بەڵام شوورەوی‌ی پشتگیری‌ی لەو رێکەوتنە کرد و بارزانی یان
ناچار کرد پێی رازی بێت .
باڵی برایم ئەحمەد و زۆربەی کۆمیتەی مەرکەزی‌ی پارت‌ەبەو رێکەوتنە رازی نەبوون .
ئەمە بووە هۆی دووبەرەکی‌ی ریزەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی کورد . لەگەڵ ئەوەی
پڕۆگرامی برایم ـ جەلال زێتر بەلای چەپ دا دایدەشکاند ، کە چی سۆڤیەت
پشتی باڵی بارزانی‌ی گرت .
لێرە دا ناچارم قەناغەی برینێك هەڵدەمەوە و ئەم چوار پێنج دێرەی
کاك فازڵ ویستوویە هەروا سووك و ئاسان بە سەر خوێنەر دا تێپەڕێنێت
دەیخەمە بەر ناوی لێکۆڵینەوە و شی کردنەوەوە .
لە کارێکی زانستانەی ئاوها دا ، هەقە راستی‌ی رووداوەکان چۆنن ، ئاوها
پێش چاوخرێن ، دوور لە تین و ناوی سۆز ، بێ رتوەش و دەستکاری . چونکە
لە رووداوێکی ئاوها گرنگ دا کە میژوویەکی هێندە دووری نی یە تا وەچەی ئێمە
لە یادی کردبێت ، ناتوانرێت هەروا بە خشەی قەڵەمێك زۆر راستی‌ی

قلپ کرینەوە . خوێنەری کەمەك ئاگاداری مە سەلەکان ، لە قۆرتی ئاوەها هەلدە نووتێت . بۆیە من بە ئەرکی خۆمی دەزانم لەنگی ی ئەم پەرەگرافە راست بکەمەوە کە بە چەند دێرێك مێژووی سەردەمێکی میللەتەکەمان و رەورەوەی وەرچەرخینراوی پاشە رۆژیشی لنگە و قووچ کردوتەوە . کاك فازل کە سێك نی یە نەشارەزا و لاتەریکی ئەو سەردەم و واقیعە بێت ، بۆیە نالێم گومان دەکەم ، بەڵکە بە تەواوی دڵنیایی یەوە دەڵێم کە بە ئارەزوو دەستی ئەنقەستو بە تین و تاوی سۆزێکی پەتی ی ئەو نارەوایی یە دەکات .

ئێمە ناچارین ئەم پرسیارانە بەرەو رووی کاك فازڵ بکەینەوە :

١ــ ئاخۆ هۆی راستەقینەی دووبەرەکی ی نێو بزووتنەوەی کورد ایەتی و ریزەکانی پارت ، رێکەوتنەکەی شێست و چواری " موشیر ــ بارزانی " بوو ؟

٢ــ ئایا بە راستی ئەو باڵە شکاوە بە رێکەوتن رازی نەبوون ؟ یاخود ئەو کاسەیە بێ ژێر کاسە نەبوو ؟

٣ــ ئایا بە راستی ی ئەو باڵە لەرزۆکە چەپی بوون ؟ یاخود بانگاشەی پەتی ی بوو بۆ لاوازکردنی باڵی بارزانی و قایم کردنی جێ پێ ی خۆ ؟

هێندەی مەودای باسەکە بیگرێتە خۆ و سەرچاوە تۆمارکراوەکان و بیرەوەری گەواهە بە چاودیدەکان دەستگیرۆییمان بکەن ، هەوڵ دەدەین بە کورتی وەرامی یەکەیەکەی ئەو پرسیارانە بدەینەوە :

١ــ هۆی راستەقینەی دووبەرەکی ی ریزەکانی پارت ئەو رێکەوتنە نەبوو کە بارزانی ی (کوردی بە مۆز و پرتەقاڵ فرۆشت !) . کاتەکە شی رەگ و ریشەی زۆر لەوە قووڵتر بوو . بەڵام تەقینەوەکەی لەو کاتە دا تەوقیت کرا بوو . چۆن ؟؟

مامۆستا هەژاری موکریانی لە پاشکۆی شەرەفنامە دا دە نووسێت :

(.... برایم کە بە ئاوات بوو بارزانی لە سەر رێ لابات ، نە دەوێرا ش

ئاواتەکەی ئاشـــکرا کات ، لە بنەوە بە دزی و فزییەوە دژی بارزانی ی دەیوورنانەوە و دەیەویســت بەدناوی کات .

دوای کودەتای ٨ی فێبریوەری ١٩٦٣ کە بەعس هاتە ســەرحوکم و شەڕ وێســتابوو ، من لە بەغدا جەلالم دیت کە بۆ ووتوو وێژ هاتبوو ... گوتی حیزب دەڵێت هەژار بابێتەوە کوردســتان ، بەڵکو نێوانی بارزانی و ئێمەی حیزب خۆش کاتەوە .... کاتێ هاتمەوە کوردســتان و چاوم بە بارزانی ی کەوت و کردەوە و حیزبایەتی یەکەی جەلال و برایم دیت ، تێگەیشــتم خوار و خێچی و ڕێوی بازی لەژێر ســەری سـکرتێر دایە ....

مانگی مارســی ١٩٦٣ کۆبوونەوەی پیاو ماقوڵان و ســەرانی شـۆڕشـی کـورد لە شــاری کۆی ســنجەق پێك هات کە داوایان لە دەوڵەتی بەعس چ بێت ؟ لەو کۆڕەدا هەر دڵسـوزێك هەستی دەکرد کە برایم و هەواڵە گوێ لە مستەکانی تەنیا مە بە ســتیان ئەوەیە لە شـۆڕش و بارزانی ی دوورکەونەوە و پلەو پایەیەك لە دەوڵەت وەر بگرن و دەســت هەڵبگرن .

لە هەرەمەی کۆنگرە دا دەیانەویســت لایەنگرانی بارزانی بە پوڵ بکرن ، دەگـڕ ســەرۆکی رابکەن . پوڵیان لە کوێوە هێنابوو ؟ دەرکەوت هەر لە مێژە وە بە دزیەوە دەگەڵ دەزگای شــای ئێران دا کەین و بەینێکیان کردووە . چەك و پوڵــــی لێ وەردەگرن و دژی مســتەفا بارزانی کە دوازدە ســاڵ لە ناو عروســیاتــی زیاوە و کۆمۆنیســتیکی خەتەرە ، خەبات بکەن .

لە هاوینی ١٩٦٣ دا کە هەموو گرانایی شــەڕ لە ســەر مەڵبەندی بارزان بــوو ، برایم نەیهێشــت پێشــمەرگەی بەر فەرمانی لە کەرکوك و ســولەیمانی و هەولێرەوە ، بچنە شــەڕی حوکومەت و باڕیك لە ســەر بارزان ســووك کەن . لەوەرامی پێشمەرگەی دڵسـوز دا دەیگوت : با بارزانی ی لە ناو بچێ ، ئەوســا ســەرکردەیی شۆڕش

دەبێتە یەك . وێنەی بارزانی ی شەهید یش بە پۆلیکی زۆر دەفرۆشین) (*)
کەواتە وەکو ئەم بیرەوەریانە دەری دەخەن و هەموو شارەزایەکی حاڵ و بارەکەش
دەزانێت ، مێژووی دووبەرەکی ی پارت رەگ و ریشەی لە ریکەوتنەکەی ٦٤ ی
موشیر ـ بارزانی ی قوونڵتیرە و هۆو ماکی دیکەی هەیە .
ئەوان لەو کاتەدا بە گشتی و خەست وخوڵی ی ، دووخاڵی زەقیان دایە
ژێر زەرەبین :
١ ـ بارزانی ی حیزبایەتی و ڕێکخستن و دیسپلین نازانێت و باوەڕی پێ ی نی یەو
پەیرەوی ناکات . کە تا رادەیەك ڕاست بوو . ئەو سەرکردەیەکی تەقلیدی و
پاڵەوانێکی میللی بوو ، کە لە شۆڕشی چەکدارانەی میللەتەکەمان دا ڕۆلیکی
دەرەنجاوەی گەشی دیتبوو . باڵی برایم و دار و دەستەکەی هەر لە سەرەتاوە
سوودیان لە نێوبانگ و شۆرەتی ئەو وەرگرتوو لە پاڵیدا ڕەگی خۆیان داکوتا .
پاشانیش کە خۆیان گرت و دینیان جەماوەرێکی زۆر لە دەوری پارتە و بارزانی یش
زۆر گوێ بە فەرمایشتی ئەوان نادات ، ویستیان هەڵی دێرن و خۆیان جێ ی
ئەو بگرنەوە . بۆیە هەوڵیان دەدا خۆڵ لە چاوی جەماوەرەکە بکەن . دەنا
وەکو پێشان ڕوونمان کردەوە ، هەر ئەو ماموستا قەیتەڵانە ، بۆ
دیسپلین ژێر پێ خستنی بارزانی ی چەپڵەیان تەقاند ، کاتێك هەمزە عەبدوڵڵای
سکرتێری حیزب و ملوزمی ئەوانی لە حیزب بە دەرنا و ئەوانی لە جێگە داکرد .
٢ ـ ئەوان بەرێکەوتنی ١٩٦٤ بارزانی ی ڕازی نەبوون (پاشان دێمە سەر هۆی
ڕازی نەبوونیان) . ئەوە بوو لە نێوخەڵك دا لە قاقایان دەدا کە بارزانی ی
کوردی بە مۆز و پرتەقاڵ فرۆشتووە . نامیلکەیەکیشیان لە سەر دەرکرد

(*) هەژاری موکریانی :" شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی " ، چاپی دووهەم ، تاران ، ١٩٨١ ، ئەو پاشکۆیەی بە نێوی (لە شۆڕین چوونێك) خراوەتە سەر چاپی دووهەم ، لاپەرەکانی ٨٥٤ـ٨٥٥ .

به نێوی (اتفاقية المشير ـ بارزانی ، اصلح ام استسلام) . له کۆنفرانسی ماوەت دا که له نیسانی ١٩٦٤ دا گیرا ، برایم ئەحمەد دەیگوت :(من مەلا مستەفام به بەیانێك کردۆته مەلا مستەفا ، به بەیانێکیش دەیکەمەوه به هیچ). نابێ ئەوەش له یاد بکەین که ئەو باڵەخۆیان له هەموو لایەك زێترەهەڵپەی گفتوگۆ و رێکەوتنیان بوو . ئەویش بەو هیواو ئاواتەی که له سایەی رێکەوتنێکدا پله وپایەیەکی بەرچاویان له حوکم دا چنگ بکەوێت . تاڵەبانی ی ئەوکاتە کۆتری ئاشتی ی شۆڕش بوو . بەردەوام له شەقەی باڵی دەدا و فڕکەی دەهات . کاتێك ئەو له پێتەختی وڵاتانی عارەب دا خۆی دەخڵافاند و بە دیار لامەرکەزی یەکی کەرواوی یەوە هەڵدەتووتا ، منداڵانی سڵێمانی رێگەیان نیشان دەدا و شیعریان پێدا هەڵدەگوت (مام جەلال قاچت تەزی ـ نامانەوێ لامەرکەزی) . بەڵام ئەوێك که قاچی گفتوگۆ و ووتووێژی قەت و قەت سڕ بوون و گۆت بوون و تەزین نازانێت ، دەهاتەوە بە زمانی پارێزەران دەدوا ، دەیگوت (لا مەرکەزی نیوەڕۆکەکەی حوکمی زاتی یە) . هەژاری شاعیر زۆر شادە و ڕەشۆکی وەرامی دەدایەوە (روبع پێنج دیناری ی له نێو دا نابێت) .

هۆی چ بوو وا ئەوانی کۆنستەی گفت وگۆ و رێکەوتن ، ئێستاکە بە رێکەوتنی بارزانی رازی نەبوون ؟؟؟

ئەو دەمە ناصر وەکو رێبەرێکی پان عارەبیزم ، سەرسەخت ترین دوژمنی پان ئێرانیزم بوو . عارف له عێراق دا شێتگیرترین نوێنەری ئەو رێبازە بوو . دراوای سەندنەوەی خوزستان و ئەسکەندەروونەی دەکرد . بەرێکەوتنی کەورد لەگەڵ رژێمەکەیدا ئارامی و ئاسایش لەوڵاتەکەدا دەسازا و هێرسی بۆ سەر ئێران زیادی دەکرد . جگە لەوە ئەوکاتانە پێوەندی نێوان شۆڕش و شوورەوی ی لەو پەڕی پتەوی یدا بوو . بارزانی ی دڵدەی کۆمۆنیستانی دابوو . شوورەوی ی و

ناصر پشتگیری‌ی ئەو ڕێکەوتنەیان دەکرد . ئەمانە هەموو زمنگی خەتەر بوون بۆ ئێران . هەژاری موکریانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت : (لە بەهاری ١٩٦٢ لە سەر ئەسپاردەی بارزانی ی لە بەغدا چاوم بە سەفیری میصر کەوت . پەیامی بارزانیم دایە ، کە بەو مەرجەی عەبدولناصر کارێك بکا عێراق لە شەڕ دەست هەڵگرێ میصریش کەمێك چەکی دژی فڕۆکە و تانکمان بداتێ ، شۆڕش دەبەینە ناو ئێران کە هاوپەیمانی سەنتۆیە و ناصر گەرەکیە لاواز بێت . ناصر نەی کرد) . (*)

بۆیە ئێران بە هەموو توانای هەوڵی دەدا بەر بەو ڕێکەوتنە بگرێت و بارزانی ی لە سەر ڕێگە لا بدات . ئەو دەمە سەرهەنگ (عیسی پەژمان) کە ئەفسەرێکی ساواکی بوو ، بە خۆی و بێ سیم و نەفەرێکەوە کە لای پێشمەرگە بە (عەباس بێ تەل) ناسرابوو ، بارگە و بنەی لە (ماوەت) لە خزمەتی مەکتەبی سیاسی یدا خستبوو . (عیسی پەژمان) لەو ماوەیە دا زۆر بەگەرمی دەربارەی پێویستی ی سەرکەوتنی حیزب (بالی برایم ـ جەلال) بە سەر عەشیرەتی بارزان و شیوعی یەکان دا دەدوا . بە گوتەی (نوری ئەحمەدی تەها) (پەژمان ١٠٠ تفەنگی بۆ مەکتەبی سیاسی گەیاندە ماوەت و بەڵێنی دێرینەی دووبات کردەوە کە حوکومەتی ئێران لە گشت شەڕێکی دژی بارزانی یدا ، پشتیان دەگرێ. مەکتەبی سیاسی بەو گفت و بەڵێنانە زۆر لە خۆ بایی بوون) .

ئەوە بوو مەکتەبی سیاسی لە نیسانی ١٩٦٤ دا کۆنفرانسێکی لە ماوەت گرت ، کە (عیسی پەژمان) یشی تێدا بە شدار بوو . لەو کۆنفرانسە دا بڕیاری بەدەرنانی بارزانی ی لە ریزی حیزب دا ، درا .

بارزانی ی لە هاوینی ١٩٦٤ دا لێ یان ڕاپەڕی و کردنی بە دیوی ئێران دا . سەرەتا ، ساواك لە سەربازخانەکانی کوردستانی ئێران دا رای گرتن ، دووجاریش هێرشی بێ کردنە سەر بنکەکانی پێشمەرگەی کوردستان .

لە ساڵی ١٩٧ دا ، کە سێکی ئاگادری وەزعەکە ، کە ئەوکاتە خۆی لەگەڵ بارزانی یدا بوو ، ئەو رووداوانەی بەم جۆرە بۆ گێڕامەوە : (چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی هێرشیان بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە دەهێناو یەکەم خشتی بناغەی شەڕی براکوژیان بە پیلانی ساواک داچنی . بارزانی ی جەولەیەکی بە نێوچەکانی دەستەڵاتی کۆنی مەکتەبی سیاسی یدا کرد . لە گوندی (بناوە سووتە) ی پێنجوین ، لە ماڵی مامۆستا (قانیع) ی شاعیر داوەت بووین . بارزانی ی ناردی بە دووی موختاری گوندی (بایاوە) ی ئەو بەر سنوور دا . داوای لێ کرد بە لێ پرسراوانی ئێران رابگەیەنێت ، گەر جارێکی دی ، چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی ، یەک فیشەک بەم دیو دا بتەقێنن ، هێزەکانی خۆی رادەستی بکەن ، گەر پێویستی کرد تا تاران هەڵیان بڕن) .

بۆیە حوکومەتی ئێران ، چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی کێشایەوە . سەرکردەکانی بردنە تاران و ئەوانی دیکەش لە بەندیخانەکانی (کارخانەی شەقارتەی هەمەدان) دا داکران .

سەیر ئەوەیە ، دەستەی برایم ـ جەلال ، پاش گەڕانەوەی عێراق و دانە پاڵی حوکومەتیان ، مەسەلەی پێوەندیی شۆڕش لەگەڵ ئێرانیان دا کردە گەورەترین بەڵگە و بیانووی دابڕینیان لە سەرکردایەتی بارزانی . وەکو ئەوان خۆیان ئەو یەکەم هەنگاوەیان نەنابێت . ئەوەتا (دانا ئادەم شەمیت)لە کتێبی (گەشتێک بە وڵاتی ئازایان دا) دەڵێت :(برایم ئەحمەد چەند مانگی کۆتایی ١٩٦٣ و سەرەتای ١٩٦٤ ی لە ئەوروپا بردە سەر و توانی وەک جەلال تاڵەبانی ، ڕێگەی چوونە دەرەوەی وڵات بە ڕێگە و شێوەیەک پەیدا بکات ، کە دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە) . ئاشکرایە ئەو ڕێگە نهێنی یە کۆی یە .

لەوەش سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە ، پاش چوونە بەغدای برایم ـ جەلال ، سەرهەنگ

(عیسی پەژمان) کرایە (ملحق عسکری) باڵوێزخانەی ئێران لە بەغدا .
ئەو دەمە زێتر ئەورەحمان زەبیحی پێوەندی‌ی پێوە دەکرد . جگەلەوە
بەردەوام کاربەدەستانی ساواکی وەکو (دوکتۆر هاشمی شیرازی) و
کەسانی دیکە ، بە نێوی نهێنی وەکو (دوکتۆر جەلال) و کێ وکێ وە دەهاتنە
(بەکرەجۆ) و لای خەڵکی بە (فیدایی ئێران)ی هەڵگرانی بیری (ماو)ی
دەناسرێنران کە گوایە دژی رژێمی شا دەجەنگن . گوایە (دوکتۆر
جەلال) پزیشکی‌ی سروشتی‌ی لە (چین) تەواو کردووە و لە رووەکە
سروو شتی یەکان داوو دەرمان دەگرێتەوە و چارەی گوند نشینە هەژارەکانی
ئێرانی پێ دەکات !
کەواتە وەکو کاك فازڵ نووسیویە ، شووڕەوی‌ی پشتی بارزانی‌ی دەگرت ،
هەرچەندە پڕۆگرامی برایم ـ جەلال بەلای چەپ دا دایدە شکاند . راستە ،
بەڵام چەپێتی تەنها ووشەی بێ گیانی سەر پەڕە زەرد هەڵگەڕاوەکان نی یە ،
بەڵکە کارە ، کردەوەیە ، هەستە ، مامەڵەیە .
پێوەندی‌ی ئەو تاقمە بە ئێرانەوە ، هەڵوێستیان بەرامبەر پارتی کۆمۆنیستی
عێراق لە کوردستان دا ، ئەو هەڵوێستەی بە شووڕەوی‌ی وەبەر گرتبوو .
گۆڤاری (الکاتب)ی میصری (ژمارە ٥٠ ، ساڵی ٤ ، ئایاری ١٩٦٥)
گفتوگۆی مانگێك بەر لەوسای سێ وەفدی عارەبی بڵاوکردەوە کە لە قاهیرە
دوو زنجیرە کۆبوونەوەیان کرد بوو . باسی کورد یەکێك بوو لە باسەکانیان .
لەیەکەم کۆبوونەوە دا ، (ادیب الجادر)ی یەکێك لە ئەندامانی وەفدی عێراق ،
دەڵێت :(لە دوا کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی شیوعی سۆڤیەت دا ،
باسی وەزع و هەرەشەی ئیستیعمار و بە تایبەت (ئێران) مان لەگەڵ هێنانە
پێش ، کە چۆن ئیستیعمار هەوڵی هان دانی کوردان دەدات تا عێراق بخاتە

بەر مەترسی یەوە . پێمان گوتن کە ئێمە بەڵگەمان دەربارەی پێوەندی‌ی کورد و هێزە ئیمپریالیزمەکان بە دەستەوە هەیە . ووتیان ئەوانیش لایان وایە کە ئەو پێوەندی‌یانە هەن ، بەڵام نەک لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی یدا) .(*)

هەژاری موکریانی دەنووسێت :(کۆمۆنیستی عارەب وکورد ، ئەوانەی لە قەتڵ و عامی بەعسی یەکان رزگار ببوون و شۆڕشی کورد پەنای دابوون ، ئامادەبوون بە چەک و ئازووقەی خۆیان ، بۆ پاڕیزگاری لە گیانیان ، هاوسەنگەری پێشمەرگە بن . . . . برایم لە چەکی کردن . بارزانی‌ی چەند نامەی بۆنارد چەکەکانیان بداتەوە ، " هەشت نامەیان بەمن نوسرا " ، چەکەکان هەر نەدرانەوە) .(**)

وەك نووسەر خۆشی لە ل ٢٨٥ دا نووسیویە ، برایم ئەحمەد لە سەردانەکەی ١٩٦٣ ی مۆسکۆی دا ، بە هەموو تکاو رجای خانە خۆیکانی ، ئامادە نەبوو لەگەڵ کۆمۆنیستی عێراق دا بچێتە جەوالێکەوە !

لە حاڵ و باریکی ئاوهادا ، وولاتێکی وەك شوورەوی‌ی کە ئەم راستی یانەی چێتر و قوولتریش دەزانی ، جگەلەوە هەڵوێستی بارزانی‌ی لە بەرژەوەندی‌ی ئەوان بوو . سەرکەوتنی ئەو و دوراندنی باڵەکەی دیکە شیان لا ڕوون بوو . دیارە هەر پشتی بارزانی‌ی دەگرن ، نەك باڵە سەرمڕۆکە .

نووسەر خۆشی پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە و دواتر دەنووسێت :(چەند ڕۆژێك پێش ڕێکەوتنەکە ، پراڤدا دەنووسێت کە هەندێ " دارودەستەی ئیمپریالیزم " دەیانەوێت ڕێ بەو ڕێکەوتنە بگرن و بەردەوام ئاگری شەر خۆش دەکەن ، تا عێراق بەو کێشەیەوە هەر بنالێنیت . مەبەستی پراڤدا ئێران بوو) .

(*) زۆری ئەو زانیاری‌یانەم لەو نووسینەوە وەرگرتووە کە لە ل ٧٩ دا دەستنیشانم کرد و گوتم هیچ نێو و نیشانێکی لە سەر نی یە . (**) شەرەفنامە ، ل ٨٥٥ .

با بگەڕێینەوە سەر باسکەی خۆمان :

ئاژانسی دەنگۆباسی (تاس) پشتگیریی لەو ڕێکەوتنە کرد و خرۆشۆف بروسکەی پیرۆزبایی بۆ بارزانی و عارف نارد . پارتی کۆمۆنیستی عێراق سەرەتا هەڵوێستێکی ڕەخنە ئامێزیان نیشان دا . پاشان بە تین و تاوی ڕای سۆڤیەت دا ، بایان دایەوە .

١٩٦٥ شەڕ هەڵگیرسایەوە . شووڕەوی پشتی کوردی بەرنەدا . هەمان کات ، پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمیشدا هەر بەردەوام بوو . سۆڤیەت زۆر بە ووریایی و ئاگاداریەوە لە ڕووداوەکانی ١٩٦٦ — ١٩٦٨ی عێراقی دەڕوانی . بەزاز و تاڕادەیەک میراتگرەکانیشی مەیل و ئارەزوویان بەلای ڕۆژئاوا دا نیشان دا .

سەرکردایەتی شۆڕش لەم سەروەختە دا داوی پێوەندیی لەگەڵ چەند هێزێکی دەرەکی یدا گرێ دا . بە تایبەت لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل دا . لەگەڵ ئەوە شدا شووڕەوی هەر پشتگیریی لە بزووتنەوەکە دەکرد . هەتا لەپاڵ کۆمەکی مادی ڕۆژئاوا دا ، ئەوانیش کۆمەکی مادییان پێ دەدا .

لێرە دا دەمەوێت دەمەتەقێیەک لە سەر ئەو پرسیارە بکەم کە گەلەک جار گوێ بیست دەبێت . ئایا چۆن شۆڕشی ئەیلول لەیەک کات دا پێوەندیی لەگەڵ شووڕەوی و وولاتانی سۆسیالیست دا هەبوو وکۆمەکی لێ وەردەگرتن هەمان کات پێوەندیی لەگەڵ هەندە وولاتێکی دا ردەستی ڕۆژئاواش دا هەبوو؟ ئاخۆ شووڕەوی بەو پێوەندییانەی دەزانی ؟ ئەی چۆن لە ئاستی یەدا یێ دەنگ بوو ؟ چۆن یێی ڕازی بوو ؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەو بابەتە بەڕوک بە مرۆ دەگرن و چاوەڕێی وەرامن . بۆیە من هەوڵ دەدەم وەرامێکی کورتیان بدەمەوە .

دەبێت ئەو راستی یە دووبارە کەینەوە ، کە میللەتێکی زۆر لێ کراونی یە هێندەی کورد گەمارۆدراو و هەرەشە لێ کراو بێت . هەڵکەوتی جوگرافیایی خاکەکەی چەندە بۆ خۆیاراستن لە بارە و رێگەی ئەوە نادات کە دوژمنان بە هاسانی دەستیان پێ یان دا رابگات ، هێندەش داخراو و ئابلوقە دراو و بێ دەروازە و رێگەیەکی ئەوتۆیە کە بتوانرێت کۆمەکێکی خێرخوازانی پێدا بەرێ بکرێت . بە تایبەت کوردستانی خواروو لە هەر چوار کەنارەوە خر بە داگیرکەران ئەلقاو ئەلق دراوە . خۆ کۆمەک لە ئاسمانەوە ناباریت . دەبێت رێگەیەک پەیدا کرێت . تەنها رێگەش ئەوەیە کە ناکۆکی و ئالۆزی نێو ئە و دوژمنانە بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێت . چۆنیەتی و ژیرانە سوود لێ وەرگرتنی ئەو بارە دەکەوێتە سەر ئەستۆی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە . ئەو بارە لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول دا هاتبووە دی . ئەویش بە هۆی دوژمنایەتی هەردوو بیری رەگەز پەرستی پان عارەبیزم و پان ئێرانیزمەوە و مل ملانێیان لە سەر خوزستان و کەنداو عارەبی یە یا فارسی ی .

کورد ئەو کاتە لە کوردستانی خواروو دا دژی پان عارەبیزم دەجەنگا . ئەمە خۆی لە خۆی دا بە سوود و قازانجی پان ئێرانیزم بوو ، چونکە حەریفەکەی بۆ لاواز دەکرد . بۆیە لەو بارە ئالۆزەی کورد دا رووی دۆستایەتی یەکی ساختە پێشانی کورد درا . کوردیش ئەو هەلەی قۆزتەوە و دەروازەی کاتیک بۆ ئاوالە بوو کە گەمارۆی ئابووری ی هەناسەی ئەوبە شەی خواروی کوردستانی سوار کردبوو . دیارە شوورەوی یەش ئەو بار و دۆخە تێ دەگەیشت و دەیزانی چارەی دیکە لە بەر دەست دا نی یە . بۆیە پێ ی رازی بوو . بەڵام مەرجی ئەوبوو کە بریار بە دەست سەرکردایەتی شۆرشەکەوە بمێنێتەوە و بەتەواوی تەسلیم نەبن . سا لەو رێگەیەوە سەرپاکی کۆمەکی دۆستانی خێرخواز و

شەرخواز بەکوردستان دادەکرا . رێگەی پێوەندیی و هاشۆی کادێران و لێ پرسراوانی شۆرشەکە بوو بەرەی رۆژهەلات و رۆژئاوا وە . گشت لەگشتی کۆمەکی شووڕەوی و وولاتانی سۆسیالیستیش لەو کونەوە دەگەیشتە شۆرش . هەتا ساڵی ١٩٧٠ سەرچاوەی رزق و رۆزی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش بوو . چاکیش پێی رازی بوون و تا دەهات گێپەرەی ملیان بەو تازووقەیەی لەو کونەوە دەگەیشت ئەستوور تر دەبوو . کاتێك هاوڕێ کەریم ئەحمەد لە هەشتەمین کۆنگرەی پارت لە ١٩٧٠ دا سەر سۆیلەی بڵندگۆی کۆنگرەی لە حیزبی بەعس گرت و بۆغزاوی قینی بەسەردا رشتن ، گیرفانێکی زڕەی(تەن) وئەوی دی خڕەی (ئاجیل)ی لێ دەهات . بەڵام کە چەرخ و فەلەکی سیاسەت سووڕێکی دیکەی خوارد ، هەر بەو پەنکە ملی کوردیان جەراند . بە بۆچوونی من ، شووڕەوی لەبەر ئەم هۆیانە بەو بارە رازی بوو :

١ــ شووڕەوی دەیزانی لەو کاتە دا هیچ چارەو رێگەیەکی دیکە لەبەردەم دا نی یە . دەبێت دەروازە و رێگەیەك پەیدا کرێت تا کۆمەکی دەرەکی بە شۆرشەکە بگات.

٢ــ بۆ گوشاری زێتر خستنە سەر عێراق . بۆ بە هۆشدا هێنانەوە و تێگەیاندنی کە هێزە ئیمپریالیستەکان و دار و دەستەکانیان دوژمنی سەرەکیی عێراقن و دەیانەوێت عێراق بهێننە سەر چۆك . تا عێراق ناچاری ئەوە بکرێت کە سەنگەری بەرامبەر هەڵبژێرێت و پەنا و هانا بۆ بەرەی رۆژهەلات بەرێت .

٣ــ باریکی وا بێتە گۆڕێ ، هەرکات بەرژەوەندیی شووڕەوی خواستی ، بێ ئەوەی هیچی لە سەر بکەوێت ، خۆی لە سەنگەری دۆستایەتی کورد بکێشێتەوە و هەتا هەقیشی بدرێتێ ، ئەوینی بە تاوانبار کردنی شۆرشەکە بە کۆنە پەرست و دارەستی ئیمپریالیزم . ئەمە هەمان کات چێترین

دەرفەت دەخولقێنێت کە هەرکات لە پاشەڕۆژدا بەرژەوەندی یەکانی شووڕەوی
خواستی ، سەرلەنوێ ڕووی دۆستایەتی پێشانی کورد بداتەوە و کوردیش
قەرزاربارکاتەوە و هەڵوێستی بەرژەوەند پەرستانەی خۆی بە هەڵوێستی چەوت و
خراپی شۆڕشەکە عەیب پۆش کات .

٤ــ لە حاڵەتێکی ئاوها دا ، دۆستایەتی یەکە لە سەر شووڕەوی زۆر ناکەوێت.
لەرووی مادیشەوە هەرزان بۆی دەچێتە سەر ، چونکە شۆڕشەکە تەنها
چاو لە دەستی سۆڤیەت نابێت و سەرچاوەی کۆمەکی دیکەی بۆ پەیدا دەبێت.
هەر هەمان دەوری زۆر بۆ هێنەر و گوشارخەرە سەر یش بۆ شووڕەوی دەبینێت
بەڵام بە کۆمەک و تەکلیفی لایەنانی دیکە . باری سەرنجی وڵاتانی عارەبیش
بەرامبەر شووڕەوی ی و وڵاتانی سۆسیالیست بەدبین ناکات ، چونکە
بێ خشپە و لێ پرسراوێتی یەکی ئەوتۆ ، لە ڕێگەیەکی دیکەوە کۆمەک
بە شۆڕشەکە دەگەیەنێت .

کەواتە کاکە فازڵ چاکی بۆچووە کە نووسیویە : پەیمانی ی هاوکاری ی
١٩٧٢ ی نێوان سۆڤیەت و ڕژێمی عێراق و جێ پێ بوونەوەی سۆڤیەت
لە عێراق دا ، بەرهەم و سەرئەنجامی ئەو بار و دۆخە بوو کە شۆڕشی
کورد هێنایە گۆڕێ .

ڕژێمی بەعسی عێراق وەکو هەموو ڕژێمێکی دیکەی بەر لە خۆی ، لە یەکەم
بەیاننامەی پاش کودەتاکەی دا ڕایگەیاند ، کە بە نیازە کێشەی کورد بە شێوەیەکی
ئاشتی یانە چارەسەر بکات . بەهۆی تەجرەبەی تاڵی ١٩٦٣ یانەوە ، تا ڕادەیەک
لە نێوچەکە دا وەتاق کەوتوو لاتەریک بوون . بۆیە نێزیک بوونەوە لە سۆڤیەت و
هاریکاری ی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ڕێکەوتن لەگەڵ کورد دا یەکەم ئامانجی
تاکتیکی یان بوو . یەکەو ڕاست پاش کودەتاکە ، ووتو وێژیان لەگەڵ کۆمۆنیستدا

دەست پێ کرد . پارتی کۆمۆنیست دەیزانی بەعس وەتاق کەوتووە ، بۆیە دەیەوێست زۆری بۆ بهێنێت تا لە بواری سیاسەتی دەرەوە دا کۆرسی خۆی بگۆڕێت . لە سێیتەمبەری ١٩٦٨ دا پارتی کۆمۆنیست بەرنامەیەکی پێشنیازکراوی بە بەعس و حیزبەکانی دیکە دا ، تا لەبەر ڕۆشنایی یدا بەرەیەکی نیشتمانی ی پێك بهێنرێت . لە خاڵی پێنجەم دا دەڵێت : دوونیا دەکرێتە دوو بەرە ، بەرەی شۆڕشگێران ، کە وولاتانی سۆسیالیستو بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بزووتنەوەی کرێکاران پێك دەهێنێت . بەرەی ئیمپریالیزم ، بە سەرکردایەتی ئەمریکا و بەریتانیا و ئاڵەمانیای ڕۆژئاوا . ئەو بەرە نیشتمانی یە دەبێت بداتە پاڵ بەرەی شۆڕشگێران و دژ بە ئیمپریالیزم بێت . دەبێت دۆست و هاوکاری شووڕەوی ی و وولاتانی سۆسیالیست بێت .

بەعس لە فیکەی خۆی تێگەیی . بەرەو ئەو ڕێچکەیە هەنگاوی نا . کە کۆنگرەی بەعس لە نۆقەمبەری ١٩٦٨ دا گیرا ، گەورەترین وەرچەرخاندنی سیاسی لە مێژووی خۆی دا تۆمار کرد . (کۆنگرە بریار دەدات کە سیاسەتی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم وەبەر بگرێت و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ وولاتانی سۆسیالیست دا بەتین کات) .

هەر ئەو ساڵە ئەو بریارە خرایە گەر . پێوەندی ی ئابووری ی لەگەڵ شووڕەوی و وولاتانی سۆسیالیست دا پەرەی پێ درا . سیاسەتی دەرەوە لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وولاتانی عارەب لەگەڵ ستراتیژیتی سۆفیەت لە نێوچەکە دا ، هاوتەریب کرا .

ئیدی هەلی زێرین بۆ شووڕەوی ی هاتە پێش . تا جێ پێ ی لە دەست چووی عێراقیان گیر کەوێتەوە ، وا پێویستی دەکرد کە پارتی کۆمۆنیست لە حوکم دا

بەشداریی بکات و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیش لەگەڵ رژێم دا پەیمانی ئاشتی ببەستێت . بۆیە سۆڤیەت کەوتە بەینەوە .

بەعس بەو تیکەوتنەی سۆڤیەت رازی بوو . هەتا لە کۆتایی ١٩٦٩ دا لە راپۆرتی سیاسی بەعس دا ، دان بە مافی چارەنووسی کورد تا رادەی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتیش دا ، نرا . بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەر لە بەعس بەدگومان بوو . ئاخری بە تین و تاوی دۆستایەتی سۆڤیەت بە رێکەوتن رازی بوو . لەگەڵ رژێم دا رێك کەوت . هیچ گوێیەکی بە گوشار و دادی ئێران و هێزە رۆژئاواییەکان نەدا و پشتی تێ کردن و رووی لە سۆڤیەت کردەوە .

هەر پاش مانگێك لە رێکەوتنەکە ، کێشە لە نێوان شۆڕش و رژێم دا سەری هەڵدا . دەزگەی جاسووسیی ی عێراق هەوڵیکی سەرنەکەوتووی بۆ کوشتنی بارزانی ی دا . هەسەلەی سنووورەکانی نێوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێك لە کێشە سەرەکی یەکان بوو . رژێم بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتی راگوێزان و بەعارەب کردنی وەبەر گرت .

شۆڕشی کورد یەکەم کۆسپی سەر رێگەی دەستەڵاتی بەعس بوو . بۆیە هەوڵی دا بە هەچ نرخێك بێت ئەو کۆسپە هەڵقەنێت ، ئەویش بە دەستبەرهەڵداکردنی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیست لە شۆڕشەکە و وەتاق خستنی . یەکسەر پاش رێکەوتنەکەی ئازار ، پێوەندیی عێراق و شووورەوی لە هەموو رووییەکەوە بە تین کرا . کۆمەڵێك پەیمان و رێکەوتننامەی ئابووری و سیاسی و بازرگانی ی لەگەڵ شووورەوی و وەڵاتانی سۆسیالیست دا مۆرکران . گرنگترینی ئەو پەیمانانە ، پەیمانی هاریکاری و دۆستایەتی هەردوو وەڵات بوو کە لە ئاوریلی ١٩٧٢ دا مۆرکرا . ئەمە پاش لە دەست دانی

میصر ، دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ سۆڤیەت .

بە تێکەوتنی شووڕەوی ، هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی ی لە نێوان بەعس و کۆمۆنیست و پارت دا درا ، تا پێکرا لە حوکم دا هاوبەشی بکەن . بۆ پارت دەستی نەدا ، بەڵام کۆمۆنیست لەگەڵ بەعس دا ڕێك کەوت .

ڕێکەوتنامەی ئاوریلی ١٩٧٢ ی عێراق ـ سۆڤیەت نیشانەیەکی گرنگی گۆڕانی کۆرسی سیاسەتی سۆڤیەت بوو بەرامبەر رژێمی عیراق . تا ئەوکاتە هەوڵی دەدا هاوسەنگی لە نێوان هەردوولا (کورد و رژێم) دا ڕابگرێت ، ئێستا ئاشکرا بوو ، بۆ سۆڤیەت پێویستی بە ستن لەگەڵ عێراق دا لە گشت مەسەلەیەك گرنگتر و واتا و هێمایەکی زۆری هەیە .

لە پێشەکی یدا گوتم هەندەك لەوکەسانەی نووسەر چاوی پێ یان کەوتووەو ڕای وەرگرتوون و زۆر جار نایانەوێت نێویان بهێنرێت ، جێگەی باوەڕ نین ، چونکە پیلی کز بووی سیاسەتبازی ی هەندێکیان هێشتا تەواو سکوتی نەکردووە . ئەوەتا لێرە دا نووسەر دەنووسێت : (لە سەرکردایەتی کورد دا ، ١٩٧٤ دووڕاو هەڵوێستی جودا واز هاتنە کایەوە . یەکێکیان کە سانی وەکو سامی ڕەحمانی و دارا تۆفیق بوون کە پێ یان وابوو بە تێکەوتنی سۆڤیەت ڕەنگ هەیە بتوانرێت خۆ لە بەرەنگار بوونەوەی چەکدارانە ببوێرد رێت . بۆیە پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەغدا دا نە پسێت . ئەوی دیکەیان کە سانی وەکو دکتۆر مەحمود عوسمان و حەبیب محەمەد کەریم بوون کە پێ یان وابوو تەنها بە خۆ بە ستنەوە بە ئەمریکا و دۆستانی یەوە لە نێوچەکەدا (ئێران ـ ئیسرائیل) دەتوانرێت جەنگی بەرەنگارکاری ی لەگەڵ بەغدا دا ، ببڕێتەوە) .

ژمارەی پەراوێزی ئەم پەرەگرافە (١٢٣) یە کە لە ل ٣١٥ دا دەنووسێت (لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراوەوە کە لە فێبریوەری ١٩٨٤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ

ســـاز دراوه) .

هەمان لاپەرە ، یانی ل ٣١٥ ، لە پاڵ پەراوێزێکی دیکە دا کە (١١٦) یـــە دەنووسێت (چاوێکەوتنێك لەگەڵ مەحمود محەمەد عەبدولرەحمان (سامی) دا لەندەن ، فێبریوەری ١٩٨٤) .

گەر سەیری پەراوێزەکانی دیکە بکەین ، دەبینین نووسەر لە فێبریوەری ٩٨٤ دا لە لەندەن چاوێکەوتنی لەگەڵ دووکەس دا ساز داوە . یەکێکیان کاك سامی ، لە ٨ی فێبریوەر دا . ئەوی دی کاك برایم ئەحمەد ، لە ١٠ی فێبریوەری هەمان ساڵ دا . بروانە پەراوێزەکانی ژمارە (٧٣) و (٧٦) ی ل ٢٧٠ .

گەر بزانین کاك برایم ئەحمەد بەهۆی ئەوەوە کە لە مێژە لە جیهانی سیاسەت دا نابووت بووە و کەنار کەوتووە ، یاخود بە رەسمی سیاسەت ناکات و لەو سەروەخت و دەمە دا هیچ ڕۆلێکی سیاسی یانەی نەبووە ، بەڵکە لە (ناوردان) نیمچە دەست بە سەر بووە ، ئەو کاتە دەمێنێتەوە کاك سامی رەحمانی ، کە خاوەنی ئەم بانگاشەیە بێت . چونکە هەم ئەوکاتە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەکەدا بووە ، لە نێزیکەوە ئاگاداری بار و دۆخەکە بووە ، هەم ڕۆڵی سیاسیانەی ئەمرۆیشی پێویستی بە بۆیاخێکی پێشکەوتنخوازانەی تۆخی لەو بابەتەیە .

جارێ با وا فەرز بکەین کە صەد دەرصەد ڕاست دەکات و ئەو خاوەنی ئەو ڕایە بووە و بە تۆندی دژی خۆ بە ستنەوە بە ئەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی وەکو ئیسرائیل و ئێرانەوە بووە . با وا فەرز بکەین قەت و قەت نە شێوتە ئیسرائیل و لە (ئۆرشەلیم) ەوە کارتی بۆ هەڤاڵانی ئەوروپای نە ناردووە .

با واش دابنێین کە کاك سامی هیچ کات خواجە (ئەشەر بن ناتان) ی نەدیتووە و ناناسێت . با لەو پرسیارەش گەرێین گەر ڕاست دەکات ، بۆچی لەم ڕوون کردنەوەیەیان دا نەیویستووە نێوی بهێنن ؟ یا خود بۆ ئەوە بووە کە کەس

نەزانێت وا هەمدیسان ئەوە کە دەستی چەوری بە سەری بەلاڕەوەگرتووی کۆنە هەڤاڵەکانی یدا دەسڕێت . با لەوانە گەڕێین و هەر لە بەر ڕۆشنایی ڕاکانی خۆی دا بزانین وەکو سیا سەتجی یەک ە چەندە لەو ڕایانەی دا ڕاستی ی پێکاوە و سەرکەوتوو و ڕاست گۆ بووە و چەندە لەبەرژەوەندی ی کورد بووە ؟

لە ل ٢٩٩ دا نووسەر دەنووسێت :(لە مارتی ١٩٧١ دا ، سامی ڕەحمانی و دارا تۆفیق چوونە مۆسکۆ و لەگەڵ لێ پرسراوانی سۆڤیەت دا کێشە و کرفتەکانی پارتی دێموکرات و ڕژێمی عێراقیان پێشچاوخست . لەو گفت وگۆیانە دا و لە هەندێ بواری دیکە دا ، سۆڤیەت هەوڵی دەدا گوشار بخاتە سەر کورد کە هەمیشە گلەیی و گازندەیان لە پاش گەزبوونەوەی ڕژێمی بەغدا هەبوو ، کە نابێت بە هیچ جۆرێک لە ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا دا ، بە شێمان بنەوە) .

(پەراوێزی ژمارە ١١٧ ، چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ کاک سامی ڕەحمانی یدا).

نووسەر لە سەری دەروات و دەڵێت :

(کاتێک کۆسیجین هاتە بەغدا ، گفتوگۆی لەگەڵ وەفدێکی پارتی دێموکرات دا کرد کە سامی ڕەحمانی ڕێبەرێتی دەکرد . باس وخواسی سەرەکی ی ئەم گفتوگۆیە کە هیچ کات ئاشکرا نەکرا ، گلەیی و گازندەی کورد بوو لە ڕژێم و دڵە ڕاوکە و ترسیان لەوەی کە ڕێکەوتنی سۆڤیەت ـ عێراق لە سەر حسێبی مە سەلەکەی ئەوان تەواو بێت .

سامی ڕەحمانی ، کۆمەڵێک بەڵگە و نیشانەی پەنجە ژمێرکرد ، کە پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی بە دەر دەخست لە جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامە کەی ١٩٧٠ . لەوانە دەست کێشانە گیانی بارزانی ی .

کۆسیجین هەوڵی دا بایەخ و گرنگی پێوەندی ی عێراق ـ سۆڤیەت و بۆ خودی سۆڤیەت و بۆ خەباتی گشت گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیک لە دژی

ئیمپریالیزم ، دەست نیشان بکات . کوردی بە ئاگا هێنایەوە لەوەی نەکەن
سەر دەستێ بکەنەوە . سۆڤیەت هەوڵ دەدات ئەوکۆسپانە لە سەرە ڕێی
کورد و ڕژێم دا لابەرێت . بەڵام دژی ئەو لایەنەش دەوە ستێتەوە کە شەر
هەڵگیرسێنێتەوە) . (چاوێکەوتنەکانی نووسەر لەگەڵ کاك سامی ڕەحمانی) .
نووسەر زێتر لە سەری دەروات و دەڵێت :
(پاش ئیمزا کردنی پەیمانی هاوکاری‌ی سۆڤیەت و عێراق ، ڕژێمی عێراقی
هەڵوێستێکی ڕەقی بەرامبەر کورد وەبەر گرت و شوولی لێ هەڵکێنا و بارەکەی
هێجگار ئاڵۆز کرد) .
پاشان دەنووسێت :
(کە " بۆریس پۆنۆماریف" ی سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی مەرکەزی‌ی پارتی
کۆمۆنیستی شوورەوی‌ی هاتە بەغدا ، تا بکەوێتە نێوان کورد و ڕژێمەوە ،
ویستی سەردانی بارزانی‌ی بکات ، بەڵام ڕژێم ڕێگەی نەدا . لە بەغدا چاوی
بە سامی ڕەحمانی و دارا تۆفیق کەوت . لەوگفتوگۆیانەدا دانی بەوە دا نا
کە ئەو مافی ئۆتۆنۆمی یەی ڕژێم بڵاوی کردۆتەوە لە داواکانی کورد زۆر کەمتر .
بەڵام بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست هێندەی بەبەرەوە نی یە کە شوورەوی‌ی
بتوانێت چاو لە دۆستایەتی عێراق بپۆشێت و زۆری لێ بکات هەڵوێستی
خۆی ڕاست کاتەوە) . (چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ کاك سامی ڕەحمانی) .
(دیارە ئەمە لەکاتی گیانەڵای مۆڵەتە چوار ساڵانەکە بووە . یانی ساڵی ١٩٧٤
هەرچەندە نووسەر نەینووسیوە) .
گەر بە گوتەکانی کاك سامی خۆی باوەڕ بکەین ، دەبینین کە " ڕەنگ هەیە"
هیچی لێ شین نەبوو . ئەوەتا خۆی دەگێڕێتەوە کە بە شداری سەرجەمی
ئەو هەوڵ و کۆششانە بووە کە لەگەڵ ڕژێم و سۆڤیەت دا دراوە . تا وەکو

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

بەر بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ بگیرێت . وەك لە یادم بێت ، گفتوگۆ هەتا دوا رۆژەکانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٤ لەگەل رژێم دا نەپساو هەر بەردەوام بوو. ئیدریس بارزانی و وەفدێك تا ئەو رۆژانە هەر لە بەغدا خەریکی گفتوگۆبوون . بەڵام هەمووی بێ سەمەر بوو . رژێم دەیەویست ئەوەی پاش ١٩٧٥ بۆی لوا و دەستی دایە ، هەر لە ١٩٧٤ ەوە دەستی بێ بکات . گەرەکی بوو بزووتنەوەکە بێ پەڕ و باڵ کات . بە دەردێکی بەرێت ، ئەوەی پاشان بە سەر کۆمۆنیستی هێنا ، لە چاوی‌دا حەڵوا بێت .

ئەوجا با بە تەرازووی سیاسەت ، ئەم رووداوانەی کە خودی کاك ڕەحمانی دەیگێڕێتەوە هەڵی سەنگێنین و ئەوجا هەر خودی خۆشی بکەینە دادوەر . ئاخۆ ئەو هەڵوێستەی کە گوایە ئەو هەیبووە، راست بووە و پڕاو پڕ لە بەرژەوەندی‌ی کورد بووە ؟ یاخود فرۆختی ڕۆژی ئەمڕۆیە و گەر بوو بێتینر لە هەڵوێستی دووهەم چێتر نەبووە ؟

پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بڵێین کە هەڵوێستی یەکەم پێش دووهەم بەلادا هات و گیانی سپارد . چونکە ئەوەتا وەك گوتمان گفتوگۆ بە تێکەوتنی سۆڤیەت تا دوا پلە نەپسا و هەوڵی بۆدرا . مەگەر کاك ڕەحمانی‌ی بیەوێت بڵێت دەبایە بزووتنەوەکەش وەك پارتی کۆمۆنیستی عێراق تەسلیم بایەو چارەنووسی خۆی بدایەتە دەست ویژدانی بەعس .

ئەوکاتە موعادەلەکان بەم شێوەیە بوون :

١ ــ سۆڤیەت لەبەردەم دوو ڕیانێکدا بوو کە جەمسەرێکی بەبەرژەوەندی یەستراتیژی‌یەکانی یەوە بە ستڕا بوو ، بنکە و پێگەیەکی لە نێوچەکە دا بۆ ڕەخسابوو کە لە پاش سەرنگوم بوونی قاسمەوە هەڵی وای بۆ هەڵنەکەوتبوو ئیمە و بەرژەوەندی‌یانەی کە سااڵەهای سااڵ بوو لە پێناوی‌دا ، بە دەستهێنانی هاوڕەی

کورد وکۆمۆنیست ، کشمەلیکی لە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بێ دەکرد .
ئێستاکە تۆ بڵێیت لەم دەمەدەمی بەردان و تەرز فڕێدانە دا ، بۆ چوڵەکەی
سەرداری کورد لە دەستی بدات و حەماموکەی خۆی بە بێ لە قەیەك
تێك داتەوە ؟ دیارە مەگەر تەنها سیاسەتچی وەکو ئەو بلیمەتانەی کورد ،
چاوەڕێی منداڵ بازاری ئاوها لە دەوڵەتێکی کیسەڵ ڕەوی وەك سۆفیەت
بکەن .
٢ــ کورد لەبەردەم دووریانێکدا بوو ، کە یا دەبایە چۆکی بۆ بەعس دابدایە و
ڕێگەی دابانایە کە کوردستان بە ئارەزووی گلاوی خۆیان بکەنە عارەبستان و
میللەتەکەش تۆو بڕکەن . ئەوەش تەنها لە بەرخاتری دۆستێك کە ئاشکرا
کەری بەرژەوەندی یەکانی خۆی بە ستوتەوە و بە نیازە کوردیش سندم کات .
یاخود وەك نیمچە خنکاوی بەر شەپۆلی ڕوبارێك ، دەست بۆ تووتەرك و
چلە پووشی کەنار بکێشێت بە هیوای ئەوەی نوقم نەبێت و لەو گیژاوە
بخەلەسێت .
لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە هەر لەبنەڕەتەوە دژی خۆبەستنەوە بە هێزە گەورەکانەوەین ،
بە تایبەت وەکو ئەوکاتەی شۆڕشی کورد بگاتە ئەو مەودایەی کە کەوشەن و
سنووری ئەو پێوەندییانە بەوشێومیە بپسێت و سەرکردایەتی یەکەی
وەك فاڵچی ڕمڵ لێ بدەن و بە (ڕەنگ هەیە) بیانەوێت لە بەرچوونی
خوێن و ئازاری چواردە ساڵەی ئەو میللەتە بێ دەرەتانە ڕابگرن . بەڵام هێشتا
پێمان وایە هەڵدێران لە خۆبە دەستەوە دان شەرەفمەندانەترە .
بەردەوامی لە سەر هەڵوێستی یەکەم ، خۆبە دەستەوە دان و خۆ تواندنەوەیە
لە بەرژەوەندی دۆستێکی دۆستی بەرژەوەندی ی خۆی دا . هەڵوێستی
دووهەم بواری مناورە و سەودا و مامەڵەیەك دەهێلیتەوە . ئەمە بە نیزیکە

هەمان دووریانی دژواری کۆماری مەهاباد بوو . بارزانی ی ئەم جارەنر هەلویستی پێچەوانەی (پێشەوا) ی شەهیدی وەبەرگرت . خۆزیا و صەد بریا سالێك دواتریش ئەو ئازایەتی یەی مابایە .

کەواتە گەر بە (شێر وخەت) ەکەنر بێت کە کاك رەحمانی کردووبە ، پێمانوایە یێ دەنگی و رازی بوونەکەی راستتر بوو لەو بوختانەی بە خۆی دەکات .

کاك سامی رەحمانی ی ئەوکە بە چەند مەبەستێك ئەو بانگاشەیە دەکات :

١ــ وەکو گوتمان رۆلی سیاسەتچێتی ئەوروی پێویستی بە بوێاخێکی خەستی پێشکەوتنخوازانەیە .

٢ــ هەلوێستی دووەم لە صەدا صەد دژاوە و هەرەس پەردەی رەشی بەسەر دا داوەتەوە . دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەو ساش هەر خاوەن هەلوێستە و دووربین بووە و وێراوێتی لە بەردەم بارزانی یدا نقە بکات .

هەلوێستی یەکەم کە گوایە خۆی خاوەنی بووە ، تا سەر تاقی نەکراوەتەوە . ئەوەتا ئێستا دەتوانێت بڵێت (رەنگ هەیە) سەرکەوتووبایە .

٣ــ پاش هەرەس و نائومێدی لە ئەمریکاو ئیسرائیل و ئێران ، بیری مارکسی ی سەر بە سۆڤیەت بازاری گەرمە . ئەم دان پۆکردنە تەپکە نانەوەمیە بۆ گەلەك هەرزەکاری سیاسی .

٤ــ تاوانی هەرەس و چارەنووسی تاڵی پاش هەرەسی ئەو میللەتە ، لە کەردنی ملوزمە سیاسی یەکانی دوێنێ و ئەوروی بئالێنیت و نابووت و ریسوایان کات . خۆشی نەك هەر یێ ئارەق دەرچێت ، بەڵکە وەك خاوەن هەلوێستێکی راست حسێبی بۆ بکرێت .

با بگەڕێینەوە سەرەوکاری نووسینەکەی کاك فازل . لە ل ٣٠٣ دا دەنووسێت: لەو جەنگە خوێناوی یەی نێوان مارتی ١٩٧٤ و مارتی ١٩٧٥ دا ، کە شێست هەزار

قوربانی ی خواست ، کۆمەکی سوپایی شوورەوی ی بەعێراق ، رۆلیکی زۆری لە دەست نیشان کردنی چارەنووسی یدا دیت . بەنەسیحەتی سۆڤیەت ئۆردووی عێراق ، مەلبەندە ستراتیژییە زۆر گرنگەکانی لە کورد گرت . بەپێی گوتەی کورد و هەندێ سەرچاوەی رۆژئاوایی ، فڕۆکەوانە سۆڤیەتی یەکان ، فڕۆکە نوێکانی (تۆپۆلیف ٢٢) یان دەئاژوو ، کوردستانیان بۆردومان دەکرد . بۆ پشتگیری ی ئەم روون کردنەوانەی کاك فازل ، بە پێویستی دەزانم هەندەك زانیاری دیکەی بخەمە سەر :

فڕۆکەوانی عێراقی (صفاء شلال) کە فڕۆکە میگ ١٩ کەی لە ٣ی ئۆگوستی ١٩٧٤دا لە دژی بالەك خرایە خوارەوە و خۆی دەستگیر کرا ، دانی بەوە دانا بوو کە فڕۆکەوانە سۆڤیەتی یەکان فڕۆکە (تۆپۆلیف) مکان دەئاژوون . چونکە ئەو فڕۆکانە ئەوکاتە نوێ بوون و هیچ فڕۆکەوانێکی عێراقی مە شقیان لەسەر ئەو فڕۆکانە تەواو نەکردبوو .

هەروەها ئەوەی ئاشکرا کردبوو ، کە نێزیکەی ٣٠٠٠ راوێژکاری سوپایی سۆڤیەت لە عێراقدان .(*)

کاك فازل خۆی لە جێگەیەکی دیکەدا ، لەل ٩١ دا نووسیویە کە تا ١٩٧٨ نێزیکەی ١٦ هەزار سەربازی سۆڤیەتی لەعێراق دا بوون .

دیارە ئەمانە بۆ ئەوە دانە بەستراون مێش بقەپێنن . دەبێت بایەی ئەو دۆلارانەی وەریان گرتووە ، خزمەتی بەعسیان کردبێت !

لە هێرشەکەی ئۆردووی عێراق دا ، کە لە قوڵی کۆرمك و بێخاڵە وە هێرشیان بۆ رەواندز کرد ، سەرهەنگ (ئەلێکساندەر فازیلیف) سەرپەرشتی ی ئەو

(*) Günther Deschner: Saladins Söhne, München, 1983, Droemer Knaur Verlag, S. 289-291

هێرشـــەی دەکرد . (کورەکانی صەلاحەددین ل ٢٩٨) .

لە ســـالی ١٩٧٦ دا کاتێك لە وولات بووم ، گۆڤاریکی نهێنی ی هێزی زرێپۆشـی عێراق ، کە نێوی (مجلة الدروع) بوو ، کەوتە دەســتی رێکخراوێکی ســیاســی . منیش بەخت یار بوو ئەو گۆڤارەم خوێندەوە . ئێســتا زمارەکەیم لە یاد نەمــاوە . بە هەرحال ، گوتاریکی تێدا بوو کە یەکێك لە ئەفسـەرە بە شـــدارەکانی هێرشـــەکەی ڕەواندز لە ژێر ســەردێری (دبابات البعث تتحطم اســطورة کورث) دا نووسیبووی. زۆر بە وردی باسـی هێرشـەکەی تۆمار کردبوو . ئەوەی تەواو لە یادم مـــــاوە ئا بەم جۆرە بوو : (پاش ئەوەی هێزەکانمان لە گەلی عەلی بەگ دا لـــە لایـەن هێزەکانی " جیب العمیل " ەوە ئابلوقە درابوون و پێوەندی یەمان لەگەڵیان پسابوو ، ناچار بووین بە دووی چارە ســەرێك دا بگەڕێین . ڕاوێژمان بە وولاتەکی دۆســت کرد . ئەوان بە مانگی دەســتکرد وێنەی نێوچەکەیان بۆ گرتین و نەخشـــەیان بۆ کێشـــاین . ڕێگەیان بۆ دانابن چۆن چۆنی بێ ئەوەی پێویســتمان بە گەلـی ی هەبێت بگەینە ڕەواندز . نەخشـەکە لە بێخاڵەوە دەســتی پێ دەکرد . بـــەڵام هیچ ڕێگەیەك نی یە لەو کێوانە وە بگاتە ڕەواندز . ناچار گوێزانی بلدوزەرمـــــان لە زرێپۆشـەکان بەســت، و بە دەم تەقە و شـەڕەوە ملمان نا . ڕۆژی وا هەبـــوو لە چەند مەترێك زێتر بڕمان نەدەکرد ، چونکە یاخی بووە تاوانبارەکان کەوکـوژی ی بە قەناصەکانیان تێمان دەکەوتن . هیچ ســەربازێك نەیدەتوانی بۆ چـــرکەیەك ســەردەربهێنێت . . . . .) . بە هەرحال بە شـێوازیکی زۆر بەتام و چێـــــژو ســەرنج ڕاکێش باســی چۆنیەتی گەیشـتنە ڕەواندزیانی تۆمار کردبوو. لـــە گـەڵ ئەو هەموو کینە و ڕقەی لە کوردی بوو ، ناچاریش بوو ناراســتەوخۆ دان بە ئازایەتی ی پێشـمەرگە دا بنێت . نووســیبووی : (دوو یاخی بوو لە ســەر ڕێ ی گوێشـەیەکی چەپەر ، دۆشـکەیەکیان دابە ســتبوو ، تا توانیمان ئابلوقەیان بـ ، حەشریان

یێ کردین . بەڵام پێش ئەوەی دەستمان بیانگاتێ ، بە زیندوێتی خۆیان هەڵدێرایە گەلی یەوە) .

ئاشکرایە ئەو ووڵاتە دۆستەی (بە مانگی دەستکرد) وێنەی نێو چەکەی بۆ گرتوون و نەخشەی بۆ کێشاون ، (سۆڤیەت) ی پشت و پەنای گەلانی چەوساوە و زۆرلی کراوی جیهانە !

ئەمە پاداشتی ئەو هەلوێستە دۆستانەیەی کورد بوو کە بارزانی ی پاش سەردانەکەی ڕۆژهەلاتناسی سۆڤیەتی (پیرماکۆف) بە باوەڕ پێکراوانی خۆی، ڕاگەیاند (گەر دۆستایەتی و بەرژەوەندی ی هاوبەشی سۆڤیەت و کورد نەبایە ، هیچ کات ئامادە نەبوو لەگەڵ بەعس دا گفتوگۆ بکات) . (پیرماکۆف) لەو سەردانەی دا کە دوو بە دوو لەگەڵ بارزانی یدا بە زمانی ڕووسی دەدوان ، بارزانی ی ڕازی کرد کە گفتوگو لەگەڵ بەعس دا بکات و سەرئەنجامەکەی ڕێکەوتننامەی ۱۱ ی ئازاری ۱۹۷۰ بوو . بەڵام کە بەرژەوەندی یە یەک لا یەنی یەکانی سۆڤیەت چە سپا ، دۆستایەتی و بەرژەوەندی ی هاوبەشیان ژێر پێ خست .

بە پێویستی دەزانم دووهەڵەی چکۆلەتر ڕاست بکەمەوە کە کاک فازڵ بە سەریاندا تێپەڕیوە :

لە ل ۲۸۳ دا دەنووسێت : (تاڵەبانی ی لە ۱۹۶۳ دا ، پێش گەرانەوەی لە ئەورپاوە بۆ کوردستان ، بە دزییەوە سەردانیکی مۆسکۆی کرد . لە گەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت دا ، باسی کۆمەک و پشتگیری ی کورد کرا لە پاشە ڕۆژ دا) .

بەڵێزی ژمارە ٤٤ کە لە لاپەرە ۳۱۲ دا ڕوونی دەکاتەوە ، دەنووسێت : (ڕادیۆی مۆسکۆ لە ۲۸ ی یونی ۱۹۶۳ دا ، دەقی گفتوگۆ و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تاڵەبانی یدا پەخش کرد) . لێرە دا خۆینەر بۆی هەیە بپرسێت

ئیدی چۆن سەردانێکی نهێنی بووە کە رادیۆی مۆسکۆ ئاشکرای کات ؟ لە هەمان ل ٢٨٣ دا ، دەنووسێت :(لەو سەردانەی تالەبانی یدا ، سۆڤیەت پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە پێویستە برایم ئەحمەد ی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان ، سەردانێکی سۆڤیەت بکات) .

دەبایە بینووسیبا " یەکێك لە سەرکردەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان"، یا " سکرتێری گشتی ی پارتی دێمۆکراتی کورد ستان " ، چونکە برایم ئەحمەد سەرکردەی پارت نەبوو ، بەڵکە بارزانی ی سەرکردەی بوو .

هەندێك هۆکاری دیکە لە پێوەندی بە کانی کورد و سۆڤیەت دا

پێوەندی یە کانی زل هێزێکی وەکو سۆڤیەت و میللەتێکی زۆر لێ کراوی وەکو کورد ، بە شێوە و شێوازێکی زۆر ئاڵۆز و جۆرا وجۆر تەون کراون . تا تەوا و تەواو و بڕاو پڕ لەو پێوەندی یانە بگەین ، هێندە بەس نی یە کە پێوەندی ی چەند لایەنێکی کوردی و هەڵوێستی ڕەسمی ی سۆڤیەت هەڵشێلین و شی کەینەوە ، بەڵکە وا پێویستە لەپاڵ ئەوانە شدا تان وپۆی داوە پێوەندی یە هاوتەریبەکانی دیکەش بتوێژینەوە .

یەکێك لەو ڕایەڵە پێوەندی یانە ، وولاتانی سۆسیالیستن ، کە گەلەك جار پاشکۆی سیاسەت و خواستی سۆڤیەت ڕەنگ بێ دەدە نەوە و پشتگیری کەری ئەو هەڵوێستانەن . لە شێستەکانەوە تین و تاوی سۆڤیەت لە نێوچەکە دا لە سەرهەڵدان و گەشە کردن دایە . لەو کاتەوە وولاتانی هاوپەیمانی سۆڤیەت هەمان هەڵوێستی سۆڤیەتیان بەرامبەر بە کورد وەبەرگرتووە .

یەکێك لە ئامرازەکانی دیکە ، ڕۆڵی پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە و ئەو وولاتانەن

که پشتگیری‌ی ئامانج و سیاسەتی سۆشیالیستەکان دەکەن . لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندنی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە وەکو دارەست و قەرەقۆزێکی دەستی سۆشیالیستەکانی نیوچەکە زۆرجار بەرژەوەندی‌یە نیوچەیی‌یەکان رە چاو دەکەن و هەندە جارێك گیرمە و کێشەی ئیدیۆلۆژی لە سەر مەسەلەی نیشتمانی و کەمە نەتەوەیی یەکان هەڵدەستێنن .

وڵاتە سۆسیالیستەکانی وابەستەی سۆشیالیستەکانی ، هەمیشە ئاوێنەی بااڵنمای سیاسەتی رەنگ ڕیژراوی سۆشیالیستن لە جیهان دا . سیاست و هەڵوێستیان بەرامبەر بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد ، لەو ڕێچکەیە نەترازاوە . هەردەم نوێنەر و دیوی دووهەمی ئەو سیاسەتە بوون .

چێترین نموونەیەك ، هەڵوێستیان بووە لە رووداوەکانی ١٩٦٣ ی کورد ستان دا . سۆشیالیستەکان بەڵاوە مەبەست بوو ، بۆیە ڕاستەوخۆ نەهات خۆ لە مەسەلەکە هەڵقورتێنێت ، بەڵکە وڵاتیکی وەك مەنگۆلیای ڕاسپارد . ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت . تا بەو هۆیەوە پێوەندی‌ی دیپلۆماسیانەی خۆی لەگەڵ عێراق دا نە پسێت .

لە ناردنی کۆمەك و یارمەتی یدا ، وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستیش جمێندران . لەپاڵ خاچی سووری سۆشیالیستدا ، خاچی سووری هەنگاریا و بولگاریاو ئاڵەمانیای ڕۆژهەڵاتیش وەخۆکەوتن .

نموونەیەکی دیکە لەوبارەیەوە ، مەسەلەی زەمالەو پەروەردە و مەشق کردنە . خوێندنی کوردەوانی لە سۆشیالیست و تەکنیك و زانستەکانی دیکە لە وڵاتانی سۆسیالیست بۆ خوێندکارانی کورد فەراهەم کرا . گەلەك لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد ، خوێندنی خۆیان لە ئاڵەمانیای ڕۆژهەڵات و

چیکۆسلۆفاکیا ، تەواو کرد ووە .

مەسەلەی پرۆپاگەندە و راگەیاندن ، خاڵێکی دیکەی هاوبەشی ئەو هەڵوێستە یەک خراوانەیە . وڵاتانی سۆسیالیست شوێنی پێگەیشتنی نهێنیی نوێنەرانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و کاربەدەستانی سۆفیەتیی بەرپرسیاری ئەو ئەرکانەن . بەتایبەت چیکۆسلۆفاکیا و ئاڵەمانیای رۆژهەڵات و بولگاریا . بەرلینی رۆژهەڵات هەمیشە وێستگەی نوێنەرانی کوردی داوەتکراوی شوورەوی بووە . لەوێ پاسپۆرتی پێویستی ئەو سەردانانەیان بۆ ئامادەکراوە . ئەوجا بەدزییەوە بەرەو شوورەوی بەرێ خراون .

لەم ساڵانەی دواییدا ، سۆفیەت وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ناسۆسیالیستی لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا پەیدا کردووە ، کە هەمان ئەرک دەبینن . بەتایبەت لیبیا و سوریا گەلەک جار هەڵوێستی شوورەوی بەرامبەر مەسەلەی کورد رەنگ بێ دەدەنەوە . بەڵام ناتوانرێت ئەمە تەنها بە تین و تاوی سیاسەتی شوورەوی لێک بدرێتەوە ، بەڵکە دەبێت کێشەو بەرژەوەندی دیکەش تێبخوێندرێتەوە .

بزووتنەوە ئازادیخوازەکانیش ، بەتایبەت بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین هەمان سیاسەتی سۆفیەت بەرامبەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد وەبەر دەگرن . لەرووی سیاسیی و مادییەوە ، کۆمەکێکی بەرچاو بە بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەکەن . بەپلەی یەکەم (بەرەی دێموکراتی ئازادیخوازی فەلەستین) تەواو هەڵوێستی شوورەوی رەنگ پێ دەداتەوە . ئەم پێوەندیی و هاوکارییانە بیرو ڕیبازی سەر بە سۆفیەتیان لە بزووتنەوەی کورد دا گەشە پێ داوە ، بەتایبەت لە عێراق و تورکیا دا بە زەقی بەدەردەکەوێت .

حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست ، هەرچەندە هەمیشە

چالاك بوون ، بەلام لە رێرەوی سیاسی یانەی ئەو وولاتانە دا رۆلیکی بن بریان نەدیتووە . بەهۆی وابە ستەیی ئەو وولاتە تازە دامەزراوانەی پاش یەکەم جەنگی جیهانی یەوە ، بەبەرەی رۆژئاواوە ، جێ پێی یەك بۆ پارتە کۆمۆنیستەکان پەیدا بووە . ئەمانە لە سەرەتاوە ، تاکە ئامرازی شوورەوی بوون لە نێوچەکەدا . پارێزەری بەرژەوەندی یەکانی بوون . ئەم هەلویستانە بە پێویستی یەکانی خەباتی ئینتەرناسیۆنالانە پێش چاو دە خرێت ، کە شوورەوی بە چەق و کرۆکەکەی نیشان دەدرێت .

لێرە دا دەتوانین هەلوێستی پارتی کۆمۆنیستی عێراق وەك نموونەیەکی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە ، هەلسەنگێنین :

پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە لە مارتی ١٩٣٤ دا ، لە یەکگرتنی چەند گرۆپێکی جودا وازی گچکە گچکە ، بە کۆمەکی کۆمینتێرن دامەزرا ، هەر لە سەرەتاوە مەیلی زۆری بەلای کێشەی کەمنەتەوەیی یەکان دا نیشان دا . مە سەلەی کورد ، کە لە نێوان دووجەنگە جیهانی یەکە دا ، لە نەخشەی سیاسەتی شوورەوی و کۆمینتێرن دا هیچ نرخ و بایەخێکی بۆ دانەنرابوو ، لەبەر ئەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش بایەخی پێ نەدەدا . لەگەڵ ئەوە شدا مافی چارەنووسی کوورد بەلای ئەوانەوە مە سەلەیەکی پێ چەند و چوون بوو . لە پڕۆگرامی حیزبەکەشیان دا دانیان پێدا نابوو .

کێشەی نەتەوەکان ، لە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتە کۆمۆنیستەکانی دیکەی رۆژهەلات دا ، مە سەلەیەکی لە بار و گونجاو بووە ، بۆ پڕۆپاگەندە و بانگاشەی هەمیشەیی یان . پیاوانی کەمنەتەوەیی و ئاینی یەکان ، رۆلیکی دیاریان لە رێرەوی کۆمۆنیستانەی نێوچەکە دا دیتووە . ئەو دەورەیان هەمیشە لە پلەی وجودی راستەقینەیان بالاتر بووە . ئەمەش بە سوود و دە ستکەوتی پارتە کۆمۆنیستەکان

شـــکاوەتەوە . لەم پەنجا ســاڵەی دوایی یدا ، جگەلە ســاڵانی نێـــــوان ١٩٥٥—١٩٦٣ کە شـیعەیەکی عارەب (سـەلام عادل) بووە سکرتێری گشـتی ی پارتی کۆمۆنیســتی عێراق ، سـەرپاکی ئەوانی دیکە یا جوو بوون یا کورد یا دیان .

١٩٣٤—١٩٤٩ یوسـف سەلمان فەهد (مەسـیحی ی) ، ١٩٤٩— ١٩٥٠ یەهودا صدیق (جوو) ، ١٩٥٠— ١٩٥١ ساسـۆن شلەمۆدەلال (جـــــوو) ، ١٩٥١—١٩٥٤ بەهادین نوری (کورد) ، ١٩٥٤ حەمید عوسمان (کـــــورد) ، ١٩٥٥—١٩٦٣ سـەلام عادل (عارەب) ، ١٩٦٤ تا ئێسـتا عەزیز محـەمـەد (کـــــــــورد) .

هەر لە سـەرەتاوە ، پارتی کۆمۆنیسـتی عێراق ، لقێکی کوردسـتانی و لقێکـــــی ئەرمەنی ی هەبوو . هەرچەندە ئەرمەنی یەکان لە عێراق دا لە چاو تورکمان و کلدان و ئاسـووری و جوولەکەدا ، کەمەنەتەوەیی یەکی هێجگار کەم بوون . ئەمەش جارێکی دی ڕەد ووکەوتنی بەرژەوەندی و مەیلی سـیاسـەتی سـۆڤیەت نیشان دەداتەوە .

لەبەر ئەوەی ڕژێمی عێراق لە دوای نێوەڕاسـتی سـی یەکانەوە پابەندی سیاسەتـی ئینکلتەرەی دژ بە شـوورەوی ی بوو ، ئالە بەر ئەوە ، دژایەتی بەریتانیا و هەوڵدان بۆ باشـترکردنی سـیاسـەتی عێراق بەرامبەر شـوورەوی ی ، دیارترین کـــرۆک و جەوهەری سـیاسـەت و پڕوپاگەندەی پارتی کۆمۆنیسـتی عێراق بوو .

گرنگترین خاڵە ســـەرەکی یەکانی پڕۆگرامی پارتی کۆمۆنیست کە لە سەر گوتاری ڕۆژنامـە نەهێنی یەکانی یدا لەلایەن فەهدەوە بڵاوەکرایەوە ئەمانە بوون :

١ــ خەبات لە پێناوی ڕزگارکردنی عێراق لە دەستەلاتی بەریتانیا و هێـــــــــزە ڕۆژئاوایی یەکانی دی .

٢ــ خەباتی چینایەتی ، کە بەواتای پاڕێزگاری لە ماف و بەرژەوەندی یەکانی کرێکاران و جۆتکاران دێت ، کە لە ژێر جەوری هێزە مۆنۆپۆل و فیۆدالەکان دا دەنالـــن .

هەروەها پاریزگاری‌ی لە مافی کەمەنەتەوەیی یەکان کە هەمووپان لە ژێر جـــەوری رژێمی وا بە ســتە بە دە ســتەلاتە داگیرگەرەکان دا دە چەوســێنەوە .

٣ــ خەبات لە پێناوی هەلتەکاندنی پاشــماوەی دە ســتەلاتی کۆلۆنیالی لە سوریاو لوبنان و میســرو هەموو ئەو وولاتانەی رۆژهەلات کە لەلایەن رۆژئاواوە دەستیان بە ســەر دا گیراوە .

٤ــ خەبات بۆ هاریکاری و رایەڵ کردنی پێوەندی‌ی سیاسی وکولتوری و ئابووری‌ی لەگەڵ یەکێتی ســۆڤیەت دا . هەروەها بۆ بە ســتنی پێوەندی‌ی دیبلۆماســـی لەگەڵیـــــــــــدا .

بە هۆی دووهەم جەنگی جیهانی یەوە باری ســیاســی شــێوا . شــوورەوی‌ی لە دژی ئالەمانیای نازی لەگەڵ هێزە رۆژئاوایی یەکان دا یەک کەوت . هێزەکانــی شــوورەوی‌ی و ئینگلیز ئێرانیان داگیر کرد . لە سەرتاسەری جیهاندا هێـــزە کۆمۆنیســت و دێموکراسی یەکان دژی نازی یەک کەوتن . ئەو گۆرانکاری‌یەی سیاسەتی سۆڤیەت لە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیشدا رەنگی دایەوە و ئاوهای لێ هات :

١ــ ئامادەیی تەواو بۆ هاریکاری‌ی لەگەڵ رژێمدا دەردەبڕین ، لە پێناوی بەرگرتــن بەخەتەری نازی لە عێراق دا .

٢ــ هەولی هێنانەکایەی هەل و دەرفەتی هاریکاری نێوان عێراق و شوورەوی‌ دەدەین.

٣ــ هەولی ئەوە دەدەین کە رژێم ئازادی‌ی کار و چالاکی پارتی کۆمۆنیســـــــت دەســتەبەر بکات ، وەکو لە هەندێ وولاتانی رۆژئاواو وولاتانی سەر بەو بەرەیەدا هاتوتە کایـــــــەوە .

لە ســەردەمی کۆماری مەهاباد دا ، بەپێی تاکتیکی نوێی شــوورەوی‌ بەرامبــەر مەســەلەی میللەتان ، پارتی کۆمۆنیســتی عێراق داوای لە ناســـیۆنالیستەکانــی کورد دەکرد ، کە پارتیکی ناسیۆنالیســتی کورد دابمەزرێنن .

پاش‌خنکاندنی فەهد و هاوڕێکانی ، پاش‌زووربوهینان و ڕەدوونان و دووبەرەکی نێو پارتی کۆمۆنیست ، مەیلی پارتەکە و بانگاشەی پشتگیری کردنی مەسەلەی کورد خاوبووەوە و لاواز بوو . هەتا پێوەندی‌ی ئینتەرناسیۆنالانەی کۆمۆنیستی عێراق لە سەرەتای پەنجاکان دا ، بۆ ماوەیەك پسا .

١٩٥٥ ، سەلام عادل توانی حیزب یەکخاتەوە و پێوەندی‌ی ئینتەرناسیۆنالانە ببەستێتەوە . لە کۆنگرەی ١٩٥٦ دا پڕۆگرامێکی نوێ بۆ حیزب دارێژرا کە تارادەیەك ڕیباز و ڕێرەوێکی چەسپاوی بۆ حیزب دەستنیشان کرد . (*) هەمان کات ڕاستەوخۆ لە ژێر تین و تاوی ڕێرەوی سیاسەتی شوورەوی دا بوو . ڕیبازی سەرەکی‌ی حیزبەکە بە ئاشکرا لە ژێر کاریگەریتی گونەکەی خرۆشۆف دا بیرازکرابوو ، کە لە بیستەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی‌یدا خوێندی‌یەوە . بۆیە لەگەڵ ئەو گۆشار و زەبرو زۆرەی ڕژێمی عێراق خستی یە سەر پارتی کۆمۆنیست ، کەچی حیزب هەڵوێستێکی هێمنانەو ئاشتی یانەی بەرامبەر ڕژێم وەبەر گرت . لە بەڵگەنامەیەکی ١٩٥٧ ی حیزب دا گوتەکەی ١٩٥٦ ی خرۆشۆف بە ڕیبازێکی نوێی ژیرانە و ڕاستی پەرستانە هەڵدەسەنگێندرێت . نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ٢٢ هەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی‌یدا ، لە ساڵی ١٩٦١ دا پێی‌ی لەو ڕاستی یەناو ئاشکرای کرد کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کۆنگرەی ١٩٥٦ یدا ئاشکرا لە ژێر تین و تاوی بریارەکانی بیستەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی‌یدا هەنگاوی هەڵناوە . هەر بەوپێی‌یە بوو کە ڕیبازی خۆی ڕاست کردەوەو لە خەباتی یدا

(*) لێرە دا نووسەر بازدی بە سەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دا دەوە ، ئەویش سەردەمی سکرتێریتی (بەهادین نوری) یە (١٩٥١–١٩٥٤) . وەکو لە ل ٨٣ دا ڕوونمان کردەوە لە پڕۆگرامەکەی (باسم) دا دان بەمافی چارەنووسی کورد دا نرابوو . ڕەخنە لە پڕۆگرامەکەی فەهد دەگرێت کە دانی بەومافەی کورد دا نەنابوو . هەڵوێستی پێشیڕەوی پارتی کۆمۆنیستی بە (ئۆپورتونیستانە) هەڵەنگاند بوو .

ڕێرەوێکی ئاشتیخوازانە و هێمنانەی وەبەرگرت .

پاش ١٩٥٧ و بە تایبەت پاش کودەتای تەموزی ١٩٥٨ ، چەند باڵ و بیرو بۆچوونێکی جود اواز لە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دا چەکمرەی کرد . لەگەڵ هەموو هەڵبەزنەوەیەکی باڵەکانی دیکە دا ، باڵی سەر بە شوورەوی ، توانی جۆگەی سیاسەتی گشتی ی حیزب بڕژێنێتە گۆمی بەرژەوەندی یەکانی سیاسەتی شوورەوی یەوە . پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، هەتا سەرنگوم بوونی قاسم ، بێ چەند و چوون ، پشتی ڕژێمەکەی گرت ، لەگەڵ ئەوە شدا کە دیکتاتۆریێتی قاسم بەردەوام لە هەڵچوون دا بوو ، لەگەڵ ئەو بەرەنگار بوونەوە خوێناوییەی ڕژێم دا بەرامبەر بە کورد ، چونکە ئەوان سیاسەتی دەرەکی قاسمیان بەلاوە گرنگ بوو. گوایە قاسم سیاسەتی دژ بە ئیمپریالیزمی وەبەر گرتبوو. بۆیە لەگەڵ هەندە بۆرە ڕەخنەیەکیشدا ، تا نەمانی ، بە پاڵپشتی مانەوە .

شوورەوی و پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕەدووکەوتووی سیاسەتی ئەو ، هەتا سەرەتای شێستەکانیش ، هەڵوێستێکی دردۆنگ و گوماناوییان لە نەتەوەیی یە عارەبەکان هەبوو . بەتایبەت بەرامبەر دووباڵە گەورەکەی ناصر و بەعس . لەگەڵ پەیدا بوونی جێ پێ بۆ سۆڤیەت و خزاندنە نێوچەکەوە ، پارتە کۆمۆنیستە وابەستەکانی شوورەوی ، تەقلەیان بە هەڵوێستیان لێ دا و نەك تەنها بە هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزبە نەتەوەیی یانە دا ، بەڵکە بەرێبەرایەتی هەندێکیشیان رازی بوون و خایە و مایەیان لەگەڵ تێکەڵ کردن . ئەو هەڵوێستە چەرخ و فەلەکی یانە ، کە پێچەوانەی سیاسەتی کلاسیکی یانەی وەبەرگرتووی پێش ئەو سەردەمە بوو ، ژمارەیەکی زۆر دووبەرەکی و لێك ترازانی لە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە دا خوڵقاند . هەرچەندە مە سەلەی میللەتان و کەمەنەتەوەیی یەکان و مافی کولتوری گەلی کورد ، بنێشتە خوێنەی ژێر دانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو ،

بەڵام پێوەندی نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد بێ سەر ئێشە وگرفت نەبوو . مە سەلەنر مل ملانێ و کێشمە کێش بوو لە سەر پێشرەوایەتی لە کۆمەلگەی کوردەواریدا . شوورەوی گەلەك جار نە سیحەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی دەکرد کە ئاستوی ئیدیۆلۆژی فراوانتر بێت و هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد را بکەن . هانی دەدا ن بەرەیەکی نیشتمانی بسازێنن . تا لەو رێگەیەوە تین و تاو و کاریگەری شوورەوی لە سەر بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد زێتر و بالاتر بروات .

هەرکات سیاسەتی سۆڤیەت وای پێویست کرد با کە پشتگیری لە رژیم بکرێت دەبایە پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەست بەجێ چاولێکەر بایە ، با ئەو هەلویستە نوێیە تەواو پێچەوانەی پێشینیز بایە .

بۆ نموونە ، هەلویستی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەرامبەر شەر راگرتنی رژیم و بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد لە فێبریوەری ١٩٦٤ دا ، لە سەرەتا دا ناڕازیانە بوو . بەڵام هەر سۆڤیەت پشتگیری خۆی ئاشکرا کرد ، پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش بای دایەوە و هەلویستی خۆی گۆڕی . نموونەیەکی دیکەی لەو بابەتە هەلویستی پارتی کۆمۆنیستە بەرامبەر بە عس ، لەپاش رێکەوتننامەکەی نێوان عێراق و شوورەوی لە ١٩٧٢ دا .

بە شداری پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە بەرەی حوکومەت دا ، پێچ کرنەوەیەکی عەنتیکە بوو لە سیاسەتی کۆمۆنیست دا بەرامبەر بە مە سەلەی کورد . لەو شەرەی ١٩٧٤–١٩٧٥ ی نێوان کورد و سوپای عێراق دا ، بە شداری چەکدارانە و پشتگیری سیاسیانەی پارتی کۆمۆنیست وکۆمەکی ئیعلامی و سوپایی سۆڤیەت رۆلێکی هێجگار گرنگیان لە چارەنووسی مە سەلەکە دا دیت .

پاش کۆتایی هاتنی شەرەکە ، رژیم چەکدارەکانی پارتی کۆمۆنیستی چەك کرد ،

وەك قوتیلەی تەویلە پڤی لێ کردن . لەگەڵ ئەوە شـــدا پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ســـەر پشـــتگیری‌ی سیاسیانەی رژێم هەر بەردەوام بوو . ئەو شـــۆرشـــە نوێیەی لە ١٩٧٦ دا هەڵگیرســـایەوە ، لەلایەن کۆمۆنیســـتی عێراقەوە بە دوژمنانی شۆرشی بەکرێ گیراوانی ئیمپریالیزم جوێن باران دەکرا . (*)

هەروەها خوێنشـــاندانی شـــیعەکان لە فێبریوەری ١٩٧٧ دا ، لەلایەن کۆمۆنیستەوە بە بزووتنەوەی کۆنەپەرســـتان نێوزەد دەکرا .

لێك تێ نەگەیشـــتنی رژێم و کۆمۆنیســـت لەم مە ســـەلانە بەدووربوو . لە بواری دیدا رووی دەدا . بۆنموونە کۆمۆنیســـت رمخنەی ئەوەی لە رژێم دەگرت کە پێوەندی‌ی بازرگانی‌ی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاوا یدا لە ١٩٧٥ەوە بۆ ١٩٧٨ بڕەو پێـــداوەو ئەمە گومان دمخاتە ســـەر ڕێڕەوی سۆسیالیستانەی رژێم .

پانتڕێکەوتنی رژێم لەگەڵ شای ئێران لە ١٩٧٥ دا ، پاش‌نەمانی خەتەری کورد و ئێران ، رژێم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەلای ڕۆژئاوا و عارەبی ســـعود دا بای دەدایەوە . لە ١٩٧٧ەوە قرە کۆمۆنیســـت دەســـتی بێ کردەوە . ١٩٧٨ ژمارەیەك کۆمۆنیست لە داردران ، چونکە گوایە لە ریزەکانی سوپا دا چالاکی یان نواندووە . لە کۆتایی ئەو ســـاڵە دا (مانگی هەنگوین) کۆتایی بێ هات و بەرەی کۆمۆنیست و بەعـــس هەڵوەشـــایەوە و ســـەردەمێکی نوێ لە داپڵۆســـینی کۆمۆنیست دەستی بێ کردەوە ،

(*) لێرە دا دەبێت بەشداری‌ی کۆمۆنیست لە گەورەترین و دڕندانەترین تاوانی مێژوودا وەبیر خۆینەر بهێنمەوە . تاوانێك کە لە بیرچوونەوەی هێجگار دژوارە . لە گەورەتریـــن کارەساتی دڵ تەزێنی خواروی کوردستان دا ، لەوکاتەدا کەرژێمەرەگەزپەرست و خوێنڕێژە هاوبەرەکەی کۆمۆنیستی عێراق ، لە گوندەکانی سەر سنووری کوردستان دا شوێنەواری ژیاری مرۆڤایەتی کوێر دەکردەوە ، گوندی وێران دەکرد ، ڕەزو باخ و شینایی لە ڕەگ و ریشەوە هەڵدەقەند و هەڵیدمروقاند ، کانیاوی پر دەکردەوە ، پاڵەی رمش و ڕووت و لەپ قڵیشاوی کوردی لە مەفتەن و خاکی باو و باپیرانیان بەدمردمنا ، ئاڵەو کۆستە گەورەیەی کورد دا ، هاوڕێ (موکەرەم تاڵەبانی) لە سەر ڕووبەرەکانی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) هەر پیرۆزبایی لەو هەنگاوە شۆرشگێڕ و سۆسیالیستانەیەی رژێم دەکرد و دەیفەرموو (دەستی ئیمپریالیزم و بەکرێ گیراوانێ لە نێوچەکە دەبڕێت) .

کە لەلایەن سۆڤیەتیشەوە نارەزایی دەربارەی دەربڕرا . رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی کۆمۆنیست قەدەغە کران . سەرکردە و کادێرەکانیان لە ١٩٧٩ وە یا لە زیندان تونە کران ، یا کەوڵی خۆیان لە دەباخانەی رژێم قوتار کرد و هەمدیسان لە ئەشکەوتەکانی کوردستانیان قایم کردەوە .

لە سەرەتای جەنگی ئێران وعێراق دا ، پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، رژێمی عێراقی تاوانبار دەکرد و پشتگیری خۆی لە (شۆڕشی دژ بە ئیمپریالیزم) ی ئێران دەردەبڕی . لە ١٩٨٣ وە ئاوازێکی دیکە دەستی پێ کرد . عێراق چاوی لە دەستی کۆمەکی سوپایی شوورەوی بوو . شوورەوی پێش هیوای ئەوەی لە دەست دا بوو کە جێزبی تودە بتوانێت بزمارەکەی مەلای مەزبوورەی لە دیواری ئێران بۆ بچەقێنێت ، چونکە ئێران تودەی قەدەغەکرد و سەرکردەکانی دەستگیر کردن و ئیعتیرافاتی هێجگاری پێ تامی پێ کردن ، بزووتنەوەی موسوڵمانانی عێراق کە سەر بە ئێرانە رازی نەبوو لەگەڵ کۆمۆنیستی عێراق دا هاریکاری بکات . بۆیە کۆمۆنیستیش بای دایەوە و گێڕی گۆڕی . ئەم بارە لەقە بۆن و بەرامەی ئەوەی لێ دێت کە گۆرانیکی نوێ بە سەر پێوەندییەکانی رژێمی عێراق و پارتی کۆمۆنیست لە لایەک ، رژێمی عێراق و شوورەوی لە لایەکی دیکەوە ، بێت . یەکێک لە هێما و نیشانەکانی ئەو بۆن و بەرامەیە ، کە دوور نی یە هاریکاری نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و رژێمی عێراق بسازێنێت ، پاش ئەوەی جارێکی دی عێراق مل بۆ خواستەکانی سۆڤیەت بدات ، ئەو گوتەیەی هاوڕێ (زەکی خەیری) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی عێراقە ، کە لە یادی صەد سالەی مردنی کارل مارکس دا ، لە بەرلینی خۆرهەلات خوێندیەوە . لەو یادەدا کە وەفدی بەعسیشی تێدا بەشداربوو ، خەیری هەلوێستێکی پێ لایەنی لە جەنگی ئێران عێراق نیشان داو داوای کۆتایی پێ هێنانی جەنگی کرد و رای گەیاند کە بە هێنانە ی حوکومەتێکی

ئیئتیلافی لەعێراق دا ، گشت تەنگ و چەڵەمەکانی عێراق چارە سەر دەکرێت .
پێشهاتیکی ئاوها ، پێوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەڵدەتەکێنێتەوە .
لەگەڵ گۆڕ و تین پەیدا کردنی سیاسەتی سۆفیەت لە ڕۆژهەڵات دا ، تا دێت پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتە کۆمۆنیستەکانی دی نێوچەکە ، زێتر و زێتر سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەن و وابەستەی سیاسەتی زل هێزانەی سۆفیەت دەبن . بۆیە تا دێت ، لەلایەن ڕژێمەکان و هێزە مەڵبەندییەکان و بزووتنەوەی نیشتمانی ی کوردەوە ، زێتر وەکو نوێنەرێکی سیاسەت و بەرژەوەندی ی زل هێزانەی سۆفیەت تێ یان دەروانرێت و هەرواش مامەڵە دەکرێن .

لە زنجیرەی ئەم گەشتەدا گەڵاک فازڵ زۆر وورد و پێتوڵانە بە دەور و ڕۆڵی پارتە کۆمۆنیستەکان دا کردووە ، چەند ڕایەکی دەربڕیوە کە پێویستیان بە لێ دوان و بە دوو دا چوون هەیە . بەڵام نەمویست زنجیرەی باسەکە بپسێنم ، بۆیە وا بە ناچاری ئێستا دەگەڕێمەوە سەریان :

وەک لە لاپەرە ١١٥ دا ڕوونمان کردەوە ، کاکە فازڵ دەنووسێت : (یەکێک لە ئامرازەکانی دیکە ، ڕۆڵی پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە و ئەو وڵاتانەن کە پشتگیری ی ئامانج و سیاسەتی سۆفیەت دەکەن . لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندنی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە ، وەکو داردەست و قەرەقۆزیکی دەستی سۆفیەت ، یەک لایەنە و هەڵە یە . چونکە پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە ، زۆر جار بەرژەوەندییە نێوچەیی یەکان ڕەچاو دەکەن و هەندە جارێک گێرمە و کێشەی ئیدیۆلۆژی لە سەر مەسەلەی نیشتمانی و کەمە نەتەوەیی یەکان هەڵدەستێنن) .

لە پەراوێزی ژمارە (١) دا کە لە لاپەرە ٣٥٧ دا ڕوونی کردۆتەوە ، لەو بارەوە دەنووسێت :(لە سەردەمی بریژینێف دا ، لە کاتی بڕە و پەیدا کردنی گرنگی و

بایەخی رۆژهەلاتی نێوەراست ، لە سیاسەت و دەستەلاتی زل هێزانەی سۆڤیەت دا ، پەیوەستی و رەدووکەوتنی پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە بە مۆسکووە لە زیادی بووە) .

ئەم راو بۆچوونانەی کاك فازل پێویستی بە هەڵوێستەیەك هەیە ، چونکە بۆچوونەکانی تەواو هاوکێشە نین و باری سەرنجەکانی جێگای تێرامان و مەودای رادەربڕینی زێتریان لە سەر هەیە . هێندەی بشێ و بگونجێ و بوار هەبێت ، بە پێویستی دەزانم رای خۆمیان لە سەر دەربڕم :

١ــ سەبارەت بەوەی گوایە ئەو پارتە کۆمۆنیستانە دارد ەست و قەرە قوزی دەستی شوورەوی نین ، پێم وایە بۆچوونێکی دووفاقانەیە . چونکە ئەوان خۆیان بە پێویستی یەکی هاریکاری ئینتەرناسیۆنالانەی دەزانن و بەبەرژەوەندی یەکی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای جیهان ، کە شوورەوی بە سەرکردەو رێبەری لەقەڵەم دەدەن ، بۆیە ئیلتیزامی یەکەم و هەرە پێشیان بە سۆڤیەتەوەیە . ناکۆمۆنیستەکانیش بە نۆینەر و پاریزەری بەرژەوەندی یەکانی سۆڤیەت و قورمچەورەی دەستی ئەو دەوڵەتە . ئەوگە شتەی کاکە فازڵ پێش چاوی خستین هەر ئەوە رادەگەیەنێت . ئیدی گوایە گەر ئەوە دارد ەستی نەبێت دەبێت چ بێت ؟؟؟

سەرباکی پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە ، بەرازی بوون و رێگەدانی (کۆمینتێرن) دامەزراون . وەکو لە ل ٤ ٢ دا روونمان کردەوە ، (کۆمینتێرن) پش ئامراز و دارد ەستێکی دەستی سۆڤیەت بوو . هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە تاکو ئەورۆ ، تاکە بەڵگە و دیاردەیەك بەدی ناکرێت کەیەکێك لەو پارتانە سەرپێچی یان لە پێداویستی یەکانی سیاسەت و بەرژەوەندی یەکانی سۆڤیەت کردبێت . بەڕادەیەك وابە ستەی بوون و گەرمە تەریقەتن ، کە دەتوانین

بلێین ئەو ئیلتیزامە ئەخلاقی و پێویستەی نەتەوەیی یە ئازادیخوازەکانی میللەتێکی وەکو کورد بە نەتەوەکەی خۆیانەوە هەیانە و کۆمۆنیستەکان بە شۆڤێنیستی و دەمارگیری‌ی بۆیان تێ دەبەنەوە ، کە لە ئەسڵدا یێ بنچینەیە ، چونکە وەکو مامۆستایەکی هێژای کورد نوو سیویە ، ئەمە لەوە دەکات کە بلێییت (کار و بەرخ چاوی تەماعیان بریوەتە گۆشتی گورگ) ، دەتوانم زۆر بە راشکاوی بلێم ، ئەوان صەد هێندەی ئەوە و لەوەش بتر بۆ شۆڤێنیستن .

ئەو نموونانەی کاکی نووسەر لە سەرتاسەری ئەم گەشتە زانستانەیەدا پێش چاوی خستووین ، هەر لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا و هاریکاری‌یان لە گەڵ گورگێکی وەک ئەتاتورک دا ، تا دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی ئێران و بە شداری‌یان لە کۆماری گیلان دا و پاشان بەرهەڵدا کردنی کۆمارەکە و رووکردنە خوێنرێژیکی دەمارگیری بەکری گیراوی وەکو رەزا شا . (*) ئەوجا (تودە) ی ئێران و هەڵوێستی لەکۆماری ئازربایجان و کوردستان و هاریکاری لەگەڵ (قەوام سەلتەنە) و ئا لەم دوایی یە شدا لەگەڵ ئەو (روح الله) یەی رۆحیانی دا بە تەندوو ردا ، تا پارتی کۆمۆنیستی سوریا و هەڵوێستیان لە رژیمە یەک لە دوای یەکەکان و سیاسەتی نێو زراوی پشتینی عارەبی و پاشانیش کۆمۆنیستی عێراق و هەڵوێستیان

(*) عبد الصمد کامبخش ی کۆنە سکرتێری تودە دەنووسێت :(هەر لە سەرەتاوە مە سەلەی هەڵس و کەوت لەگەڵ رەزا شادا ، لە نێو حیزب دا پێش چاو دەخرا . زۆربەی هەرەزۆری حیزب وەکو کە سێک تێ یان دەروانی کە لە نێو جەرگەی جەماوەرەوە سەری هەڵدا وە . وەکو کە سێکی نیشتمان پەروەری دژ بە ئیمپریالیزم . هەڵوێستی ئەو کاتەی حیزب بەرامبەر رەزاخان ، لە سەر رووەری رۆژنامەکانی حیزب بە راشکاوی رەنگدەداتەوە وەکو کەسێک تێ یان دەروانی کە دەستی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بریوە ؛ هەوڵی بەهێزکردنی حوکومەتی مەرکەزی‌ی دەدات ، رێگە لە هێزە پێشکەوتنخوازەکان و کۆمۆنیست نابە ستێتەوە ، بۆیە سەرکردایەتی حیزب لەکارەکانی رازی بوون و لە سەر رووەرەکانی رۆژنامەی (حقیقت) ی حیزب شیعریان پێدا هەڵدەدا و دەیاننوسی :

بەرامبەر دیکتاتۆریکی وەکو قاسم و جووتە عارف و بەعسی دوای ١٩٦٨ و پاشان ئەو (بەرە نیشتمانی یە پێشکەوتنخوازە) ی خایەو مایەی خۆیان لە سەر دانا و بووە لەکەیەکی ئەبەدیی بە تەویلی کۆمۆنیستی عێراقەوە .

تا ئەمانە هەر هەمووی یەك راستی ی زەق و رەق و تەق نیشان دەدەن ، ئەویش ئەوەیە کە سەرپاکی ئەو هەلوێستانە نە لە بەرژەوەندی ی حیزبە کۆمۆنیستەکان خۆیان بووە ، نە لە بەرژەوەندی ی میللەتانی ئەو وولاتانە . بەلکە تەنها و تەنها خزمەتی بەرژەوەندی یەکی کاتی ی دەولەتی شوورەوی کردووە . بۆیە تا دێت ئەو حیزبانە روو لە پووکانەوە و کزی و کەنەفتی دەکەن و باری نێوچەکەش تا لە و ئالۆز و بالۆزیی یە دا چلوورەی بە ستووە و سەقام گیر بووە .

بە کوردی یەکەی ، ئەو حیزبانە خۆیان خاوەنی رای خۆیان و هەلوێستی خۆیان نە بوون . سایە و ساباتی سیاسەت و بەرژەوەندی یەکانی شوورەوی بوون . بە پێویستی یەکی بالاتر لە بەرژەوەندی ی و ئەرکی نیشتمانی ی هەلس و کەوتیان کردووە . تا ئەو سیاسەتە سەکە بۆ کێشراوە حالی شەریانی بە وە گەیاندووە کە گەلەك جار بە هەلپەرست و ئۆپورتونیست نێوزەد بکرێن .

ئێمە تاقە نموونەیەك بەدی ناکەین کە هەلوێستی پارتە کۆمۆنیستەکانی نێوچەکە بە مووە لە سیاسەت و بەرژەوەندی ی شوورەوی لای دابێت . لە حالەتێکدا گەر هەلوێستیان لە سەر وەختێك دا و لە شوێنێك دا ، پرا و پر وەکو ئەوەی سۆقیەت نەبووێت ، یەکێك یا لە یەکێك زێتر لەم چوار هۆیەی هەبووە :

١ ــ یا رژێمە روو بە سۆقیەت دەمەکە ، رووی بە پارتە کۆمۆنیستەکەی وولاتەکە نەداوە

ــــــ (من رەزا و تۆ رەزا ، میللەتی ئێران رەزا) !

بروانە : عبدالصمد کامبخش : " نظری بە جنبش کارگری و کمونیستی در ایران " ، انتشارات حزب تودۀ ایران ، چاپخانۀ " زالتس لاند " ، ١٩٧٢ ، ص ٣٢ــ٣٣ .

وەکو سەردەمێکی فەرمانڕەوایی ناصر لە میسر و سەردەمی عارفی یەکەم لە عێراق .

٢ــ یا شووڕەوی خۆی ڕایسپارد وون کە هەڵوێستی چاو زیت کردنەوە و زۆر بۆهێنان وەبەر بگرن ، ئەویش بۆ ملدانی زێتری ڕژێمەکە بۆ خواستەکانی شووڕەوی .

٣ــ یا حیزبە کۆمۆنیستەکە لە هەڵوێست وەبەرگرتن دا پەلەی کرد ووە و خۆی پێ ڕانەگیراوە ، وەکو هەڵوێستی کۆمۆنیستی عێراق بەرامبەر ڕێکەوتنەکەی ١٩٦٤ ی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد و ڕژێمی عارف .

٤ــ یاخود پێوەندی یە ئینتەرناسیۆنالەکە بە هەڵبەندەوە بچراوە و دەنگیان بە یەکدی یدا ڕانەگەیشتووە .

بریا کاکە فازڵ بە تاقە نموونەیەك دڵنیای کرد باین ، کەی و لەکوێ و چۆن تاقە پارتیکی کۆمۆنیستی وابە ستەی سۆڤیەت ، بەرژەوەندی یە نیشتمانی و نێوچەیی یەکانی پێش بەرژەوەندی یە ئینتەرناسیۆنالەکە ، یانی بەرژەوەندی یەکانی شووڕەوی خستبێت . ئەوان هەمیشە گوتەکەی (لینین) یان بە کردار تەرجەمە کرد ووە ، (قوربانی دان بە بەش لە پێناوی گشت دا) .

٢ــ سەبارەت بەوەی گوایە (لە سەردەمی بریژینێف دا ، وابە ستەیی پارتە کۆمۆنیستەکان بە سیاسەتی مۆسکۆ وە ڕوو لە زیادی بوو) .

ئەز پێم وایە گەر بشێت سنوور لە نێوان مەودای وابە ستەیی پارتە کۆمۆنیستەکان بە سۆڤیەتەوە ، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە بکێشین ، ئەوا هیچ کات بەو زەقی و ئاشکرایی یەی سەردەمی ستالین نەبووە . کە وا دەزانم ئەویش کۆمەڵە هۆیەکی هەیە کە دەتوانین گرنگترینیان بەم خاڵانە پەنجەژمێر بکەین :

١ــ بوونی کۆمینتێرن وەکو ڕوو پۆشێك بۆ پەیوەندی پەیوە ستی ی بە شووڕەوی یەوە .

٢ــ لە ڕووی نەفسی یەوە زۆری سەرکردەکانی پارتە کۆمۆنیستەکان هێشتا لە دڵەوە

باوەریان بەوە هەبوو کە شـووڕەوی ڕێبەر و پێشـڕەوی هێزی پرۆلیتاریـــای جیهان و پارتە کۆمۆنیستەکانە . هێشـتا سیاسەتی زل هێزانەی شـووڕەوی عەیان نەبوو بوو . عەیبەکانی ڕژێم و سـیستێمی ئەو وڵاتە ئاشـکرا نەبوو بوو.

٣ــ ئەو لێك ترازان و دووبەرەکی یانەی لە نێوەراستی پەنجاکان بە دواوە لە ریزی پارتە کۆمۆنیستەکان دا ڕووی دا ، کارێکی وای کرد کە لەوە پاش هوشیارانەترو ڕووپۆشـانەتر ئەو پێوەندی یانە بەرێ بخەن ، چونکە بە شـێکی زۆری ئـــەو دووبەرەکی یانە لە سـەر مەسـەلەی ئەو پێوەندی یانـە سـازا .

٤ــ خەتەری فاشـیزم و نازی ئالەمانیا و بۆن و بەرامەی بەربابوونی جەنگێکـــی جیهانی ، سـەرپاکی حیزبە کۆمۆنیسـتەکانی بۆ ئامێزی شـووڕەوی ڕاپێچ کرد و لە دەوری ڕێبەرایەتی یەکە دەوڵەتی کۆمۆنیسـتی کۆی کرد نەوە .

٥ــ نەفسـی چاوچلێسی و دیکتاتۆر ئامێزی سـتالین کە تەماعی داگیرکـــردن و بەربڵاوکردنی هێز و دەسـتەڵاتی خۆی لە دەروونی یدا قوڵبی دەدا .

هەر ئەو دەروونە چلێسـە دنەی دەدا ئەو تاوان وخوێنڕێژی یانە بکات ، کە کردی و زۆربەی هەرەزۆری حیزبە کۆمونیسـتەکانی جیهان چەپڵەیان بۆ دەتەقاند . زێتـــر لە دوملیۆن کە سـی لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیسـت و نەقابەکانی کرێکارانـــی گسـك لێ دا . دەیان هەزار نەفەری ئیعدام کرد . تەنها لە ئەندامانـــی کۆمیتەی مەرکەزی ی پارتی کۆمۆنیسـتی شـووڕەوی ، ٧٠٪ ی بە دار دا کردن . ٨٠٪ ی نوێنەرانی دواهەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیسـتی هەڵواسـی . ئـــەوەی مایەوە و خەڵەسـی ، بووە کۆیلە و خزمەتکاری یێ چەند و چوونی سـتالین .

سـێ سـاڵی تەواو دادگاکان خەریکی بەرێ کردنی قوربانی یەکانی ئـــارەزووی سـتالین بوون . سـەرپاکیان بە تۆمەتی خیانەت لە حیزب و تێرۆریسـتی و جاسـوسـی ئینگلیز و ئەمریکا و ئالەمانیا و ژاپۆن لە دار دران . تەنها کەسێك

که له ئاستی ئەو تاوانانەدا بە دەنگ هات ، تڕۆتسکی بوو . ئەو بووە هاواری دژی ئەو ڕەوشکۆژییەی ستالین لێ هەستا و ستالینی بە خایەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕژێمی سۆسیالیزم تاوانبار کرد . تڕۆتسکی ڕایگەیاند کە ئەو تۆمەتانە نەک هەر ڕاست نین و بە زۆری ئەشکەنجە قوربانی یەکان ناچار کراون دان بە خیانەتی خۆیان دا بنێن و ئەوە ڕوودا ئەوەبوو بیژووی تاکڕەوی و دیکتاتۆڕ ئامێزی ستالین نییە ، بەڵکە هەڵتۆقیوی سیستێمێکی پڕ هەڵە و یێ دادی حوکومەتێکە کە لە شووڕەوی یەدا بەر قەرارە .

تڕۆتسکی دەیگوت ، مارکس و ئینگلز و لینین هەمیشە کۆمەڵگەی سۆسیالیزمیان لە خەتەری بیرۆکراسی بە ئاگا هێناوەتەوە و هەوڵیان داوە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لێ بەدوور بێت . بەڵام ئەوەی ئەوان ترسیان لێ هەبوو ئەوڕۆ لە شووڕەوی یەدا حوکم فەرمایە .کەواتە خیانەت لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کراوە و ڕژێمی شووڕەوی لە سۆسیالیزم لای داوە و ئینحیرافی کردووە .

تڕۆتسکی گشت کۆمۆنیستەکانی جیهانی بۆ بەرهەڵستی ئەو لادانە بانگ دەهێشت. چونکە ڕێبەرانی (کۆمینتێرن) ی بە شەریکی تاوانی ستالین و ژێر دەستەی ڕژێمی بۆرۆکراسی شووڕەوی دەزانی ، بۆیە بانگی ئینتەرناسیۆنالی چوارەمی هەڵدا و ئالای دژایەتی ستالینی هەڵکرد .

دەسەرپاکی کۆمۆنیستانی ڕۆژهەڵات ، سەری ڕەزامەندی یان بۆ ئەو تاوانانە دەلەقاند . پێم وایە گەر ستالین سەرکردەی وولاتێکی کۆمۆنیست نەبایە ، هەر کۆمۆنیستانی جیهان هیچیان لە هێتلەر و مۆسۆلۆنی کەمتر پێ نەدەکرد .

بە بڕوای من ، بەراوردکردنی ئەو وابە ستەیی یە لە سەردەمی دەستەلاتداریتی یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی ، وەکو ئەوە وایە مرۆ بڵێت ئەم بەفرە لەو بەفرە سارد تڕە . چونکە کاری هەرە پێشی ئەوان ، بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەیە ، ئیدی کێ دەستەلاتدارە

گرنگ نی یه . که‌واته ئه‌و وابسته‌یی و پابه‌نده‌یی‌یه کوێرانه‌یه ، روود اوێك نی یه له سه‌رومختی بریژینێف دا که‌ف و کوڵی زیادی کردبێت ، به‌ڵکه به‌رده‌وامی ی ره‌وتێکه که هه‌ر له سه‌ره‌تاوه وه‌به‌رگیراوه . بۆیه راستتر وابوو کاك فازڵ بنووسێت (له سه‌رده‌می بریژینێف دا ، له کاتی بره‌و پەیدا کردنی گرنگی و بایه خی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راست له سیاسه‌تی سۆڤیەت دا ، گرنگی و بایەخی پارته کۆمونیسته‌کانی نێوچه‌که به نیسبه‌ت شوورەوی‌یه‌وه زوو له زیادی بوو) .

پاشان نووسه‌ر دێته سه‌ر باسی که‌مه‌نه‌ته‌وه‌یی کورد له شووره‌وی‌ی ، ده‌نووسێت : بێ شك که‌مه‌نه‌ته‌وه‌یی کورد له شووره‌وی‌ی ، له نه خشه‌و پلانی سیاسه‌تی سۆڤیەت دا ، که‌مه بایەخێکی هه‌یه . به‌ڵام ئامرازی سه‌ره‌کی ی مه‌یلی سۆڤیەت نی یه به‌لای کورد دا .

له نێوان سه‌ده‌کانی ۱۰ و ۱۲ دا ، مه‌ڵبه‌ندێکی زۆری قه‌فقاز که ئێستا به شێك کوردی لێ ده‌ژی ، له ژێر دەسته‌ڵاتی میرنشینی شه‌دادی دا بوو . جگه له‌وه کورد له سه‌ده‌کانی ۱۷ و ۱۹ وه بۆ کوردستانی ئه‌رمه‌نکه‌ی شووره‌وی‌ی ڕه‌ویان کرد ووه ، ئه‌و ڕه‌وکردنه سێ هۆکاری هه‌بووه :

۱ــ هۆکاری ئابووری‌ی ، که هه‌ندەك تیره و هۆزی کۆچه‌ری به‌ره‌و باکوور ڕامالێ ، به‌و هیوایه‌ی له‌وەرگای باشتر بدۆزنه‌وه .

۲ــ هۆکاری ئاینی ، هه‌ندەك تیره‌و هۆزی کورده یه‌زیدی‌یه‌کان له ده ستجه‌ور و زوڵمی موسڵمانان هه‌ڵهاتن .

۳ــ شه‌ڕی ڕووس و ئێران ، ڕووس وعوسمانی . ڕووس له جه‌نگه‌کانی سالانی ۱۷۲۰–۱۷۲۲ و ۱۸۰۴–۱۸۱۲ دا ژووروووی ئێرانی داگیر کرد که به شێکی مه‌ڵبه‌ندی کورد نشین بوو . هه‌روه‌ها له شه‌ڕه‌کانی ۱۸۵۳–۱۸۵۶ پاشان ۱۸۷۷–۱۸۷۸ ی ڕووس وعوسمانی بدا ، که هه‌مان سه‌رئه‌نجامی هه‌بوو . جگه‌له‌وه

هەندێ تیرە و هۆزی کورد لەوشـــەرانە دا دایانە پاڵ رووسـەکان .
ژمارەی کورد لە شـــووڕەوی ، تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە . رووسـیای
تەزاری لە ١٨٩٧ دا ژمارەی کوردی بە ١٠٠ هەزار کەس دادەنا . لە کاتی
دامەزراندنی یەکێتی سـۆڤیەتەوە ژمارەکان جۆراوازن . بۆ نموونە ١٩٢٩
ژمارەی کورد بە رەسـمی ٢٥ هەزار بوو . کەچی سـی سـاڵ دواتر ، یانـی
١٩٥٩ بووبوونە ٥٩ هەزار . (*)
بەڵام لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمی یەکان دا جۆرێکی دیکەیە . بۆ نموونە (ئاریستۆف)
لە ١٩٠٤ دا ژمارەی کوردی شـووڕەوی بە ١٦٠ هەزار داناوە .
دامەزراندنی یەکێتی سـۆڤیەت ، لەرووی کولتوریەوە پێشـکەوتنی چاکـــی
بەسـەر ژیانی کوردەکانی ئەوێ دا هێنا . ژمارەی خوێندەواران گەلەك بـاڵا
ڕۆیشـت . نووسـین و بڵاوکردنەوەی کوردی دەسـتی پێ کرد . بـــەڵام
هەمان کات بووە هۆی قرتاندنی پێوەندیی ئەو کوردانە بە کوردەکانی پارچەکانی
دیکەی کوردسـتانەوە . لە بیسـتەکان دا ، ئەوکاتەی پێوەندیی شـووڕەوی و
کەمالیسـتەکان لە شـکۆفە دا بوو ، سـۆڤیەت گەلەك گوندی کورد نشـیـــنی
لەسـەر سـنووڕەکانی تورکیا ، ڕاگوێـزا .
١٩٢٧ ، مەسەلەی دامەزراندنی کۆماریکی کورد لە شـووڕەوی ، لەلایـــەن
کاربەدەسـتانەوە خرایە بەر لێکۆڵینەوەوە ، بەڵام وەزارەتی دەرەوە ئەو پێشنیازەی
دایە دواوە . بەو بیانووەی گوایە پێوەندیی لەگەڵ ئێران و تورکیا دا شـلۆق
دەبێت ، کە ئەوکاتانە بۆ شـووڕەوی زۆر پڕ بایەخ بوو .
باری کورد لە سـەردەمی ستالین دا گەلەك خراپ بوو . لە سەردەمی خرۆشـۆف دا

(*) ماموستای هێژا هەژاری موکریانی لەو بارەوە گوتەیەکی نە ستەقی نوو سیوە ،
دەڵێت :(بە هۆی ساردی و سەرماوە ، کوردەکانی شووڕەوی لە زاو و زێ وە ستاون) .

گۆرانی چاکی بە سەردا هات . هەتا لە سەردەمی ئەندرۆف دا هیوای دامەزراندنی کۆماریکی کوردی یش گەشەی کرد . ئەوبش لەبەر ڕۆشنایی ئەو گوتەیەی ئەندرۆف دا کە لە نۆقەمبەری ١٩٨٢ دا گوتی :(ملیۆنەها ئاڵەمان و بولگار و سۆلۆنی و کۆریایی و کورد و نەوەی گەلەکانی دیکە ، کە لە مێژە سۆڤیەت بسۆتە نیشتمانیان ، هەمان مافی تەواوی هاونیشتمانیانی سۆڤیەتیان هەیە) .

پاشان نووسەر دێتە سەر باسی کوردۆلۆژی لە شووڕەوی . ئەوجا دێتە سەر باسی هەڵگیرانەوەو شێواندنی مێژووی کورد ، بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندی سۆڤیەت . پاشانیش با پێدانەوە و پە شیمان بوونەوە لە هەندێکیان . ئەومنر ئاشکرا دەکات کە گەلەك لەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کورد دەنووسرێن ، دە شاردرێنەوە و بواری دەست پێدا گەیشتنیان نی یە . هەتا هەندەك لە نووسەرانی کارنامەی دوکتورا ، بۆیان نی یە کارنامەکەی خۆیان کۆپی بکەن .

لێرە دا هەندەك لەو نموونانە پێش چاو دەخەین ، کە هەڵگیرانەوەی راستی یە مێژووبی یەکان ئاشکرا دەکەن :

١ــ شۆڕشی ١٩٢٥ بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران ، دژی تورکیای کەمالی ، ئەوکاتە لە لایەن شووڕەوی و کۆمۆنیستەکانی ئەوساوە بە شۆڕشێکی ئاینی ی کۆنە پەرستی بەکڕێگیراوی ئینگلیز لەکە دار دەکرا . ئەم هەڵسەنگاندنە یێ ویژدانانەیە تا چەند سالێکیش لەمەو بەر لە لێکۆڵینەوە زانستانەکان دا باڵی کێشا بوو . بەڵام چەند سالێکە بای پێ دراوەتەوە و بە ڕاپەڕینی کورد لە دژی کوشتاری خۆیناوی ی کەمالیستەکان نێو دەبرێت .

٢ــ هەڵوێستی شووڕەوی ی بەرامبەر پەیمانەکانی پاش جەنگی یەکەم ،کە چارەنووسی کوردیان براندبووەوە ، ڕوون بوو . دژی پەیمانی سیڤەر بوون کە بۆ یەکەم جار

لە سەر ئاستێکی نێودەوڵەتی ، مافی داهەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دانی پێدا نراوە . بە پەیمانی لۆزان رازی بوون کە کوردستانی لەت وپەت کرد و مافی کوردی ژێر پێ خست. کەرت کردنی کوردستان ، کە بەلای سۆڤیەتەوە سەر بە ئینگلیز بوون ، پێ بایە خـە . بەلام لەت کردنی تورکیا کە ئەوکاتە دۆستی نێزیکی شـووڕەوی بوو ، نا بە جێیە . ئێستاکە ئەو حاڵ و بارە ناوها هەڵدە سەنگێنن :

(ئینگلیز و فەرەنسی یەکان هەوڵیان دەدا ، باری نارەزایی کورد بقۆزنەوە و کۆمەك بە راپەرینەکانیان بکەن ، بە گفت و بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دژی تورکیا هەڵیانگیرێنن . کە تورکیا بەرژەوەندییەکانیانی مسۆگەر کرد ، ئەوانیش کوردیان بەرهەڵدا کرد) .

٣ــ گرنگترین رووداوێك لە بواری سیاسەتی سۆڤیەت دا بەرامبەر بەکورد ، مە سەلەی کۆماری مەهابادە . سالانێکی دوور و درێژ ئەم مە سەلە و رووداوە گرنگەیان دەشاردەوە و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دەربارە نە دەنوسرا . مە سەلەش ئەو دەلاقەی عەیبەیە بـوو ، کە شـووڕەوی لە ئاستی نێودەوڵەتی یدا پاشە کشەی کرد ، کوردیش هەستی دەکرد کە شووڕەوی بە گورگان خواردووی داون . لەو نووسینانە دا کە لە مێژووی ئێران و رۆژهەلاتی نێوەراست دەکۆلنەوە ، یا هەر هیچ ، یا زۆر کورت و سەربێی خـۆ لە قەرەی ئەو رووداوە دەدەن . هەتا لەوکتێبەدا ، کە بە نێوی (مێژووی دیپلۆماسی شووڕەوی ١٩٤٥ــ١٩٧٦) کە بە سەریەرشتی گرۆمیکۆ لە ١٩٨٠ دا چاپ کراوە ، لەگەڵ ئەوە دا کە زۆر مە سەلەی لاوەکی و کەم بایەختر باس دەکات ، بەڵام بە یەك وو شە خۆ لە قەرەی کۆماری مەهاباد نادات .

پێشەوا قازی محەمەد ، کە هێما و نیشانەیەکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە ، هەر لە سەرەتاوە ، لە چاپەمەنی یەکانی شووڕەوی یدا بە دۆستی شووڕەوی و زۆر بە چاکە باسی لێوە کراوە . کە چی لە پرێك دا ، لە کارنامەکەی دوکتۆر (عەزیز شەمزینی) دا کە بە نێوی (بزووتنەوەی نیشتمانی ی گەلی کورد لە ئێران ١٩٤٢ــ١٩٤٦ دا)

نوو سیویه و خۆی یەکێك له ئەفسەرەکانی کۆماری مەهاباد بووە ، پێشەوا دەکرێتە دەرەبەگێکی گەورەو سیاسەتمەدارێکی سەر بە ئەمریکا . له هەندەك لێکۆڵینەوەی شاردراوەش دا ئەو دوو دڕۆپەتی یە کاوێژ کراونەتەوە .

٤ــ مە سەلەیەکی دی کێشەی کورد و رژێمی قاسمە . له ١٩٦١ وە بۆ ١٩٦٣ هیچ کات له بلاوکراوەکانی شوورەوی یدا دژی ئەو تاوانانەی قاسم نەوە ستاونەوە . چونکە نەیاندەویست لەومرگای عێراقیان له کیس بچێت . بەڵام پاش سەرنگوم بوونی قاسم ، بلاوکراوەکانی شوورەوی (هەستیان کرد) کە قاسم تاوانکار و جەنگ هەڵگیرسێن بووە . بەعسی ١٩٦٣ بە تاوانکار و فاشیست و لەو بابەتانە پێش چاو دەخرا ، بەڵام بەعسی ١٩٦٨ کە پێوەندی ی چاکیان لەگەڵ شوورەوی یدا بەست ، بەو تاوانکاریە نەمان .

٥ــ هەڵسەنگاندنی پارتی دێموکراتی بارزانی ی نموونەیەکی دیکەیە . ئەم پارتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەوە ، تا ١٩٧٤ پێوەندی ی لەگەڵ شوورەی یدا چاك بوو . شوورەوی ی له دژی رژێمە یەك له دوای یەکەکانی عێراق پشتگیری ی لێ دەکرد . هەتا پێوەندی ی رە سمی یشیان هەبوو . بەڵام پاشان ئەمیش بە نەرێتی باسی لێ دەکرا . هەر چەندە له ١٩٦٦ وە ئەو حیزبە پێوەندی ی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دا هەبوو ، سۆوئیەتیش چاك لێ ی بە ئاگا بوو ، تا ١٩٧٤ کۆمەکیشی پێ دەکرد . تا ئەوکاتە زۆر بە چاکە باسی بارزانی و حیزبەکەی دەکرا ، چ له چاپکراوە گشتی یەکان و چ له لێکۆڵینەوە ئەکادیمی یەکان دا . بەڵام ئەوکاتەی حیزبەکە نەچووە بەرەی بەعس و کۆمۆنیستەوە و بێ رازی بوونی شوورەوی ی دژی بەعس جەنگا ، ئیدی حیزبەکەوتە بەر شالاوی چاپەمەنی یەکانی شوورەوی یەوە . هەتا بە جۆرێکی دی باسی سەرەتای حەفتاکان دەکرا ، ئەوکاتانەی کە بارزانی ی پێوەندی ی لەگەڵیاندا لەو پەری باشیدا بوو .

ئەو (پیرماکۆف) ە رۆژهەلاتناسەی کە یەکێك بوو لە لێ پرسراوانی پێوەندی ی کورد و شووڕەوی و بەردەوام سەردانی بارزانی ی دەکرد ،لە ١٩٧٩ دا کتێبێکی نووسی و کەوتە پێدا هەلشاخانی بارزانی ی . حیزبەکەی بەبەکرێ گیراوی ئەمریکاو ئیسرائیل نێودەبرد .

هەر لەگەڵ لە کۆتایی ١٩٧٠ لەگەڵ عێراق دا تێك چوون ، بلاوکراوەکانی شووڕەوی کەوتنەوە پێدا هەلدانی بارزانی ی . پراقدا گوتارێکی (لازاریف) ی بلاوکردەوە کە بارزانی ی بە (مەزنترین سەرکردەی سەدەی بیستەمی کورد) نێودەبات .

گۆنابی و سەرلەنجام

رۆژهەلاتی نێوەراست و نێزیك نێوچەیەکە کە چەندین کێشەی نەتەوەیی و ئاینی یان تێدا قەتیس ماوە . ئەو کێشانە کە بنجێکی قوڵیان لە مێژووی نێوچەکە دا چەقاندووە، لەم سالانەی دوایی دا ، بە گوشاری مل ملانێ و کێشمە کێشی زل هێزەکان لە هەڵچوون و کەف و کوڵ دان . ئەو وولاتانەی پانر یەکەم جەنگ لەم نێوچەیەدا هەڵتوقیون ، کە گەلەك جار وا پێ دەچێت بایەخێکی زێتریان پێ بدرێت لەوەی کە هەن ، بە پێچەوانەی ئەو گە شە سەروشتی یە مێژووکردەی نێوچەکەوە ، وەکو ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عارەبی ، یاخود بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ی هەندەك نەتەوەوە کە بە سەر چەند وولاتێکیاندا بە خشراونەتەوە ، وەکو کورد ، دامەزرێنراون و قوت کراونەتەوە .

کەواتە ئەو وولاتە تازانە ، بە پێی گە شەکردنە سەروشتی یە مێژووی یەکەی ئایین و نەتەوایەتی دانەمەزراون . بەڵکە زۆربەیان دەستکردن و پاش تەفر و تونا بوونی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ، بە پێی سوود و دەستکەوتی هێزە ئەورپایی یەکان تێرەکیون .

سیستێمی سیاسی ئەو وولاتانەی کوردیان بە سەردا تالان بەسەرکراوە، نە پلورالیزمن و نە دیموکراسی . ئەو دژایەتی یە تیکچژاوانەی جەرگەی ئەو وولاتانە، بەتایبەت کێشە چارەسەرنەکراوەکان، لەم شێستە سالەی دواییندا . هۆی هەمیشەیی ئەو گیژاو و شەڕە کوتەکە سیاسی یانە بوون کە هێزی نێوخۆیی ئەو وولاتانیان کز و کەنەفت کرد ووە .

پاش گور و تاوسەندنی بیری نەتەوایەتی لەم نێوچەیەدا ، بە تایبەت دوای جەنگی دووهەم ، بوون و مانەوەی ئەو وولاتە داتاشراوانە کەوتۆتە غەرغەرەوە . بیری نەتەوەیی عارەب ، کە ئامانجی یەکخستنی گشت عارەبە لە یەك نیشتمانی یەکگرتوودا ، ئاشکرا دژی ئەو سنوورە هەڵتوقیوانە دەوەستێتەوە . بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد کە ئامانجی دووری وولاتێکی یەکگرتووی کوردە ، قەوارە و دارەرای چوار وولات دەخاتە بەر تەوژمی مەترسی یەوە .

بزووتنەوەی ژیاندنەوەی ئیسلام ، کە مەسەلە تەنها گەرانەوە و پەنابردن نی یە بۆ ئاین ، بەڵکە هێنانەکایەی هێزیکی سیاسی حسێب بوکراوە ، ئەویش بە هۆی دانە دواوەی ئەوکولتورە سەپاوەی ئەورپاوە بە سەر نێوچەکەدا ، ئەو سنوورە قنجانە ژێر پێ دەخەن و هەوڵی گیرانەوەی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی یەکگرتوو دەدەن .

خزانە نێوەوەی سۆقیەت بۆ نێوچەکە و قڵپ کردنەوە و گورینی چەند دینگەیەکی هێز و دە ستەڵات لە سەراسەری جیهان دا ، بە تایبەت کزی و لاواز بوونی دە ستەڵاتی کۆنی هێزە ئەورپایی یەکان و بەرەو وگور پەیدا کردنی زل هێزەکانی رووسیا و ئەمریکا ، ئەوانیش خۆیان لە خۆیان دا هۆیەکی دیکەی گۆڕان لە نێوچەکە دا دەخەملێنن .

بە هاتنە نێوەوەی سۆقیەت بۆ نێوچەکە ، دە ستەڵات و هێزی پاوان کراوی رۆژئاوا

شـــلەقی و هێزە نێوچەیی یەکانیش مەودایەکی فراوانتریان بۆ ئاوالە بـــــــوو .
بەرادەیەك ، کە ئەوکێشـــە نێوچەیی یانەی لە نێوان دوو جەنگەکە دا تەوا و کپ و
خاموش کرابوون ، توانی بان جارێکی دی ســـەر هەلدەنەوە و گۆڕەپانەکە .
ئەم نێوچەیە ، تا دێت ، لە سیاسەتی زل هێزانەی ســـۆڤیەت دا ، بایەخ و نرخی
زوو لە زیادی دەکات .
هێزە ســـیاسی یە گۆڕەپانی نێوچەکە ، شـــێست ساڵیکە لەگەڵ هێزە
ئەورپایی یەکان دا ، لە دژایەتی و ملمالنێیەکی سیاسی وکولتوری دان . ئـــەم
بار و دۆخە ، هەل و دەرفەتی ئەوەی بۆ ســـۆڤیەت رەخســـاند کە لەگەڵ هەنـــدە
هێزیکی تازە پێداکەوتووی نێوچەکە دا ببێتە هاوکار و لە سەر ئاســـــــــتی
ئینتەرناسیۆنالانە بوونی بەگەن بکرێت . هەرچەندە مۆدێلی سۆسیالیزمەکـــــەی
ســـۆڤیەت گەلەك لە سەرچاوە رەسەنەکە دووركەوتۆتەوە و زۆر خە سڵەتی خـــــۆیی
لە دەســـت داوە ، بەڵام هەندەك هۆکار ، گەلەك هێزی نێوچەیی ناچـــــاری
هاریکاری و هاوکاری لەگەڵ کردن کردووە . لە حاڵ و بارێك دا ، کە لە شێستەکان و
ســـەرەتای حەفتاکان دا ، هەندەك رێبازی سۆسیالیستانەی ملۆزم بۆ ســـۆڤیەت پەیدا
بوو بوون ، بۆ نموونە وەکو رێکخراوانێکی سەر بە ماویزم و جیڤاریزم ، بـــــەڵام
لە نێومراســـتی حەفتاکانەوە ، ئەو رێبازانە پووکانەوە و مەیدانیان بۆ هێـــــزە
کۆمۆنیســـتە رەد ووکەوتووەکانی ســـۆڤیەت بەرهەڵدا کرد . ئەویش زێتر بە هـــــوی
ئەو هێز و گۆڕەوە کە ســـۆڤیەت وەك زل هێزێك لە نێوچەکە دا پەیدای کرد .
ســـۆڤیەت خۆشی دەستبەرداری بیر و بۆچوونە کۆنەکانی ستالینیزم بوو . جۆرەهـــا
شێوە و شێوازی هاریکاری و هاوکاری لەگەڵ هێزە ناکۆمۆنیستەکان دا گونجانـــد .
بەتایبەت لەگەڵ هێزە ناســـیۆنالیســـتە گەشکردووەکان دا . لەو رێگەیـــــەوە ،
ئاســـۆیەکی فراوانی بێ کەوشـــەن لە بەردەم هاتنە نێوەوە و تین و تاو پەیدا کردنـــی

سۆڤیەت لە نێوچەکە دا ، ئاوالە بوو .

لە پاش دووەم جەنگی جیهانی یەوە ، بواری راستەوخۆ هاتنە نێوەوەی سوپایی بۆ ئەم نێوچەیە ، لەبەردەم هێزە ئەوروپایی یەکان دا ، تەواو تەسک بووەوە .

بە پێچەوانەی ئەوەوە ، هەل و دەرفەتی هاتنە نێوەوە و پایگا پەیدا کردن بۆ سۆڤیەت ئاوالە و زوو لە زیادی بوو . بۆ هێزە ئەوروپایی یەکان زێتر دەروازەی وابە ستەیی تەکنۆلۆژیا و ئابووری کرایەوە ، بەلام بۆ سۆڤیەت هاوبەشی و لە کاتی پێویستیش دا پشتگیری و کۆمەکی سیاسی و سوپایی . هەر بەو هۆیەوە پێوەندی ی ئابووری ی سۆڤیەت لەگەل وولاتانی نێوچەکە دا زێتر لە سەر ئاستی سیاسی وعەسکەری دایە ، کۆمەکی چەک و تەقەمەنی و شارەزایانی مەیدانی جەنگە . ئەمە جگەلە هۆکاری باری سەپاوی ئابووری ی جیهان و پاشکەوتنی سۆڤیەت لە مەیدانی تەکنۆلۆژیای بە فرۆخت دا .

ئیدی ئەمە مانای وانی یە کە سۆڤیەت پشتگیری هەموو هێزیکی بەرهەلستکاری نێوچەکە بکات ، نەخێر ، گەلەك جار کە سۆڤیەت بواری پێوەندی یەکی چاکی لەگەل یەکێك لە هێزە مەرکەزی یەکان دا بۆ هەلدەکەوێت ، ئیدی هێزە بەرهەلستکارەکە بەلایەوە فت دەبێت . بەلام بە شێوەیەکی گشتی ، وەکو زل هێزێك ، جار جارە پێویستی بەو جۆرە ئامراز و هێزانە ش دەبێت . هەلتەکاندن و نە خشەکێشانێکی نوێی نێوچەکەش لەبەرژەوەندی یەتی .

بزووتنەوە نیشتمانی یە جودا خوازەکان ، کە زێتر ئاوازی سەربەخۆیی دەخوێنن ، دەتوانرێت بکرێنە چێترین نموونە بۆ دەست نیشان کردنی سیاسەتی سۆڤیەت لە نێوچەکە دا . ١٩٢٠ شوورەوی ی پشتگیری ی لە دامەزراندنی دوو کۆماری ئازاد لە گیلان و ئەرمینیا کرد ، یەکەمیان بە هیوای جێ پێ بوونە یەك لای حوکومەتی مەرکەزی ی ئێران ، کرایە قوربانی . دووهەمیش حووتی

دەوڵەتی سۆڤیەت هەڵی لووشی . ١٩٤٥ هەمدیسان سۆڤیەت لە جوونە کۆماری سەربەخۆی ئازربایجان وکوردستان پشتگیری‌ی کرد . ئەوانیش پاشان بەهۆی پووچەڵی سیاسەتی نەوتاوی سۆڤیەت خۆی و بە زۆربۆهێنانی هێزە ڕۆژئاوایی یەکان ، بە دەردی ئەوانی دی چوون .

(ئەوڕۆکە ، بە هۆی بڕەو وجێ پێ پەیدا کردنی سۆڤیەت و لە کزی وکەمی دانی توانای ڕۆژئاوا لە نێوچەکە دا ، ڕەنگە هەوڵی لەو بابەتە سەرگرتوو تر بێت) .

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

* * * *

(پاشەکی و بەدوودا چوونەک)

هەر لە چاپ و کۆپی کردنی ئەم کتێبولکەیە بوومەوە ، دەم و دەست دانەیەکم بە نە بە ستراوی بۆ کاك فازڵ نارد . هێشتا خەریکی جەز و بەندی ئەو چەند ژمارەیە بووم کە بۆ بڵاوکردنەوەم ئامادە کردوون ، نامەیەکی کاك فازڵ گەیشتە دەستم . تکای لێ کرد بووم کە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەم رابگرم و بسواری ئەوەی بدەم هەندێ سەرنجی خۆی سەبارەت بە پێداچوونەوەکەم بنووسێت و لەگەڵ کتێبەکەم دا بۆی چاپ و بڵاوبکەمەوە .

هەرچەندە داوایەکی کەمێك سەخت بوو ، چونکە نێزیکەی ٣٥ دانەیەکم بەدیاری بۆ دۆستانم و داو و دەزگە کوردۆلۆژیەکان نارد بوو . بە ستەیەکیشم بۆ برایەك نارد بوو کە بۆم بڵاوبکاتەوە . ئەمە جگەلەوەی پێم وابوو کە دەمەتەقێ و مشت و مڕێکی برایانە و سوود بەخشانە لە سەر رووپەری یەکێك لە بڵاوکراوە کوردیەکانی ئەورۆپا دڕێژەی پێ بدرێت لەبارترە . بەڵام نەبوونی بڵاوکراوەیەکی ئەوتۆ کە بەردەوام بەڕێك و پێکی دەربچێت و نادڵنیاییم لەوەی ئاخۆ ئەو گۆڤارە بە دەست خوێنەرانی ئەم کتێبولکەیە دەگات ، لە پاڵ ئەوەشدا بڕوای تەواوم بە ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنە بۆ سوود بێت نەك بۆ ڕەخنەی بریاری ئەوەی پێدام کە بڵاوکردنەوەی کتێبەکە ڕابگرم و وەك ڕێگەم بە خۆم داوە بکەومە وێزەی کارنامەکەی کاك فازڵ ، هەل و دەرفەتێکی ئازاد بۆ ئەویش بڕەخسێنم کە بەریەرچم بداتەوە و لە سەر خۆ بکاتەوە و هەڵەم بۆ هەڵگرێتەوە . بۆیە کاك (فازڵ) م سەرپشك کرد ، چۆن دڵی دەخوازێت بنووسێتو گفتی ئەوە شم دایە کە هەرچی یەك دەربارەی دە نووسێت ، ئەرکی چاپ و

بلاوکردنەوەی دەگرمە ئەستۆ .

بەو بڕیارەم مافیکم بەودا و دەروازەی مافیکم لە سەرخۆم بەست .

چونکە ئەو بەڕەچ دانەوەی کاك فازڵ نووسیویە ، گەر تەوا و تەواو وەکو پێویست هەڵی سەنگێنم و هەڵی تەکێنم و وەرامێکی ئەوتۆی خاڵ بە خاڵی بدەمەوە کە خۆینەر لە هەردوکمان بگات ، ئەوا دەبێت هەمدیسان بیست تا سی لاپەڕەی دیکە بنووسم . ئەوکاتە رەنگە ئەویش وەرامی هەبێت ، یانی ئەم پاشکۆیە لە خۆینەر دەکەینە (مەتەلوکەی مێشی) و کۆتایی نایەت ، کە دیارە لە کتێبێکی ئاوهادا دەست نادات .

بۆیە ناچارم ئەو مافەی خۆم ژێر لێو خەم و دەقی وەرامەکەی کاك فازل هەروەکو خۆی ، بێ هیچ دەستکاری و راستکردنەوەیەکی زمانەوانی و ڕێنووسی بڵاودەکەمەوە و ئەوەندەی پێویست بکات تەلەگراف ئاسایی بەدەنگ دێم و لە پەراوێز دا خۆم روون دەکەمەوە . تکاش لە خوێنەرانی بەڕێزدەکەم کە دەقی ئەو خاڵانەی کاك فازل پێش چاوی خستوون لەگەڵ دەقی نووسینەکەی من دا ، بەوردی بەراورد بکەن ، ئەوکاتە زۆر مەبەست ئاشکرا دەبێت .

چەند سەرنجێکی سەرپێی لە پێداچوونەوەکەی کاك کورد وەهلی

کاکی بەڕێز کورد وەهلی ، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی

بەکارنامەی دوکتۆراکەم دا بۆناردم ، بەڵام پاش ئەوەی لە چاپی دا بوو .
لەگەڵ ئەوە شدا ئامادەبی خۆی دەربڕی بۆ لە چاپ دانی ئەم سەرنجانە ،
کەوەکو پاشکۆیەك لەگەڵ نوسینەکەی خۆی دا بڵاوی بکاتەوە . ئەوەش کارێکە
شایانی تەقدیر و سوپاسە .

بێ گومان ئەگەر نوسینەکەی کاك کوردۆم پێش لە چاپ دانی ببینیایە
دەم توانی وردتر و قوڵتر لە هەندێ خاڵی بکۆڵمەوە و چەند سەرنجێکی
نوێی خۆم دەربارەی هەمان کارنامەی دوکتۆرا بخەمە سەری . بەڵام بەم پەلەیە
کارێکی وا لەم پاشکۆیە دا جێی نابێتەوە . بۆیەکا تەنها هەندێ روون کردنەوە
دەخەمە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز ، کە ئەرکی تێ گەیشتنی کارنامەکەو
نوسینەکەی کاك کوردۆ ئاسان تر دەکات .

پێشەکی سوپاسی کاك کوردۆ دەکەم کە ئەوەندە بە وردی بەکارنامەکە دا چوتەوە
هەوڵی داوە بە خوێنەری کوردی بناسێنێت . لە راستی دا هەندێك کەم و کوڕی
کارنامەکەم لە خۆیشم شاردراوە نیە ، وەکارنامەکە بەو شێوەیە ئامادەی
بڵاوکردنەوە نیە و تەنها چەند کەمێی یەکی پێشکەش بە دانیشگا کراوە .

هەر لەوکاتەیشەوە خەریکی پیاچوونەوە و ڕێك و پێك کردنیم بە نیازی لەچاپ دانی
وەکو کتێبێك (بە زمانی ئەڵمانی) کە هیوام وایە سەرەتای ساڵی داهاتوو
بکەوێتە دەست خوێنەران . لە هەمان کات دا خەریکی ئامادەکردنی چاپی
عارەبی کارەکەم کە ئەویش تا کۆتایی ١٩٨٧ ئامادەی چاپ دەبێت .

دەتوانم هەڵسەنگاندنەکەی کاك کوردۆ بکەم بە سێ بە شەوە :

١ــ هەندێ ڕەخنەی بە جێ و ڕاستی لە کەم و کوڕی یەکانی کارنامەکەم ، کە وەکو

وتم زۆربەیان لای خۆیشم ئاشکران و لە نو سینەوەی سەر لەنوێی کتێبەکەم دا رەچاوم کردون ، لەگەڵ ئەوە شدا سوپاسی دەکەم کە سەرنجی بۆ هەندێ لایەن راکێشاوم کە لای من روون نەبوون ، یا کەوتومەتە هەڵەوە دەربارەیان ، بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی تەواوەوە .

٢ــ هەندێ رەخنە و پر سیاری کاك کوردۆ ، کە دەگەڕیتەوە بۆ لەیەك نەگەیشتن ، وە لێرە دا دەست نیشانیان دەکەم .

٣ــ هەندێ رەخنە و بیر و ڕای تر کە بە پێی زانیاری و بۆچوونی ئەو جۆرێکن ، بەڵام لە سنووری زانیاری من دا و بە پێی بۆچوونم جۆرێکی ترن . لێرە دا یان سەر چاوەکانمان جیاوازن (زانیاری هەر کە سێکیش سنووری هەیە) وەیان بۆچوون و روانگەی سیاسیمان جیاوازە . بۆیەکا ئەنجامی شی کردنەوەکانمان جیاواز دەردەچن .

بێ گومان هەڵێکی باش دەبوو ئەگەر بمان توانیایە ئەو بۆچوونە سیاسی یانەش یەکاڵا بکەینەوە و لەڕێی مشت و مڕێکی دۆستانەوە بیر و ڕاکانمان ، کە پشت بە سەرچاوەی جیاواز دە بەستن ، بخەینە بەردەم خوێنەران . بەڵام چونکە بوارەکە تەسکە ، وا لێرە دا بە کورتی هەندێ سەرنجی سەرپێی دەنوسم کە هیوادارم کارەکەی کاك کوردۆ ڕوون تر بکاتەوە . لە ناو دوو کەوانە شدا ژمارەی لاپەڕەی نو سینەکەی ئەو دەکەم کە ئەو مە سەلەیەی تێدا هاتوە .

یەکەم : دەربارەی سەرچاوەکان :

١ــ وتارەکەی (ن . بێ کەس : خیارات للسیاسة السوفیاتیة تجاه المسالة الکردیة) کە کاك کوردۆ دە پرسێت بۆچی ئیشارەتم بۆ نەکردوە .

هەمان تەرجومەی عەرەبی ئەو وتارەیە کە کاك سیامەند زەید عوسمان بە فەرەنسی (و بە فارسیش) بڵاوی کردبۆوە و سودێکی زۆرم لێ وەرگرتووە و ئیشارەتم بۆ کردوە (بنوارە کوردۆ ، ل ٣—٤)

٢— ئاگام لە کارنامەی دوکتۆراکەی (ولسن ناتالی هاول) هەیە . تەنانەت فۆتۆکۆپی هەندێ لاپەرە شی گەیشتبوە دەستم ، بەڵام دەقی کارەکە کە داوام کرد بوو زۆری خایاند تا گەیشتە دەستم و من لە بەشی هەرە زۆری کارنامەکەم بوبوومەوە و لە چاپم دابوو . بەڵام لە پیاچوونەوەی نوێی کارەکەم دا و ئامادەکردنی وەکو کتێبێك ، سودم لەو کارنامەیە وەرگرتوە و زانیاریەکانیم رەچاو کرد ووە ئیشارەتم بۆ کردوە .

٣— پرسیارەکەی کاك کوردۆ دەربارەی ئەرشیفی تایبەتی خۆم و تەمەنم ! (کە دەڵێت ناگونجێ بیست ساڵ خەباتی سیاسی کردبێت ئەگەر ١٩٥١ لە دایك بوبێت) ، بەڵێ یە . بەڵام راستی یەکەی وایە کە من بە هۆی هەندێ گیرمەو کێشەی سیاسی یەوە کە لێرە دا جێی باس‌کردنیان نیە ، میژووی لە دایك بوونم لە نەمسا بە هەڵە نوسراوە (کە ئێستە خەریکی راست‌کردنەوەیم) .

لە راستی دا سەرەتای ١٩٤٨ لە دایك بووم ، بەڵام لە پێشکەش‌کردنی کارنامەکەم دا ناچار بووم هەمان میژووی لە دایك بوون بنوسم کە لە پاسپۆرت و بەڵگە شەخسی یەکانم دا نوسراوە (١٩٥١) . بە هۆی هەڵگیرسانی شۆرشی کوردەوە زۆربەی لاوانی ئەو سەردەمە زۆر زوو دەکەوتنە مەیدانی سیاسەتەوە . بەش‌بە حاڵی خۆم پایز و زستانی ١٩٦٣—١٩٦٤م لە زیندان‌دا بە سەربرد ، کە بیست ساڵ لە مەوبەر زیاترە ، (کوردۆ : ل ٤) .

٤ــ ئایا دوکتۆر کەمال فوئاد ، کە یەکێکە لەو کە سانەی گفتوگۆم لەگەڵ ئەنجام داون و یارمەتی یەکی زۆری داوم ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوە ؟ (کوردۆ : ل ٥) . لە راستی دا کاك کەمال فوئاد لە سەرەتای شۆرشی کوردەوە لە کار و باری پەیوەندی یەکانی دەرەوە دا دەورێکی باڵای هەبوو . لە کۆبونەوەی ١١/ ١٠/ ١٩٦٤ دا هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە سەرۆکایەتی خوالێ خۆش بوو بارزانی . دوای ئەوەش لە سالانی ١٩٦٧ــ ١٩٧٠ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد ستان ــ باڵی مەکتەبی سیاسی بوو .

تۆمار کردنی ئەم راستی یە مانای شەرعیەت دان بە لایەنێکی پارتی نی یە . شۆرشی کورد لە سالانی ١٩٦٤ــ ١٩٧٠ تو شی دو بەرەکی و شەری برا کوژی بوو وە پارتی بوە دو بە شەوە . بە شێکی بە سەرکردایەتی بارزانی و ئەندامە سەرکردەیی یەکانی وەکو مامۆستایان د . محمود عثمان ، سامی رەحمان ، نوری شاوەیس ، علی عبدالله . وە بە شێکی کە بە باڵی مەکتەبی سیاسی ناسراوە بە سەرکردایەتی مامۆستایان ابراهیم احمد و جەلال تاڵەبانی وعومەر مستەفا .

کارنامەی دوکتۆراکەی من جێی شی کردنەوەی شەرعیەت و راستی و نا راستی لایەنێك نەبوە چونکە کارێکی وا لە سنور و ئامانجی نو سینەکەی من بەدەر بووە(*). ٥ــ دەربارەی نامەکەی ژ . ك بۆ بارزانی کە لە پاشکۆی نامەکەم دا بڵاوم ــ کردۆتەوە (کوردۆ : ل ٧٣) . کاك کوردۆ دەڵێت کە بۆ یەکەم جار نەرمین

(*) تکایە بڕوانە لاپەرەکانی ٤ــ٥ ، ئاخۆ من دا وای ئەوەم لە کاك فازڵ کرد ووە؟ یاخود تەنها پرسیومە بۆ سالەکانی ئەندامێتی کۆمیتەی نێوەندی کاك کەمال لەنێو ئەو هەموو پرس پێ کراوانە دا نە نوو سراوە . بە بۆچوونی خۆم هۆکەیم دیاری کرد ووە هەرواش دەرچوو .

ابو بکر له گۆڤاری د راسات کرد یة ی معهد ی کورد ی پاریس د ا سه‌ره‌تای ۱۹۸۵ بڵاوی کرد وته‌وه . کارنامه‌که‌ی من پێش کۆتایی ۱۹۸٤ ته‌واو بووبو وه د رابـــوه ده ســت پرۆ فیسۆره‌کان بۆ لێکۆڵینه‌وه و قبوڵ کرد نی . ئینجا حوزه‌یرانی ۱۹۸۵ به ره سمی پێشکه‌ش کراوه و د وکتۆراکه‌یان د اوه‌تێ . ئه‌وکه سانه‌ی خه‌ریکی کـاری د وکتۆران د ه‌زانن که له نێوان ته‌واوکرد نی کارنامه و قبوڵ کرد نی ره ســمی د ا به‌ڵای که‌مه‌وه چه‌ند مانگێکی پێ د ه چێت . به هه‌رحاڵ بڵاوکرد نه‌وه‌ی نامه‌کـــه هیچ هونه‌رێکی منی تێد ا نی یه . منیش له هه‌مان معهد ی کورد ی پاریس‌ه و ه ده ســتم که‌وتبو وه کاك سیامند عوسمان له‌گه‌ڵ هه‌ندێ نوسینی به که‌ڵکی تێد ا بۆی ناردم و نوسیبوشی که له ژماره‌ی به هاری گۆڤاره‌که‌یان د ا بڵاوده‌کرێته‌وه . به‌ڵام به د اخه‌وه ئاگام له کتێبه‌که‌ی ماموستا کریم حســامی نیه و تا ئێســته نه‌م د یوه ، که بێ گومان به که‌ڵك د ه‌بێت بۆ پێد اچوونه‌وه‌ی له‌مه‌و د وام .

٦ــ هه‌ندێ ســه‌رچاوه که که کاك کورد و ئیشاره‌تی بۆ د ه‌کات و د ه‌یان توانـی چه‌ند لایه‌نێکی کاره‌که‌م (به تایبه‌ت د ه‌باره‌ی ئێران) روون تر بکه‌نه‌وه ، به‌رچاوم نه‌که‌وتوون و نه‌م توانیوه سود یان لێ وه‌رگرم . وه‌ك کتێبه‌که‌ی ماموستا حســـامی . هه‌روه‌ها انور خامه‌یی : فرصت بزرگ از د ست رفته . عمید نوری : گذ شـــته چراغ راه اینده است . . . . . که هیوام وایه پێش له چاپ د انی کتێبه‌که‌م د ه ســتم بکه‌ون و سود یان لێ وه‌رگرم .

<u>د ووهـــه‌م : هـــه ند ێ روون کرد نه‌وه‌ی تـــر :</u>

ا ــ کاك کورد و (ل ۸٦) د ه‌لێت که له کارنامه‌که‌م د ا ناوی (فرقه‌ی د یموکراتی ئازربایجان)م به پارتی د یموکراتی ئازه‌ربایجان هێناوه ، منیش ئه‌زانم که ناوی

فرقه به فارسی وئازەری وایه و له ناوکوردی خۆیشمان دا هەر به فیرقـــه ناســـراوه . بەلام به زمانی ئەلمانی هیچ وشەیەکی گونجاوم بۆ فرقـــــه نه دۆزیەوه . دەبوو یا (Partei) وەیان (Organisation) بەکار بهێنم ئەگینا زیاتر ســـەر له خوێنەری ئەلمانی دەشـــێوا . (*)

۲ــ کاك کوردۆ (ل ۸۳) دەڵێت که حیزبی کۆمۆنیستی عیراق هـــــه رگیـــز دانی به مافی چارەنوسی کوردا نەناوه . (**) له راســـتی دا هەڵوێستی ئەم حیزبه توشی گۆران وبادانەوەی زۆر بوه . له رۆژنامەی کفاح الشـــعب ی سالی ۱۹۳۵ دا فهد داوای سەربه خۆیی کوردستان دەکات . له ژمارەی تشرینی دوهەمی ۱۹٤٥ ی القاعدة ، دوای کۆنگرەی حیزب هەمان فهـــد به ئاشکرا مافی دیاری کردنی چارەنوسی کورد دەسەلمێنێت .

بەلام حیزب له پەنجاکان دا ، به تایبەت دوای ۱۹۵۸ سیاسەتیکی ناڕاستی بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد گرتەبەر . که به دڕیژی له کارنامەکـــــــەم دا شـــی کراوەتەوە و ڕەخنەی لێ گیراوە .

۳ــ سەردانی نهێنی مامۆستا جلال طالبانی بۆ مۆسکۆ (۱۹٦۳) پێچەوانـــەی بڵاوکردنەوەی گفتوگۆکەی نێ یە له رادیۆی مۆســـکۆوە (کوردۆ :ل ۱۱٤) . ئەو دوو مەسەلەیە له دوو سەرچاوەی جیاوە وەرگیراون و ئیشارەتیان بۆ کراوە . سـەردانی نهێنی مانای سەردانی نارەسمی یە که دەوڵەتەکە بڵاوی ناکاتەوە .

(*) ئێســـتا له فەرهەنگم ڕوانی ، دیتم بەڵگەکەی بەجێ یەو ڕەخنەکەی من پووچ دەکاتەوە .

(**) تکایە بروانە ل ۸۲ــ۸۳ ، من ووشەی (هەرگیز) م هەرگیزا و هەرگیـــز بەکارنەهێناوە ، چونکە مانایەکی موتڵەقی هەیە . بەڵکە نووسیومە وەك کاك فازڵ دەڵێت :(پارتی کۆمۆنیست هەر له سەرەتای دامەزراندنی یەوە . . .) واتە لەوکاتەوە که دامەزراوە ، بەڵگەکانیشم دوو سەرچاوەی پارتی کۆمۆنیست خۆیەتی .

گفتوگۆ لە رادیۆ بڵاوکردنەوەش مانای ئەوە نیە کە ئەوکە سە لە هەمان کات دا لەو وڵاتەیە ، یاخود بە رەسمی لەو وڵاتەیە .

٤ــ دەربارەی رادەی سەربەخۆیی حیزبە کۆمۆنیستەکان (کوردۆ :ل ١٢٦)

من بە دڕیژی باسی دەسەڵاتی شورەوی و کلکایەتی ئەو حیزبانەم کردووە .

بەڵام هەندێ جار ئەو نا سەربەخۆیی یە بێ سنوور نەبوە و ناوبەناو جیاوازی هەڵوێست تێبینی کراوە لە نێوان شورەوی و ئەو حیزبانە دا ، وەك نیشانم داوە . دەبێت رەخنە لە کلکایەتی ئەو حیزبانە بگیرێت . بەڵام ئەو حیزبانە و کۆمینتێرن و کۆمینفۆرم وەکو دارددەستی شوورەوی و بان دەسگای جاسوسی لەقەڵەم دان کارێکی نازانستی یە و لەگەڵ هەندێ راستی هێزوودا ناگونجێت . (*)

ەــ کاك کوردۆ بێ بەڵگە لە سەر هەندێ شتی نوسیوە کە بەلای منەوە کەوتوتە هەڵەوە . بۆنمونە (کوردۆ :ل ٩٧) دەڵێت : ئەو دکتۆر جەلال ەی لە کۆتایی شەستەکان دا لە کوردستانی ئێران وعیراق بوە، پیاوی ساواك بووەو ناوی راستەقینەی هاشمی شیرازییە .لەراستی دا ناوی راستی دکتۆر جلال ، کۆرشی لاشائی بوو. ئەوسا مارکسی یەکی ناودار وچالاکی ئێرانی بو لە ئەڵمانیا . ئینجا لە کاتی راپەرینەکەی شەهیدان سولەیمانی معینی (فائق) وەلا ئاوارە وشەریف زادە دا بە کوردستانی عیراق دا چوە کوردستانی ئێران وپاششکانی راپەرینەکە گەرایەوە ئەم دییــــــــو . (**)

(*) ١ــ من جودا وازی لە نێوان (کلکایەتی) و (داردەستی) دا نابینم، پێم وایە (کلکایەتی) ماناکەی لە (داردەستی) دزیوترە .

٢ــ من ئەو حیزبانە وکومینتێرن بە دەستگای جاسوسی لەقەڵەم نەداوە ، بەڵکە نووسیومە (ستالین کۆمینتێرن ی هەڵوەشاندەوە و دەستگایەکی جاسوسی بە نێوی کۆمینفۆرم ەوە لە جێگە دانا) . بڕوانە ل ٣٧ نووسینەکەم .

(**) ئەو زانیاریانەم لە کۆنە کاربەدەستێکی رۆژنامەی (النور) وەرگرتووە ،کەئاگاداری هەندێك لەو پەت بازییانە بووە .

سێی هەم : چەند سەرنجێکی بنەڕەتی تر :

١ــ بەشی زۆری نوسینەکەی کاك کوردۆ پیاچوونەوە و بەکوردی دارشتنی کارنامەکەی منە کە جێگەی سوپاسە ، بەڵام لەزۆر شوێن دا دیار نیە کامە قسەی منەو کامە هەڵسەنگاندن و بیر ورای خۆیەتی . باشتر وا بوو دەقی نوسینەکانی من یان کورتکراوەی نوسینەکانی من لە ناو دوکەوان دا لە سەرنجەکانی خۆی جیا بکاتەوە . (*)

٢ــ کاك کوردۆ رەخنەم لێ دەگرێت کە لەگەڵ هەندێ سەرکردە ولێ پرسراوی کوردا گفتوگۆم کردوە کە جێگەی متمانە نین و دەوریان بوە لە ڕوخان و شکانی شۆڕش دا . لە ڕوانگەی کارێکی زانستی یەوە ئەم دوشتە جیان . گفتوگۆ لەگەڵ ئەو بەڕێزانە دا مانای هەڵسەنگاندنی دەوری سیاسی یان نیە . ئامانجی کارنامەکەی من لێ کۆڵینەوەی پەیوەندی کورد و شۆڕەوی یە لە چوارچێوەی سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی دا . بۆ باسێکی واش کە سەرچاوەی نوسراوی کەمە ، لەگەڵ کێ دەتوانرێ گفتوگۆ بکرێت جگە لە وکە سانە ، کە هەریەکەیان بە جۆرێك و لە کاتێك دا ئاگاداری پەیوەندی یەکانی دەرەوەی شۆڕش بوون . (**)

بێ گومان لە هەندێ قسەکانیان دا بە پێی بۆچوون و بەرژەوەندی سیاسی خۆیان قسە دەکەن و هەوڵ دەدەن خۆیان ڕاست و ناحەزەکانیان ناڕاست، خۆیان چەپ و ئەوانی تر ڕاست لەقەڵەم بدەن . من هەوڵم داوە خۆم لەو گێژاو و (شەڕ بە کۆنە قین) ە لادەم و تەنها جەوهەری قسەکان وەرگرم کە پەیوەندیان

(*) ڕەخنەیەکی پە سەندە ، ئەو هەڵەیەم لە چەند نووسینێکی پێشتریشدا کردووە .
(**) کاك فازڵ یا خۆی هەڵە دەکات ، یاخود لێم حاڵی نەبووە . من ڕەخنەم لەو نەگرتووە ، ڕەخنەم لەو فیشاڵ بازانە گرتووە کە ڕاستی لەو میللەتە دەشارنەوە و شەشی لێ دەکەنە بێش . ئەوەتا دێرێك پاشتر کاك فازڵ خۆیشی پێی لەوە دەنێت .

به باسەکەمەوە هەیە . بەڵام چ سەرچاوەیەك ، چ کتێب و وتار نوسێك هەوڵ نادات بە پێی بوچوونی خۆی بنووسێت ؟

ـ کە چی دەبینین کاك کوردۆ بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەندێ لەو زانیارییانە پشت بە مامۆستا هەژاری موکریانی دەبەستێت ، کە لە پێشەکی شاکارەکەی دا (شەرەفنامە) ئەویش بە پێی هەڵوێستی خۆی هۆیەکانی ناکۆکی ١٩٦٤ لێك دەداتەوە و کە سانێك گوناهبار دەکات . (*) بێ گومان نوسینەکەی ئەویش جیاناکرێتەوە لە هەڵوێستی و شوێنی دیاری مامۆستا هەژار لەو کاتە دا . (کوردۆ . ل ٩١ـ٩٢) .

ـ یا بۆ بەڵگەی جاسوس بونی د . مراد رزم ئاور پشت بە راپۆرتێکی علی قازی دەبەستێت بۆ دەستگای جاسوسی ئەمریکا ، کە دیسان بەڵگەیەکی بێ هێزەو ئامانجە سیاسی یەکانی ڕوشن . (**)

(*) جارێ لە پێشەکی شەرەفنامە دا نی یە ، بەڵکە لە پاشەکی یدا یە . ئەوجا بەلای منەوە ، ئەو گەواهی یە تۆمارکراوانەی مامۆستا هەژار سەرچاوەیەکی باوەڕپێ کراون هەتا ئەوکاتەی ئەو مامۆستا (بە ستەزمانە !) گوناهبارکراوانە بەبەڵگەی ڕوون و ڕاست و ڕازیکەرەوە ئەو بوختانانە هەڵدەوە شێننەوە .

(**) ١ ـ ئەوەتای من لە بزووتنەوەی کورد ایەتی دا چاوم هەڵهێناوە ، بیستوومە کە (دوکتۆر مورادە ڕەزم ئاوەر) کاربەدەستێکی دەستگای جاسوسی ی شوورەوی یە .

٢ ـ من تەنها پشتم بەو ڕاپۆرتەی عەلی قازی و بیستنەکانی خۆم نەبەستووە ، بەڵکە بەو بەڵگانەش پشت ئەستوور بووم کە کاك فازڵ لە لاپەڕە ٣٥٢ ی کارنامەکەی دا پێش چاوی خستووین . کاك فازڵ ئاوها دەنووسێت : (هەرچەندە ئاشکرا ـ کردنی جموجۆڵەکانی دەستگای جاسوسی ی شوورەوی ی لە چاورچێوەی ئەم کارەی ئێمە دا جێ ی نابێتەوە ، لەگەڵ ئەوە شدا پێش چاوخستنی هەندێك ڕووداوی زەقی ئەو پەلەقاژە نەهێنی یانە بێ سوود نابێت . . . . .) .

ئەوجا دوونموونەمان بۆ دەهێنیتەوە ، یەکێکیان (عەلی گەلاوێژ) ە کە دەنووسێت

ـ لەوەش بگەڕێتەوە کاك کوردۆ لە چەند شوێنێك دا پشت بە نوسینێکی نەناسراو دەبەستێت کە خۆی ناوی دەهات بە کتێبێکی بێ ناونیشان (*) (کوردۆ.ل ۹۸) ئەگەر دەزانێت سەر و بنی ئەو کتێبە چی یە و کێ نووسیویەتی دەبوو ئاشکرای بکات. ئەگینا نووسینێکی بێ ناونیشان لەرووی زانستی یەوە بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نادرێتە قەڵەم .

٢ـ گەیی یەکی دۆستانە !

کاك کوردۆ لە بە شی زۆری نوسینەکەی دا بە شێوەیەکی زانستی یانە بە کارنامەکەدا چوتەوە و بیر و ڕای خۆی دەربڕیوە . بەڵام لە هەندێ

← (خۆی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن دا " مەبەستی دان پێدانان و پاکانە بێ تاوانەکانی سەرکردەکانی تودەیە لە تەلەفزیۆنی ئێران دا " دانی بەوەدا نا کە خۆی و هەندێکی دیکە بەکرێگیراوی دەستگای جاسووسی ی شووڕەوی بوون) . ئەوی دیکەیان (دوکتۆر موراد عەزیز) ە ، باسی ئەو ئەرکە نهێنی یە گرنگانە دەکات کە لە لایەن شووڕەوییەوە بێ ی سپێردراوە . باشە ئەم کابرایە کە هیچ کات بەرە سمی ی تودەیی نەبووە ، دەبێت چ بوو بێت وا سۆفیەت هێندە متمانەی پێ کردبێت و ئەو ئەرکە مەزنانەی پێ سپاردبێت ؟ تا لەو ڕێگەیە دا سەریشی تێدا چوو .
وا پێ دەچێت کاك فازڵ لە یادی کردبێت کە خۆی مە سەلەیەکی وای نووسیوە بۆیە ئەو زانیاریەی من پێش چاوی خوێنەرم خستووە ، بە (بەڵگەیەکی بێ هێز) و ئامانجە سیاسی یەکانیشم بە (ڕۆشن) لە قەڵەم دەدات !

. . . . . .

(*) ١ـ جارێ من بە هیچ جۆرێك باسی (کتێب) م نەکردووە . بەڵکە گوتوومە (نووسینێك) . ئەویش نووسینێکی چاپکراوی شێزدەلا پەرەیی فولسکاپە کە کۆنە جەلالی یەك دەربارەی دووبەرەکی ریزەکانی پارت نووسیویە و دۆستێکم بۆی ناردووم و نووسیویە تکایە تەنها بۆ سوود لێ وەرگرتنی خۆتە .

شـــوێنی تردا بیر و ڕای ســیاســی (وەرەنگە حیزبی ی) خۆی تێکەڵ کرد ووە و(*) بە شـــێوەیەکی ڕەق و بێ ئەمان هێرش دەباتە ســەر هەندێك ســەرکـــــردەو خەبات کەری کورد . لە نو سینەکەی کاك کوردۆ و دا مامۆستا ابراهیم احمـــــــد نابوت بوە (ل ١٠٦) . مامۆستا محمد محمود عبد الرحمن (سامی) دۆستی(**) اشر بن ناتانە و لە ئیســرائیل بوە (ل ١٠٦) . مامۆستا کەریم ئەحمـــــەد خرەی ئاجیل و زرەی تەمن لە گیرفانی دێت (***) (ل ١٠١) . بارزانـــــی ساڵی ١٩٧٥ ئازایەتی ساڵی لەمەوبەری نەمابوو (ل ١١١) . ئەم جـــــــوڕە ســـوك کردنەی هەندێ ســەرکردەی سیاسی کورد ، لە سنوری لێکۆڵینەوەی زانستی دەردەچن و نرخی نو سینەکەی کاك کوردۆ کەم دەکەنەوە .

← ٢ــ کە چاوێکەوتن و ڕاوەرگرتنی چەندین کەسانی شارەزا وەو نادیارو نە ناســراو بۆ کارنامەی دوکتۆرایەك لە ڕووی زانستی یەوە بە سەرچاوەیەکـــــی باوەڕ پێ کراو لە قەڵەم بدرێت ، ئەوا ســەرچاوەیەکی بێ نیو بۆ نوو ســـــینێکی ڕەشـــۆکی وەك ئەمەی من نابێتە عەیبەیەکی ئەوتۆ .

(*) کاکە فازڵ چاکی بۆ چووە . من لە هیچ نوو سینێکم دا بیر و ڕای سیاسی خۆم فەرامۆش ناکەم و تەنها لەو پێناوەش دا دەنووسم . من لە کڵاورۆژنەی بەرژەوەندی ی کوردەوە لە بوون و ژیان دەروانم . بۆیە گشت پێشهاتێك بەو کێشانەیە پێوانـــــە دەکەم . من زۆر بە خۆ دەنازم و شانازی بەوەوە دەکەم کە هەڵگری بیری نەتەوەییم و نەتەوەکەی خۆمم تا ســـەر مۆخ و ئیســـقانم خۆش دەوێت . نەتەوەیی یەکم کە لـــــە دەلاقەی برین و زامی کوردەوە شـــریخە و چەخماخەی ئازار و ژانی گشت میللەتێکـــی زۆر لێ کراو و ماف پێ شێل کراوی هاودەردم دەبینم . هەر ئەو باوەڕە شەکردووەی یە دەرۆێشی ڕاستی وچ بەڕاست بزانم دەیڵێم و چ باکێکم لە لۆمە و گازندەی کەسیش نی یە .

جگە لەوە کاك فازڵ خۆی لەم پاشکۆیەدا لە لاپەڕە ١٥٣ دا ئەوەی کردوتە یاسایەکی گشـــتی و دەڵێت (چ سەرچاوەیەك ، چ کتێب و وتار نو سێك هەوڵ نادات بەپێ ی

←

هەر لە سەرۆکی خوالێ خۆش‌بوو بارزانی یەوە تا ئەوانی تر ، لێ پرسراوی هەندێ هەڵەی سیاسی گەورەن کە هەقە شی بکرێنەوە و رە خنە شیان لێ بگیرێت. بەڵام دەبێت دەوری ئەو سەرکردانە بە تەرازوویەکی عادلانە بکێشین . کارەکانیان وەکو هەڵەی سیاسی تێ بگەین نەک وەکو خیانەت و خۆفرۆشی ، وە هەرگیز بە شکان و نابووتیان خۆش‌نەبین . هەریەکێك لەو زاتانە (بەرادە و شێوەیەکی جیا) عومرێکیان لە خزمەتی ئەم گەلە دا بە سەر بردووە . هەندێکیان رەمزی بزووتنەوە و بوونی گەلەکەمان بوون ، وە بە پێوانەی زروف و دەوری خۆیان لە کەڵە سەرکردەی وڵاتانی ترکەمیان نی یە . سوك کردنیان ناهومێدی و بێ باوەری بڵاودەکاتەوە . ئەگەر وا بێ رەحمانە حوکم بە سەر ئەوکەسانە دا بدەین ئایا بە هەمان پێوانە (پەیوەندی بە دەرەوە ، پشت بەستن بە دەرەوە ، نوقسوم بوون لە تاکتیك دا ، ناکۆکی ناوخۆ و خۆخۆیی .....) ناتوانرێت میژووی سەرکردە ناودارەکانی کۆنیشمان (وەك شێخ عبیدالله و قازی محمد و شێخ محمود) رەش بکرێتەوە ؟

← بۆ چوونی خۆی بنووسێت ؟) . کەواتە منیش ئەو مافەم دەکەوێت و کارێکی ناشەرعیم نەکردووە .

بەڵام کاك فازڵ لەوەدا زۆر بە هەڵە دا چووە کە نووسیویە رەنگە بیر و رای حیزبی خۆی تێکەڵ کردبێت . ئەگەر بەڵای منەوە نەیکردایەتە پاکانە نووسین ئەوا دەتوانی بە بەڵگەوە بۆی روون بکەمەوە کە گومانەکەی چەندە بێ بنچینەیە . ئەوانەی دەمناسن دەزانن ئەم حوکمە چەندە ناڕەوا و دوور لەڕاستی یە . حیزب بەڵای منەوە هەمیشە ئامراز بووە نەك ئامانج . ئەوانەی ئەو هەڵەیە دەکەن وجێ گۆڕکێ بە ئامراز و ئامانج دەکەن ئومێدی هیچ خزمەتێکیان لێ ناکرێت . زەلیلترین کە سانێکیش ئەوانەن کە لە قاوغ بۆشی خۆیان (دەبنە ئەشکەوت و تەنها دەنگی حیزبەکەیان دەدەنەوە) ! جگەلەوە ، من دەتوانم لەو شاکارەی کاك فازڵ دا دەیان بەڵگە پێش چاوخەم کە نەك بیر و رای سیاسی ، بەڵکە سوزێکی پەتی جڵەوکێشی خەیاڵی بووە .

←

ڕەفتار و سیاسەتی سەرکردەکانی کورد هەر لەکۆنەوە تا ئێستا لەو بارە دژوار و سەختەی کوردی بە دبەخت جیاناکرێتەوە . کە لە گێژاوی سەختی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا خەریکی پەلەکوتێی مان و نەمانێتی . بێ ئەوەی پاکانە بۆ کەس بکەین دەبێت بیسەلمێنین کە بە شێك لە هۆکانی ئەو هەلە کوشندانە خۆی لەخۆی دا لەو بارە دژوارە دایە کە کوردی دابەش کراوی تێدایە .

دوا وتـــــــە :

جارێکی تریش سوپاسی کاکی بەڕێز کورد وعەلی دەکەم ، کە بە سنگێکی فراوانەوە ئەم سەرنجانە لە پاشکۆی نوسینەکەی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە ، ئەگەر چی ڕەنگە لەگەڵ بۆچوونی خۆی دا یەك نەبن .

فاضل ملا محمود رسول

٢٣/ ١٠/ ١٩٨٦

قیە ننـــــا

ـــــــ ئەگەر چار شێو لابردن لە سەر هەندێك هەلوێست و هەلە سوکایەتی بە سەرشانی کە سێك دا بێنێت ، ئەوا تاوانی ڕاستی بێژنی یە ، بەڵکە تاوانی خاوەن هەلوێستە هەلەکەیە . میژووش ئەوەیە کە ڕووی داوە ، ئەوەنی یە کە ئێمە تاوانە خوازین ڕووی بدایە .

(زۆر بە داخەوە ئەمە باسێکی هێجگار بەرفراوان و بەتام و چێژە و ناتوانم لەم پەراوێزەدا جێی بکەمەوە . دیارە باری سەرنجی من وکاك فازڵ لە زۆر لایەنەوە تەواو لێك جودا وازن . ئەگەر کرا لە فرسەتێکی دیکە دا دەبینەوە سەر ئەم باسە) .

(**) ووشەی دۆستم بەکار نەهێناوە .

(***) من کردارێ رابوردووم بەکار هێناوە .

KURDO ALI

Die kurdische Nationalbewegung

und

die Sowjetunion

Eine kritische Betrachtung und

Bewertung der Dissertation von

(FADIL RASUL)

Salzburg

1986